نووسەری کورد 2007

# جێ پێ

## کۆ چیرۆک

**وەرگێڕانی**

**حەمە کەریم عارف**

2006

PDF4Kurd






*2007-12-04*

# جێ پێ

**وەرگێڕانی حەمە کەریم عارف**
**بابەت: چیرۆك**
**تاپو نەخشەسازیو بەرگ: جەبار سابیر**
**چاپ: یەکەم** 2006
**چاپخانەی: ئاراپخا کەرکوك**
**سەرپەرشتیاری چاپ: حەمە سەعید زەنگنە**
**لەبڵاوکراوەکانی یەکێتی نوسەرانی کوردلقی کەرکوك**
**زنجیرە()**



**سادقی چوبەك**

1998 -1916

# پیاوێك له قەفەزدا

## سادقی چوبەك

سەید حەسەن خان بەدەم خەوەوە گینگڵێکی داو کەوتە سەر تەنیشت، تا هات بێدار بێتەوە و رەنج و مەینەتی ژیانی تەنیایی خۆی وەبیر بێنێتەوە، دیسان خەو بردییەوە. بەڵام ئەم خەوە زۆر سووك بوو. لە حاڵی نێوان خەوو بێداریدا دوو دڵ مابوو کە ئایا بەر لە ئێستەش زیندوبووە و لەم دنیایەدا بووە یان نا. لەناو ئەو بێهۆشییە شیرینەی خۆیدا دەگەڕا بەڵکو





شتێکی لە زیندوبوونی خۆی بەیادبێتەوە" بەڵام چ شتێکی دەستگیر نەبوو و ئەو کاردانەوە پڕ بێزارییەی لەبێداریدا دەرهەق بەژیان هەیبوو، ئەوی خستە گومانەوە.

هیچی لە عومری رابردووی خۆی لە بیرنەمابوو. بۆ ساتێك وای بە هزرا هات کە بەهەست و سادەیی منالێکەوە لە دنیایەکی دیدا کە خەون و خەیاڵ و فەرامۆشی سەرانسەری گرتووە، لە داوێنی دایك بەربۆتەوەو یادگارێن نیو سەدەی ژیانی بچڕ بچڕ و کاڵەوەبووی کە لە هیچەوە دەستی پێکردووەو بەهیچ کۆتایی دێت لەو بێدەنگی یەدا فەوت و فەنا بووبوو.

لیٚ لەگەڵ هەموو ئەمانەدا لەوکاتدا حاڵەتێکی هەبوو کە لە خەوو بێهۆشی روناك تر بوو، پتر لە بێداری و هۆشیاری پڕسوێیەوە نزیکتر بوو. بەتەقەلایەکی بایتینی یەوە هەوڵی دەدا بەڵکو هەقیقەتی تاڵی ئەو حاڵەتە لەبەین بەریٚ و ئەو داوەی کە ئەوی بەژیان و بێداری یەوە بەستبوو ، بپچڕیٚ و زیندووبوونی خۆی لەیاد ببات. بەڵام ئەم هەوڵەی دوایی بووە هۆی ئەوەی کە بەتەواوی بێداربێتەوەو دڵنیا بیٚ کە تازە لەدایك نەبووە بەڵکو نیو سەدە بەر لە ئێستا لە لاهور هاتۆتە دنیاوەو ئەزیەتی دیتوە و لاقی چەپیان لە ژوور زرانییەوە بڕیوەتەوەو سودابەی لەدەست دابوو، ئێستا لەم دنیایەدا چ کەسێکی نییە جگە لە سەگێك و کارەکەرێك، دوور لەخەڵکی لە کۆنە ماڵەکەی بابیدا خۆی زندە بەگۆڕ کردووەو مەحکومە کە بژی. بۆیە کە لە زیندووبونی خۆی دڵنیا بوو زویر بوو، ژیان دووبارە سەرو دڵی

گرت و حەییرما کە هێشتا زیندووە.

بەچاوانی نوقاوەوە تاریك و روونی بەیانی لە دەرگاو پەنجەرەکەوە هەست پێدەکرد و لەپشت پێڵووانی نوقاوەوە تیشکی لاساری سپێدەی دەبینی" لیٚ نەیدەویست چاوانی بکاتەوە. بەدیتنی دەرگاو دیواری ژوورەکەی هەستی بە جۆرە ترس و ڕەوینەوەیەك لە خۆیدا دەکرد. بێزارو دڵقرێژ بوو لە دووبارە روو بەروو بوونەوەی ژینکەی خۆی. دیسان ئەو بوو و هەمان هۆدەییێن یەك لە نێویەکی پەردە کەوتووی تۆز گرتوو کە فڕندە باڵی تێدا لەیەك نەدەدا. دیسان ئەو و کۆمەڵێك کۆنە کەل و پەلی ناو ماڵ کە سالاٚنی ساڵ بوو تۆزیان لە سەر نیشتبوو، کەسێك نەبوو بیانتەکێنیٚ و ئەم جیٚ و جێیان بکات.

لەدنیادا یەك دڵخۆشی هەبوو ئەویش راسو بوو. راسو ئاسوودەیی بەهزری دەدا. راسو. شەوان لای تەختەکەی ئەوەوەو لەسەر دۆشەکەکەی خۆی کپ و بێدەنگ و بیٚ پڕخە پڕخ وەکو هێلکە شەیتانۆکە خۆی لوول دەکردو دەخەوت. بوونی بوونەوەرێکی دیکە لە ژوورەکەیدا کە بە هیچ کلۆجیٚ ئیرادی لیٚ نەدەگرت و خۆی لە کارەکانی ئەو هەڵنەدەقورتان باعیسی دڵگەرمی و ئاسوودەیی هزرو بیری بوو.

کەواتە یەکەم لەبەر راسو و دووەم بەئۆمێدو دڵخۆشی تلیاك چاوانی هەڵهێنان.

سەید حەسەن خان پاش مەرگی سودابەی ژنی – کە هەموو ماوەی هاوسەرێتیان لە سیٚ مانگ پتری نەخایاندبوو –





پەیوەندی خۆی لەگەڵ هەموو شتێکدا بڕی بوو، دووبارە وەکو هەوڵجار بە تاقی تەنیا لە کۆنە ماڵەکەی باب و باپیرانیدا لەگەڵ کۆمەڵێك تفاقی نێو ماڵی میراتی وەکو بادەیێن چینی و لالەو سوراحی بلورینی نەمساوی و مۆمدان و چۆلە چرای زیوکفتی نەخشێندا و تەزبیحی شامەقسودی و کەشکۆڵ و یوسرو مەرجان و عەلی مردای و هەموو جۆرە دارێکی وافورێن دارکهوری لەکاغزگیراو – وەکو میکرۆبێك کە ژینگەیەکی لە باری بەدەست هێنابیٚ – بۆخۆی لە نێو ئەوانەدا لوولی دەخواردو هەبوو. نەجاریٚ بیری لە فرۆشتنی ئەو هەموو تفاقە دەکردەوەو نەپێویستی پێیان بوو، نە جارێك تاقەتی دەبوو سەرێکیان بدا. لەنێو ئەو هەموو تفاقەدا تەنیا یەك قەڵەمبڕی دوازدەدەم هەبوو کە سی ساڵ بەر لە ئێستا لە (ئاگرە) لەسەر مێزی هاوڕییەکی گیانی بەگیانی هیندی خۆی دزی بووی. ئەم قەڵەمبڕەی هەم خۆش دەویست و هەم زۆری ڕق لیٚ بوو. خۆیشی نەیدەزانی بۆچی دزی بووی" رەنگە هەر بۆ ئەوە بووبیٚ کە بەدزییەوە کارێك ئەنجام بدات. بەهەر حاڵ ئەوەی روویدابوو ئەمەبوو کە ئەو بیٚ ئەوەی هاوڕێکەی بیدینیٚ چاوی تیٚ بڕی بوو، قەڵەمبڕەکەی لەسەر مێزەکە قاپاندبوو لە گیرفانی خۆی نابوو، هەر هەموو ئەو ماوەیەی کە لەو شەوەدا پێکەوە چووبوونە گەڕان دەستی لە گیرفانی دەرنەهێنابوو" بەڕادەیەك قەڵەمبڕەکەی لە دەستی خۆیدا گوشی بوو، کە قامکەکانی ئارەقەیان کردبوەوە و ماندو بووبوون. پاش سی ساڵ هێشتاش

ئەو قەڵەمبڕە لەژێر ئەو دۆشەکەڵەیەدا کە لەسەری دادەنیشت و تلیاکی دەکێشا دەبینرا. هەرکاتێ بیری دەکەوتەوە هەڵی دەگرت و زۆر بەسەرسامی و بێگانەیی، وەکو ئەوەی هەرگیز نەی دیتبێ، لە چاوانی دەبردە پێشێ و لەپشت عەینەکە هێلکەییەکەیەوە تەمەشای دەکرد و بە سەبرو حەوسەڵەو عینادی یەوە قەیچی و هەڕە و بڕبەنگ و کەوچکەکەی و چەتاڵەکەی و گوێ پاك کەرەوەکەی و دەمە بریقەدارو تیژەکانی یەك یەك دەکردەوە و بە جۆرەکینە و ڕقێکی کۆنەوە دوو بارە دای دەخستنەوە و لەژێر دۆشەکەکە تەقەتی دەکرد. زۆربەی کات کە بەنینۆك دەمە بریقەدارەکانی تاقی دەکردەوە، بەسەریدا دەهات کە بیفەوتێنێ و چیتر نەیبینێ چونکە بەدیتنی نارەحەتی و ترسێکی لێ دەنیشت کە ئازاریان دەدا و روحیان دەخوارد. پاش ئەوەی بیری لەوە دەکردەوە کە فڕێی بداتە ناو حەوزەکەوە یان بیخاتە ئاودەستەوە یا بیخاتە جۆگاکەوە، دووبارە هەموو دەمەکانی دادەخستەوە و بە دزییەوە دەیڕوانییە دەوروبەری خۆی و لە جێیەکەی خۆی دایدەنایەوە.

هاوسێکان وایان دەزانی کە سەید حەسەن خان شەو و رۆژ لە ماڵەکەی خۆیدا خەریکی عیبادەت و نوێژ و رۆژووە بۆ سودابەی جوانەمەرگی هاوسەری. چونکە گوایە جارێك یەکێ لەوانە لە دادە یاسەمەن-ی کارەکەری سەید حەسەن خانی پرسی بوو، ئەویش لەڕقانا وەڵامی دابووەوە: (بەڵێ سەید حەسەن خان لەوەتەی ژنەکەی مردووە بەردەوام لە ماڵەوە





خەریکی نوێژ و رۆژووە بۆ ژنەکەی.) ئیدی لەو رۆژەوە لە گەڕەکدا هێندەیان شاخ و باڵ لەم قسەیە نابوو کە سەید حەسەن خان لەبەر چاوی خەڵکی گەڕەك بوو بوو بە ئیمامزادە. بێوەژنان و قەیرەکیژان بەغیلیان بە ئەمەکداری ئەو دەبرد و خۆزیان دەخواست کە بیبینن. بەڵام سەید حەسەن خان بۆ جارێك پێی لە ماڵ دێنایە دەرێ؟

بە پێچەوانەی قسەی دادە یاسەمەن – وە سەید حەسەن خان لە ماڵی خۆیدا هەرگیز خەریکی نوێژ و رۆژوو نەبوو. بەڵکو بە پێچەوانەوە ئەو سۆفییەکی سست باوەڕو بێ ئیمان بوو. کە رقی زۆری لەو شتانە بوو. ئەم بنیادەمە لە دنیاو مرۆڤانی دنیاو مەزەبانی دنیا تۆرابوو پەنای وەبەر چواردیواری ماڵەکەی خۆی بردبوو. لەو رۆژەوە کە سودابە مردبوو، لێبڕابوو کە دەستبەرداری هەموو پێوەندی و ئارەزووەکانی خۆی بێ و خوو نەداتە هیچ شتێك و هۆگری چ شتێك نەبێ.

هەربۆیە کە هیشتا هەفتەی ژنەکەی نەچوو بوو کەناری یە هۆڵەندییە جوانەکانی کە هەر یەکێکیانی بەخوێنی جگەر پەیداکردبوو، و جووجکی لێ گرتبوونەوە، لە قەفەز ئازادکرد.

ئەم رۆژەش لە بیرەوەری ژیانی ئەودا غەمگین و زندوو بوو.

کاتێ یەك یەك فڕاندنی دڵی گوشراو گریان بینی گرت.

لێوی دەگوشین و هەوڵی دەدا گریانەکەی بخواتەوە. کە سودابەی بیردەکەوتەوە چەندی خۆش دەویستن گڕ بەر دەبووە دڵی. بەڵام کەنارییەکان چونکە لە هەوەڵەوە لە گەڵ قەفەزدا

راهاتبوون و فێرنەبوون بە ئازادی بفڕن، بە چەند بازێك خۆیان گەیاندە سەر گیایە وشكەكانی پەرژینی باخەكەو بەسەرسامی و ترسەوە سەریان بەم لاو بەولادا دەسوڕاندو جیكەجیكیان دەكرد.سەید حەسەن خان بەزەیی بە ئاوارەیی و دەربەدەرییان هاتەوە و لە كارەكەی خۆی ژێوان بووەوە. حەزی دەكرد گەر بكرابوایە بیانگێڕێتەوە بۆ ناو قەفەزەكە بانگی كردن، بەڵام ئەوان بە هەمان دەقەوە بە نابەڵەدی لەسەر پەرژینی باخەكە نیشتبوونەوە، سەریان لە ژینگەی نا ئاشنای خۆیان سوڕ مابوو. سەید حەسەن هەستی دەكرد كە هێشتا لە چوارچێوە و قەڵەمڕەوی خۆشەویستی و مەحەبەتی ئەودان. بەڵام لە خۆشەویستی دووبارەی خۆی ناڕەحەت بوو و دارەشەقەكەی لیّ ڕاوە شاندن و كشەی لێكردن.

كەنارییەكان بەترسەوە هەریەكەیان بۆ گۆشەیەك فڕی. بەفڕینیان دڵی ئارام بوو. چونكە ئیدی نەمابوون تا خەفەتیان بۆ بخوات. تەنیا قەفەزە بەتاڵەكانیان مابوو كە بەقولابەوە هەڵواسرابوون و وەكو جەستەی مردووانی لە قەنارە درواى تازە گیان دەرچوو تەكانی دەدا. ئەو رۆژگارە سەید حەسەن خان گەنج بوو و لەمێژ نەبوو كە بەلاقی بڕاوەوە لە هیندوستان گەڕابووەوە.

بەڵام راسو، دێڵە سەگێك بوو لە توخمی(سەتر)ی هۆڵەندی كە دوو ساڵ بەر لەمە، كاتیّ هێشتا چاوانی نەتروكا بوون، خۆبەخۆ داخڵی ژیانی ئەو بووبوو. سەید حەسەن خان كە تا





ئەو رۆژە هەوڵی دا بوو كە لە هۆگری و پەیوەندی خۆی كەم بكاتەوە-نەك زیادی بكات-كاتیّ راسوی لە كونی ئاوەڕۆی باخەكەدا بە چاو نەترووكاوی و نووزەنووزەوە بینی كە سەری لەرزۆكی بەم لاو بەولادا دەبرد و لمۆزی تەڕی بەعاردی دا دەسوو، نەیتوانی فەرامۆشی بكات و تێپەڕیّ.

لەو رۆژە بەدواوە بەدەستی خۆی شیری داییّ و پێی وابوو كە كەمێك خۆی بگریّ ئیدی دەتوانی لە كۆڵی خۆی بكاتەوە. بەڵام بەرە بەرە كار گەییە جێیەك كەنەك هەر دەری نەكرد. بەڵكو بەجۆریّ خوی پێوەگرت و هۆگری بوو كە پێی ئەستەم بوو لێی جیابێتەوە. بۆیە لە ماڵەوە رایگرت.

راسو وەكو كەناری نەبوو كە كاتیّ ئاو و دانی دەدانیّ بەبیّ ماناو گەوجانە بەدەوری خۆیاندا بسووڕێنەوەو نمەك حەرامانە پەڕو باڵی خۆیان لە فینجانەكەدا بشۆن و مرۆڤ تووڕە بكەن و فڕكە فڕك بەم لاو بەولادا بكەن و ئاو بەرە و ئەو بپرژێنن. راسو هەر هەڵسوكەوتێكی دەكرد مانادار و دڵگیربوو. راسو لە مرۆڤێك باشتر هەستی بەرەنج و شادی و ترس دەكرد. بەرانبەر بە پێشهات و رووداوەكان بیّ موبالات و خەمسارد بوو. هیچ كاتێك وەكو مرۆڤان كاردانەوەی نەدەنواند. ئەتوارو رەفتاری بنیادەمانی نەبوو.خۆی بوو. سەگ بوو. ئەگەر جاریّ سەید حەسەن خان لێی توڕەبوایە و لەخۆی دووری بخستایەوە، پاشان ژێوان دەبوەوە و نازی دەكێشا. ئەویش بیّ گلەیی و نازونووز دەچووە لای و دەستی دەلستەوە و مەرایی دەكرد.

ئیدی خەیاڵی لە کۆڵ کردنەوەی راسو بۆ ئەو لە هەموو شتیٚ ناخۆشتر بوو. چونکە وەکو چۆن ئالوودەی تلیاك بووبوو، ئاواش خووی بە راسووە گرتبوو. تاقە سەرچاوەی دڵخۆشی سەید حەسەن خان هەر ئەو بوو.

راسو هاوبەشی تەنیایی و خەمی ئەو بوو. رۆژ دەبووەوە کە سەید حەسەن خان کاتیٚ سەرگەرمی ئامادەکردنی تلیاك دەبوو، یان عارەقی دەکردە خەمری یەوە، یان سیغاری رەشتی دەپێچایەوە، دەردە دڵی بۆ راسو دەکرد و سەر بوری ژیانی پڕ مەینەتی خۆی کە بۆ چ کەسێکی نەگێڕابووەوە، بە ئاوو تاوێکی تایبەتی یەوە بۆ ئەو دەگێڕایەوە. راسوش چاوانی رەشی وەکو چاوی ئاسکی دەبڕییە دەموچاوی ئەو و هەرچی نیرو و هێزی پەنهانی خۆی هەیە بەکاری دەبرد تا خۆی بەشەریکی تەنیایی و خەمی ئەو نیشان بدات. ئەو جووتە بووبوون بەدۆستی یەکدی.

چەند جارێك چاوانی ترووکاند. رووناکییەکی کاڵ لەپشت شووشە رەنگاو رەنگەکانی دەرگاکەوە دابووی لە ژوورەوە، ئالکاوی چاوانی بوو. دیسانەوە بەگرژی و بێتاقەتی چەند جارێکی دی چاوانی ترووکاندو ئەنجام بڕینییە میچەکەو لەسەر وێنەی گوڵ ئەندام بۆ ساتێك بەماتی روانییە ئەو وێنەیە.

پاشان دووبارە روانییە دیوارەکەی بەرانبەری خۆی.

بەڵام لە سەر دیوارەکەش بۆ ساتێك وێنەی گوڵەندام–بەهەمان شێوە کە لە میچەکەدا وێنەکێشرابوو لیٚ کاڵتر–لە بەردەمیا





بەرجەستەبوو. چەند جارێکی دی چاوانی خۆی نووقاندن و کردنی یەوە. وێنەکە رۆیی بوو" تەنیا چوارچێوە ڕەشەکەی لەزەین و هزریدا دەجوولاٚ.

دیسان روانییە وێنەی بن میچەکە. بۆ تاقیکردنەوە خێراو بە دزییەوە و منالاٚنە چاوانی بڕییە دیوارەکە. بەلاٚم دیسان وێنەکەی گوڵەندام لە دیوارەکە کەوتبوو. دەیڕوانییە هەر شوێنێکی دیوارەکە، وێنەکەش دەچووە ئەو شوێنە. تا بەرە بەرە یەکەم خودی گوڵەندام و پاشان چوارچێوەی وێنەکە لەبەر چاوی سڕایەوە.

کە نیگای کەوتە سەر سەعاتی قەد دیواری شانشینەکە، وێنەکەی گوڵەندامی فەرامۆش کرد. چواردە ساڵ بوو کەس ئەم سەعاتەی کۆك نەکردبوو. لە هەموو ئەم ماوەیەدا میللەکانی لەسەر چوارو سیٚ دقیقە وەستا بوون. وەك ئەوەی بە درێژایی ئەم چواردە ساڵە ژیانی ئەو لە جێی خۆی وەستابوویٚ و جوڵەی نەکرد بیٚ. چواردە ساڵی تەواو ژیانی پڕ مەینەت و یەکنەوای ئەو لەسەر سەعات چوارو سیٚ دەقیقە مابووەوە.

ئەم چوارو سیٚ دەقیقەیە کە شایەتی عومرێك لە ژیانی تاریك و پڕ خەمی ئەو بوو لە جێی خۆی نەدە جولاٚ و نەدە جولاٚ.

عادەتی وابوو هەر بەیانییەك کە لە خەو ڕادە بوو لەنێوان هەموو نەخش و نیگارەکانی بن میچەکەدا بڕوانێتە وێنەکەی گوڵەندام و پاشان رووەو دیوارە سپییەکەی وێنەکە نیگای وەرگێڕیٚ و رۆژانە ئەم گەمەیە دووبارە بکاتەوە.

گوڵەندام بە بن میچەکەوە، کیژێکی لەچك بە سەری نەرم و نۆڵی لێو قرمزی بوو کە کراسێکی ئەتڵەس و تەنوورەیەکی کورتی سپی فشی لەبەر بوو، مانگایەکی مۆنی لەخۆی گەورەتری، کە زمانی لەلایەکی دەمییەوە هاتبوە دەرێ، دابوو بە شانیداو لەسەر دوا پلیکانەی تەلارێك وەستا بوو و بەچاوانی بێ حاڵی دەیڕوانییە بەردەم. لەپشت گوڵەندام – وە، وێڕای ئەوەی لەهەردوو لایەوە پەردەیەکی مەخمەڵی شەرابی بەگێز و گوڵینگەی قەلایی هەڵوا سرابوو، چیایەکیش لەوێندەر قوت بوو بووەوە کە لەپشت ئەوەوە لەسەر چیایەکی دی سەروکەللەی راوچی یەك بە سمێڵی بابڕو زوڵفی کلکە سۆنە ئاساو چاوانی درشتی بێ بژۆلەوە پەیدابوو کە وێستابوو، قامکی تەپاند بووە نێو زارییەوە. ئەم راوچییەی کە لەپشت چیایەکەوە وێستابوو لە خودی گوڵەندام و تەنانەت لە مانگاکەشی گەورەتر بوو، زۆر بەوردی دەموچاوی وێنەکێشرابوو. قامچییەك و شێرێك و دوو کارمامزو کەروێشکێك، بە تێکەڵ و پێکەڵی لە تەنیشت راوچییەکەوەبوون کە لەبەر تەنگەبەری جێگەکە کەروێشکەکە لەژێر دەست و پێی شێرەکە نووستبوو، هەڵبەتە یارۆی ڕاوچی گوێی نەدەدانێ.

ئەمڕۆش سەید حەسەن خان وەکو هەموو رۆژێك لە وێنەکەی گوڵەندام ڕاما و وەکو هەمیشە بە دەست لێنەدراوی بینی. وردە وردە تەماشای وێنەیێن شکاری مراوی لە ئاوا و مەلیکەی چین و دەریاچە و کەشتی و خەیام و ماشوقەی شەراب بە دەست و





حەزرەتی ئیسماعیل و مەڕی قوربانی و زوهاك و مارەکانی سەرشانی و شێخی سەنعان و کچۆڵەی گاور و وێنەی لاوێکی قۆز کە گوڵەباخی پێشکەش بە دەنکەکەی دەکرد.

هەر یەکێك لەوانە بیرەوەرییەکی لەلای هەبوو" بەڵام وێنەی گوڵەندام شتێکی دی بوو.

سودابە هیچ یەکێك لەوانەی بەقەد وێنەکەی گوڵەندام خۆشنەدەویست. کاتێ کە زندوو بوو، بەیانیان کە لەهەمان ژوورا بێدار دەبوونەوە، سودابە سەبارەت بەیەك بەیەکی نەخش و نیگارەکان پرسیاری لێدەکرد و پێکەوە پێدەکەنین و شۆخییان دەکرد. بەڵام سودابە کە هەر سێزدە ساڵان دەبوو، زۆری حەز لە چیرۆکی گوڵەندام دەکرد و هەر رۆژەی شتێکی تازەی سەبارەت بەو لەمێردەکەی دەپرسی.

-((ئەگەر منیش هەموو رۆژێك گوێرەکەیەك بخەمە سەر شانم و لە قاڵدەرمەکانەوە بۆ سەربان سەربکەوم، پاشان کە گوێرەکەکە بوو بە مانگا دەتوانم هەڵیگرم؟ چۆنە ئەو شێرە هەقی بەسەر کەروێشکەکە و کارمامزەکانەوە نییە؟ ئەو پیاوە مەگەر تفەنگی لە شان نییە، چۆنە ئەو شێرە ناکوژێت؟ ئەو کارمامزانە دایك و باوکیان نییە؟))

سەید حەسەن خان هەندێ جار نەیدەتوانی وەڵامی بداتەوە، بۆیە ئاوڕی دەدایەوە، لە دەموچاوی مناڵکارانەی ژنەکەی رادەماو پاشان پێدەکەنی و چاڵی ڕوومەتی ماچ دەکرد.

ئێستاش بەیادی رابردوو دەیڕوانییە وێنەکەی گوڵەندام و

ژیانی رابردوویی خۆی لەبەر چاو بەرجەستە دەبوو. لەبەر خۆیەوە خەیاڵی کردەوە

-(سودابە چەنێ تەماشای ئەم رەسمانەی کرد نەیتوانی یەك تۆزقاڵ لە نیگای خۆی بۆ سێبووری دڵی من لەوێ بەجێ بێڵێ. نهۆ ئەو بووە بە خۆڵ و ئەمانە بەدەقی خۆیانەوە لە شوێنی خۆیانن. هەی تف لەم دنیایە.)

ئەم خەیاڵە نوکی کەپووی توزانەوە. بەئەسپایی و بەپارێزێکی باوکانەوە، وەك ئەوەی بیەوێ نازی سودابە بکێشێت یان لە خەو بێداری بکاتەوە چپەچپێکی کرد.

-(راسو گیان بێداری؟)

راسو ماوەیەك بەر لەو بێدار بوو. ئەویش لەسەر دۆشەکەڵەکەی خۆی لەخوار پێی ئەوەوە لەناو ژوورەکە خۆی لوول کردبوو و نیوەی ژێرملە سپییەکەی هێنابووە دەرێ و خۆی کردبووە خەو، بوونی سەید حەسەن خان لەناو ژوورەکە بۆ راسو مایەی ئاسوودەیی و ئارامی بوو. ئەو زۆر باش دەیزانی کە بوونەوەرێکی دیکەش لە ژوورەوەیەو لەسەر تەختەکە نووستووە. دەنگی هەناسەی دەژنەوت و هەستی دەکرد پێویستی بە نەوازشی ئەو هەیە. حەزی دەکرد بۆنی گەرم و زیندووی دەستی ئەو کە بۆنێکی جیاواز لە بۆنی خواردەمەنی بوو، بەڵام لەزەتێکی وەکو لەزەتی خواردەمەنی هەبوو، لە نزیکەوە بکات. ئەم بۆنەش ئەوی بەجۆرێکی دی تێردەکرد.

لە هەمان کاتدا کە سەید حەسەن خان دەیڕوانییە وێنەکەی





گوڵەندام و بیری لە سودابە دەکردەوە، راسو بەدەم چاوەڕوانی ژنەوتنی دەنگی پڕ مەحەبەت و گوێنەوازی ئەوەوە چاوانی دەترووکاندو سەراپای بوو بوو بەگوێ. بەتیلەی چاو دەیڕوانییە تەختەکەو چاوە ڕوان بوو کە بانگی بکات. بۆیە هەر کە گوێی لەناوی خۆی بوو، بە بازێك لەسەر دۆشەکەڵەکەی رابوو و هاتە سەر فەرشەکە. هەوەڵجار کێشمانی خۆی دا" گوشارێکی خستە سەردوو دەستە درێژەکەی خۆی و لەسەر هەردوو پاشووی دانیشت، پاشان لاقەکانیشی درێژکرد و باوێشکێکی داو دەنگێکی ناسك لە بنی گەروویەوە دەرهات. ئەوجا زمانێکی بەدەم و قەپۆزیدا هێناو یەکسەر چووە لای تەختەکەوە و سەری بۆ نەوازشی دەستەکانی ئەو خستە سەر دۆشەکەکە و لەسەر هەردوو پاشووی دانیشت.

سەید حەسەن خان دەستە سڕو بێ هەستەکانی، کە قامکەکانی بەزەحمەت دەنووشتانەوە، خستنە سەر سەری ئەو و نەوازشی کرد. کە دەستی بەر قەپۆزە تەڕو ساردەکەی کەوت حەزێکی توند-وەکو حەزێکی شەهوانی- لە گیانیا بێدار بووەوە. چاوەکانی کە هێشتا روو لە میچەکە و لەسەر وێنەکەی گوڵەندام گیرسابووە، بە ئەسپایی و بە لەزەتەوە لێکنان.

یەکسەر بەدەنی لاوازی سودابە لەبەر چاوی بەرجەستەبوو. عەینەن وەکو چۆن هەمیشە لەناو جێگەدا دیتبووی لێ دەستەکانی بەدەر لەویستی خۆی وەکو عادەتێك، یان وەکو کاردانەوەیەك بەرەو لمۆزی راسو دەکشان. دەستی پێدا دێنا،

دەیگوشی و قامکەکانی دەبردنە بەر کونی کەپوی و هەستی بە هەناسەو نەفەسی گەرم و تەڕی ئەو دەکرد. کوڵکە نەرم و مەخمەلییەکەی نەوازش دەکرد. راسوش لێوە گۆشتنەکانی بیٚ چ شەرم و نازێك خستبووە بەختی نەوازشەکەی ئەوەوە. پاشان وەکو ئەوەی رازی نەبووبیٚ لمۆزی بەرداو بەپەلە گوێی گرت. ژێر بناگوێی کرکراگەیەکی بچکۆلەی دەرپۆقیو بوو کە لە ژێر دەستیا دەخزی. هەمیشە لەزەتی لە گەمەکردن بەم کرکراگەیە دەبرد. هەرکە دەیدۆزییەوە راسو لیکاوەکەی زاری قوت دەدایەوە و بەکەیف و شادییەوە کلکی بە فەرشەکەدا دەدا.

-((لاسی گیان، لوسی گیانی من، شەگ شەگی من، تۆ شەگی یان بنیادەمی. ئەگەر بنیادەم بوایەی هەرگیز لێرە جێت نەدە بووەوە... دەزانم برسیتە. ئەی دەڵە سیاسەگ. بیٚ تاقەت بووی حەیوان؟ نووکە هەڵدەستم. قاوەڵتییەك دەخۆین، تلیاك دەکێشین" راوت دەنەم...))

ئەم قسانەی بە دەم چاوی نوقاوەوە دەکردو هەنکەهانکی دەکرد. لەگەڵ هەر رستەیەکدا کەدەیگوت دەستی یەك هەوا بەسەر لمۆزو گوێچکەی راسودا دێنا. دڵی ترپە ترپی دەکرد.

(ئامان لە دەست ئەم دڵە. دەڵێی رۆژ بە رۆژ خراتر دەبیٚ. کاتێکت زانی وەستا. یانی ئەو رۆژە دیٚ؟)

بە خەیاڵ ئەوانەی وێناکرد، پاشان گوێی راسوی بەرەڵڵا کرد. بۆساتێك دەستی بەقەد تەختەکەوە شۆڕ بوەوە و خۆیشی ماوەیەك لەناو جێگەکەدا بەبیٚ جوڵە مایەوە.





پاشان بە ئەسپایی بە کۆمەکی هەردوو دەستی لەسەر تەختەکە دانیشت. کەمەری سڕبوو، ماندویەتییەکی ئازاراوی ئەزیەتی دەدا. کە دانیشت ماوەیەك سەبری کرد" ئەوسا جوڵاو لەقەراخی تەختەکە رۆنیشت. پێی ڕاستی گەییە عاردی. ڕانە بڕاوەکەی لە ژێر پانتۆڵە سپییەکەوە پەنهان بوو، ئەوەی کە لە ڕانی مابووەوە بە ئاسۆیی لەقەراخ تەختەکەدا جێگیربوو. دەلنگی پانتۆڵە چرچ و لۆچەکەی لەسەر عاردی ژوورەکە و لەپاڵ لاقی راستیدا کەوتبوو.

دەلنگی پانتۆڵەکەی بەدەست بەرزکردەوە و لە خوارەوە دەستی بە پێچانەوەی کرد. ماوەیەك پێچایەوە و ئەوجا وازی هێنا. چ شتێك لەڕانە بڕاوەکەی بەدیار نەکەوت. پاشان بە کۆمەکی دوو دار شەقە قاوەییەکەی کە چەرمی سەر تۆپەوانەکانی بن باڵی شەق شەق بوو بوو، لەسەر تەختی نووستنەکەی دانرا بوون، هەستاو لە جێی خۆی وەستا. ئەم جووتە دار شەقەیان لەگەڵ لاقێکی تەختەییدا کە پێڵاوێکی زەردی ئامال نارنجی لە پێدابوو" لە نەخۆشخانەی (جی جی هۆسپیتاڵ)ی بۆمبایدا کاتیٚ کە لاقیان بڕی بووەوە، پیٚ دابوو، بەڵام ئەو لاقە هێشتا هەر نویٚ بوو، لەنێو کیفەکەی خۆیدا لە سووچێکی عەماردا کەوتبوو. تەنیا یەکجار، ئەویش لە رۆژی زەماوەندەکەیدا لەگەڵ سودابە، لە لاقی بەستبوو.

لەسەر لاقی راستی وەستاو بە دوو دار شەقەکەی هاوسەنگی خۆی راگرت. باڵایەکی بەرزو دوو شانی هەڵتۆقیوو ملێکی

خوزی هەبوو. گرژییەکی هەمیشەیی لە روو چارەیدا قاڵبی گرتبوو. سیمایەکی گریە ئامێزی هەبوو. گۆشەی چەپی لێوی شۆڕ بوو بووەوە– وەکو ئەوەی بخوازیٚ بگری. لاقی وشك و بیٚ گیان بوو. خۆی دا بەسەر هەردوو دار شەقەکەیداو سینگی پێی راستی نایە عاردی و هەستاو کەوتەڕیٚ. هەموو هێزی خۆی لەم رێکرنە ناسروشتییەدا بەکاردەبرد.

ئەم مرۆڤە نوقستانو و زەبوونەش وەکو هەموو تیرەی بەشەر لە هەنبەر پێداویستییە سروشتییەکانی خۆیدا زەبوون و بێچارە بوو. ئەویش ناچار بوو لە بارتاقای چەند پارووە خۆراکێکدا کە دەیخوارد چەندین وەخت لەناو ئاودەستخانەی بۆگەن و قەور ئاسای ماڵەکەی خۆیدا دانیشێت و بۆنی بۆگەنی هەڵمژیٚ. مەجبوور بوو کە بەکۆمەکی ئەو دارشەقە کورتەی کە هەمیشە لە سووچی ئاودەستەکەدا هەڵی پەساردبوو، لەسەر یەك لاق دانیشێت و بەبیٚ تاقەتی و لارەخواری بنووشتێتەوە و دابنیشێت و بە هەناسە بڕکیٚ ئەوەی کە بەلەزەت و تامەزرۆییەوە خواردبووی بە ناچاری دەری بداتەوە. ئەمە لەو کۆتانەبوو کە ئەوی لەلای خۆی بچووك دەکردەوە. بەڵام لێرەدا، لەناو گەلیی ئاودەستی ماڵەکەیدا مشکێکی گەورەی ئامال زەرد هەبوو بەچاوانی کارەبا ئاساو لمۆز و سمێڵی درێژەوە، کە ساڵانێك بوو لەوێدا دەی بینی. ئەم مشکە مژوولی دەکرد. بەڵام حەزی لەم سەربارە بە تۆبزییە نەدەکرد. رۆژێك هات بە خەیاڵیدا کە مەرگە مووشی بداتیٚ. بەڵام وای بەبیرا هات کە





دەبیٚ هەوەڵجار خۆی بیخوات تا بتوانیٚ مشکەکە ژەهر خورادوو بکات. بەم بیرە مەخسەریەی خۆی پێکەنی بوو.

دەیبینی کە بەدزییەوە و بەترسەوە لمۆزە درێژەکەی لە پیساییەکەی ئەو دەژەندو بەسیمای تەخسیرکارو گەدا ئاساوە لێی دەخوارد و سمێڵی دەجووڵاند. ترس لە بوونی گیانلەبەرێکی دی کە لە خۆی گەورەتر بوو، وای لێدەکرد کە پەیتا پەیتا بەدزییەوە سەیری سەید حەسەن خان بکات، وەکو ئەوەی تاوانێکی کردبیٚ.

ئەمیش گووراوو خەلقەندەیەك بوو کە دروست وەکو مرۆڤ بە ترس و لەرزەوە لە خوانی نیعمەتی بیٚ درێغی پەروەردگاری خۆی دەلەوەڕی. بەڵام ئەو وەکو بنیادەم رازیقی خۆی نەدەناسی و سوپاس و ستایشی نەدەکرد. لەوەیە بەلای کەمەوە لەم رووەوە لە بنیادەم بەختەوەرتر بووبیٚ. ئەم مشکە بێزەوەرە بۆ وەدەست هێنانی رزق و رۆزی خۆی کاریشی نەدەکرد. مێمڵ بوو" بەڵام پارەیەکیشی نەبوو کە هەقەکەی بدات. ئەم مشکە بە سەعاتان لە کونی پشتەوەی گەلیی ئاودەستەکەدا وەنەوزی دەداو بێچووەکانی خۆی دەلستەوە و هەموو رۆژێك لە کاتی خۆیدا رزقەکەی لە قولی مشتی دا بوو. سەید حەسەن خان بە قێزو بێزو مۆنییەوە لێی دەڕوانی و خەفەتی بۆ دەخوارد ولە دڵی خۆیدا شەرمی لیٚ دەکرد. لیٚ مشکەکە هەرگیز ئاگای لە هزرو بیرو میهرو دڵسۆزییەکانی سەید حەسەن خان نەبوو. بەڵکو لەزەت و ئیشتیا ورگی لەوەی

که پێی دەگەیی پڕدەکرد.

کاتێ که گەڕایەوە ژووری، تازە هەتاو له شووشه ڕەنگاوڕەنگەکانی دەرگاکەوە له فەرشەکەی دابوو و نەخشه کاڵەوەبووەکانی نواندبووەوە. له شانشینەکەدا سفرەی قاوەڵتی و مەقلی و وافور ئامادە بوو. جووتێ قۆری پیرۆزەیی ڕەنگ، وەکو دوو کیژی جمکانه له نێو مەقلییەکی حەوجۆش بەپاڵ یەکەوە دانرا بوون. سینییەکی گەورە که دوو جۆرە مرەباو نانه چەورە و کەرە و پەنیری تێدا بوو، له پاڵ مەقلییەکەو لەسەر سفرە چەرمییەکه بەر چاودەکەوت. لەناو سینییەکی دی، وافورێکی درێژ که له کیسەیەکی گرانبەهادا پێچرابووەوە و یەك بن پیاڵەی تەژی تلیاك کەهەر هەمووی بە یەك ئەندازە خڕ کرابوو، لەگەڵ چادانێکی زومڕودی لەپاڵ مەقلییەکه دانرابوو. ئەمانه هەمووی دادە یاسەمەن پاك و تەمیز ئامادەی کرد بوون و ئەمە کاری هەموو ڕۆژێکی بوو.

دادە یاسەمەن زۆر خەمی سەید حەسەن خانی دەخوارد. کاتێ که سەید حەسەن خان هاتە ژوورەوە، ڕاسو له ناوەندی ئوروسییەکەدا لەبەر تیشکه میناتۆرییەکانی شووشه ڕەنگاورەنگەکاندا پاڵ کەوتبوو و خەریك بوو خۆی دەلستەوە، لێ هەرکه سەید حەسەن خان لەپشت کەرەستەی وافورەکەوە دانیشت، ڕاسوش وەك ئەوەی ماوەیەك بێ چاوەنۆڕی ئەو بێ، هەستاو کێشمانێکی خۆی داو چووە نزیکی مەقلی یەکە“ و له دوورییەکی کەمەوە که بەباشی هەستی بەگەرمی ئاگرەکه





دەکرد ڕاکشاو دەستەکانی بۆ پێشەوە درێژکردو تێکی ئاڵاندن و بەگەردنی قوت و گوێچکەی ڕەپەوە دەیڕوانییە مەقلییەکە. وێنەی دوو قۆرییە پیرۆزەییەکە و پشکۆ ئاگرەکان له چاوانیدا ڕەنگیان دابووەوە.

سەید حەسەن خان بەهێمنی قامکە باریکە جومگە دەرپۆقیوە زەردەکانی دایە بەر ئاگرەکەو پاشان دەستەکانی هەڵگلۆفین. که گەرمی ئاگرەکە گەییە دەموچاوی هەستی بەگەرم و گوڕییەکی خۆش و بەلەزەت کرد. ئەو له کارەکەی خۆیدا چ پەلەیەکی نەبوو. دەیویست بە ئاسودەیی و دڵی ڕەحەت کارەکەی ئەنجامبدات، و دڵنیا بوو که چ کەسێك نییە له کارەکەی بکات. تۆزێ کەرەی خستە سەر دوو تێکه نان و نایە بەر ڕاسو و گوتی: ((بخۆ بەستەزمان)).

ڕاسوش نانەکانی یەك یەك لەنێو قاپەکه بەدەم هەڵگرت و نایە نێو هەردوو دەستییەوە و بە نەزاکەتێکی خانمانەوە خرچ خرچ کەوتە خواردنی.

ڕاسو فێر دووکەڵی تلیاك بوو، لەبەر ئەمەیە جیاوازییەکی زۆری دەگەڵ حەیواناتی دیکه هەبوو. چونکه یەك پێداویستی ئینسانی زیاتر، لەوانی دی هەبوو. هەر ئەم پێداویستییە زیادەیە ئەوی له مرۆڤ زۆر نزیك کردبووەوە. دوکەڵی تلیاك بۆ ئەو پێداویستییەك بوو که کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر مێشکی هەبوو و بوو بوو بەسەر باری پێداویستییەکانی دیکەی. کاتێ له دووکەڵی تلیاك سەرمەست دەبوو، هەرچی

پێویستی تری هەبوو لە یادی دەچوو. بە جۆریٚ گیرۆدەی ئەم کەیف و خۆشییە بوو بوو کە نەیدەتوانی بەهیچ جۆریٚ خۆی لەبەری بگریٚ. ئەگەر کەیفەکەی تۆزیٚ درەنگ بکەوتایە، بیٚ ئەوەی خۆیشی بزانیٚ چییەتی و دەبیٚ چ کارێك بکات تا ئاسودە ببیٚ، مردوو ئاسا لەسەر عاردی دەکەوت و بەتووڕەیی چاوانی دەترووکاندو کلکی بە فەرشەکەدا دەکوتاو زمانە سمارتە ئاساکەی بەدەوری کەپوویدا وەردەچەرخان و هەندیٚ جار حاڵی تێك دەچوو و هێڵنجی دەداو وشکەکۆکەی دەکرد.

کە بۆنی تلیاك هەستا راسو خۆبەخۆ لەسەر لا پاڵکەوت و دەست و لاقەکانی درێژ کرد و لێی راکشا. هەستی بە قورسی و فێنکی دووکەڵ لەسەر کەپوە تەڕەکەی کرد بوو. چاوانی نووقاندو چەند جارێك زمانە ئامال سوورەکەی دەرێنا و دووکەڵەکەی هەڵمژی. بێهوشی و لەزەتێکی شیرینی لە خۆیدا بینی، لەزەتیٚ کە بەلایەوە لە خواردن خۆشتر بوو. سەید حەسەن خان لەزەتی لە کەیف و زەوقی ئەو دەبینی و بەردەوام دوکەڵەکەی بۆ لای ئەو دەناردو زۆری حەز لەم هاومەقلێیە بیٚ وەیە دەکرد. راسوش بە نەفەسێن قووڵ دووکەڵەکانی هەڵدەمژی و گوێی بۆ دەنگی ئاشنای جزە جزی تلیاکەکە رادەدێراو هەر دوکەڵێکی تازە بەلایدا دەڕۆیی هەڵیدەمژی.

کەیف و لەزەتی تلیاك سەید حەسەن خان–ی دەبردە دنیایەکی دیکەوە، هەمەجۆرییەکی بەژیانی یەك ریتم و یەك دەست و یەك نەوای ئەو دەبەخشی، ئەو جۆرە ژیانە تاریك و ئاڵۆزو





پەنامەکییەی بڕینی، وەکو رێکردنێکی دوور و درێژی ناو زەڵکاوێك بوو کە تا ناقرگەی پیاو مارمێلکەو قورباغەو ماری ئاوی بیٚ.

سەید حەسەن خان دوا کەسی ماڵباتێکی گەروە بوو کە بەمردنی ئەو ئیدی کەس لەو ماڵباتە نەدەماو خانەوادەکە دەبڕایەوە.

ساڵی تاعوونێك کە خۆی لە هندوستان بوو، تاعوون گسکی لە ماڵیان داو هەر کەسێکی تێدابوو کوشتی. پاش چەند ساڵێك کە گەڕایەوە، سەیری کرد ماڵ چۆڵ و هۆڵە، تەنیا دادە یاسەمەن بوو کە بە لەقەلەق بە ماڵەکەدا دەهات و دەچوو. هێشتا جل و بەرگی خوشك و براکانی لە گەنجینەکەدا لەناو یەغدانەکاندا تەپێنرا بوونە سەریەك. هێشتا ئەو قالیچە وێنەدارەی کە خوشکەکەی دایمەزراندبوو بە نیوەچڵی بەدارەوە هەڵواسرابوو.

تا لەگەڵ سودابەدا زەماوەنی نەکردبوو وەکو شێتان وابوو. لیٚ ئەشقی سودابە ژیانی گۆڕی و پەیوەندی دەگەڵ ژیاندا تازەکردەوە. خۆشەویستی سودابە داغی گەورەی ماڵباتەکەیانی لە دڵ لابرد. بەڵام هێشتا سیٚ مانگ نەبووری بوو کە سودابە وەناقی گرت و مردو هەموو دڵی داغ کرد.

ئەم کۆستە سەید حەسەن خانی تەواو پەرێشان کرد. مەرگی سودابە کە بە بەرچاوی خۆیەوە رووی دابوو و بە دەستەکانی خۆی چاوەکانی لێك نابوو، دڵی تۆران و ناچار بۆ فەرامۆشکردنی ئەم مسیبەتە دەستەو دامێنی تلیاك و عەرەق

کەوت. هەرچەندە دڵی گەلەك لاواز بوو و ئەم دوو شتەش بۆ ئەو وەکو ژار بوون لیٚ تلیاك و عەرەق مژولیان دەکرد. لە هەموو ئەو ماوەیەدا کە بیٚدار بوایە کەیفی تلیاك لە نیٚوان بیٚهوشی و بیٚداریدا رای دەگرت. هەمووشتیٚکی دەبینی لیٚ هەستی بەهیچ نەدەکرد لەو کاتانەدا تەنانەت سەبارەت بەراسو – ش هەر خەمسارد دەبوو. کاتیٚ کە وافورەکەی لە عاردی دادەناو پاڵی بە سەرینەکەیەوە دەدا، بەدەنی لە بیٚهەستیدا وەکو ئەوە وابوو کە ساڵانیٚك بیٚ لەژیٚر گوشاری بەردا مابیٚتەوە و توانای جوڵەی نەبوو. هەندیٚ جار هیٚندەی تلیاك دەکیٚشا کە بە دریٚژایی رۆژەکە وەکو مردوو لە نیٚو عورووسی یەکەدا دەکەوت.

کە دادە یاسەمەن بۆ کۆکردنەوەی تفاقی چایەکە وەژوور کەوت، ژوورەکە یەکپارچە دووکەڵ بوو. سەید حەسەن خان لە نیٚو شانشینەکەدا، لەسەر دۆشەکەڵەکەی پاڵی بە پشتییەکەوە دابوو، چاوانی وەکو چاوانی نەخۆشیٚکی گیان بەسەر، کرابووەوە، بە تاق و جووت کەوتبوو و توانای جووڵەی نەبوو. وەکو ئەوە وابوو کە ماوەیەك بیٚ مرد بیٚ، دەستەکانی لەژیٚریدا رەق بوو بوو. دەموچاوی رەنگی مۆمی گرتبوو. راسو–ش لە بەرانبەری، وەکو ئەوە بوو تۆپی بیٚ وشك بوو بیٚ، هەر چوارپەلی لیٚ راکیٚشا بوو، بە تەنیشتدا خەوتبوو، جووڵەی نەدەکرد. وا دەهاتە بەرچاو کە شتاقیان زندوو نەبن.

لیٚ هەردوکیان زندوو بوون و سەید حەسەن خان هەمووشتیٚکی دەبینی. بەڵام توانای ئەوەی نەبوو تەنانەت بەویستی خۆی





پیٚڵووی چاوەکانیشی بجووڵیٚنیٚ. هەندیٚ جار کە پیٚڵووەکانی دادەهاتنەوەو چاوانی وەکو چاوانی مردوو بە نیوەکراوەیی دەمایەوە توانای هەڵبڕینیانی نەبوو.

میٚشکی ئاوسابوو، لەناوەوە گوشاری بۆ دیواری کاسە سەری دیٚنا. بەدەنی میٚرووڵەی دەکرد. توانای هیچ کارو هیچ خەیاڵیٚکی نەمابوو. راسو – ش بەهەمان شیٚوە لەسەر لا پاڵ کەوتبوو، جارجاریش بە چاوانی نوقاو و سیمای خەواڵووەوە، زمانیٚکی بە دەمولموزی خۆیدا دیٚنا و لیکاوەکەی دەمی قووت دەدایەوە و سووکە ئاهیٚکی دەنگداری هەڵدەکیٚشا.

دادە یاسەمەن چاوی بە راسودا هەڵنەدەهات و گەر بیتوانایە بە دەستی خۆی خەفەی دەکرد. چونکە دەیبینی هەرچی زەحمەتیٚك کە ئەو دەیکیٚشا، ئاسودەییەکەی راسو دەیبرد. هەر پارچە گۆشتیٚك لەسەر سفرەکە ماباوە هی راسو بوو. کویٚ زۆر رەحەت و ئاسوودە بوو راسو لەویٚندەر دەنووست. سەید حەسەن خان هەوەڵجار خواردنی دەنایە بەر راسو پاشان بۆ خۆی دادەنا. دادە یاسەمەن کە دەیبینی راسو لە شانشینەکەدا جیٚی خۆشکردوەو مەست و خۆشحاڵی تلیاکە و لەولاشەوە تەمەشای خۆی دەکرد و دەیبینی کە تەمەنیٚك زەحمەتی کیٚشاوە و ئیٚستاش رۆژ و رۆژگاری لە سەگیٚك–ش کەمترە، لە داخ و حەسوودیدا گڕی دەگرت و خەریك بوو لە سویٚیاندا بتەقیٚ. هیٚندە بە رق و حەسوودییەوە دەیروانی یە هەناسە هەڵکیٚشان و ئاسوودەیی راسو بەو بوایە لەقەیەکی توندی

بەسەر دڵیدا بکێشایەو دەم و دەست بیتۆپێنیٚ. هەندیٚ جار لەپشت دەرگاکەوە گوێی هەڵدەخست و دەیژنەوت کە چۆن سەید حەسەن خان بە قوربان و بەساقەی راسو دەبیٚ. لە داخا لێوی خۆی دەگەست، بەڵام چ چارەیەکی نەبوو.

ئەمشەو شەوی سێیەم بوو کە سەید حەسەن خان لە دەستی راسو هەراسان و خەوزڕاو بوو. سەگێك کە ژیانێکی رێك و پێکی هەبوو و بەهیچ جۆریٚ مایەی نارەحەتی نەبوو. سیٚ شەوبوو خەو نەچووبووە چاوی و خەوی خاوەنەکەشی زڕاندبوو. ئەمشەویش وەکو دوێنیٚ شەو و پێریٚ شەو بەردەوام خەریکی دەرگاکەبوو و بە چنگ دەیڕووشاند.

دەیویست بچێتە دەرەوە، لیٚ چونکە دەرگا داخرابوو هەموو جارێك بە نائومێدی دەهاتەوە لای جێگەکەی سەید حەسەن خان و بەسیمای پاڕانەوە ئامێز و پڕ چاوەنۆڕی تەمەشای دەکرد و سەروکلکی بۆ بادەداو دەیویست کە هەستیٚ و دەرگاکەی بۆ بکاتەوە تا بچێتە دەرەوە.

تاریکییەکی قورس باڵی بەسەر ژوورەکەدا کێشابوو. سەید حەسەن خان لەسەر گازی پشت راکشابوو، رێك دەیڕوانییە بن میچەکە. ئەو هۆی بێتاقەتییەکەی راسوی بەباشی دەزانی، لیٚ جورئەتی باوەڕکردنی نەبوو. نەیدەویست و نەیدەتوانی باوەڕبکات کە راسو–ی عەزیزو دوڕدانەی ئەو مەست بووە و بێتاقەت و عەوداڵی گۆڵە. دەیزانی کە راسو هەوڵدەدا بچێتە دەریٚ و لەگەڵ سەگانی کۆڵان ئاشقێنی بکات.





ئەم حەقیقەتە بە سویٚ و حەسوودی ورووژێنە ئازاری دەدا" چونکە بە جۆریٚ هۆگری راسو بوو بوو کە رازی نەدەبوو جگە لەو ئاشقێنی و خۆشەویستی دەگەڵ کەسی دیدا بکات. ئەو لە لای خۆیەوە ئەوەی بڕانبووەوە کە راسو هەرچییەکی دەویٚ دەبیٚ لەوی بویٚ نەك لە غەیری ئەو. لە چاوی ئەودا راسو سەگ نەبوو تا ئاتاجی پێداویستییە سەگییەکان بیٚ، بەڵکو کچۆڵەیەکی بە هۆش و بە سۆز بوو، کە خۆشبەختانە لە شێوەی سەگدا هەڵکەوتبوو و بوو بوو بەهاوڕێی ژینی ئەو. لە دنیادا دڵی تەنیا بە راسو خۆش کردبوو کە ئەویش خەریك بوو لە دەستی دەڕۆیی. رەقیبانی بە تواناتر ئەویان (راسو) لەڕیٚ دەرکرد بوو و کاری سەید حەسەن خان گەیی بووە کوێرە کۆڵان.

بە ئەسپایی و بەدەنگی گلەیی ئامێزەوە راسوی گازکرد:

(راسوی من، کچوڵە جوانەکەی من، تۆچەند بێوەفای؟ چماتۆ بنیادەمی؟ خۆ تۆ بنیادەم نەبووی، لیٚ بووی بە بنیادەم؟)

راسو کە لەم کاتەدا بە ئەدەب و نەزاکەتەوە لە نزیکی تەختەکەی ئەو دانیشتبوو، یەکسەر هەستاو چووە بەردەمی و وەکو هەمیشە سەری نایە سەر دۆشەکەکەی. سەید حەسەن خان بەزەحمەت خۆی خستە سەر لاو گوێی ئەوی خستە ناو دەستی و دووبارە بە ئەسپایی و بە ئازارەوە گوتی:

(کیژۆڵەکەی من !)

راسو زاری کردەوە و سەری زمانی بە لمۆزی خۆیدا سوو.

ئەوجا سەری لەسەر دۆشەکەکە هەڵبڕی و دەستی سەید حەسەن خانی لستەوە. ئەوجا بێدەنگ و غەمگین لە هەمان شوێندا هەڵتووتاو لە تاریکییەکەوە روانییە سەید حەسەن خان.

گەرمی بەدەنی راسو و زندوو بوونی پێست و تووکی ئەوو، ئەوەی کە ئیدی دڵی ئەو بە جێیەکی دیکەوە بەندە وەها دڵی گوشی کە نوکی کەپووی توزاویەوە و قورسایی توێژێکی ناسکی فرمێسکی گەرم گەرمی لە چاوانیدا هەست پێکرد. لەرەی فرمێسکەکە تاریکییە هەرە خەستەکەی شەوی لەبەر چاویدا هێنایە رەقسین. و لەو تاریکی یە لەرزیوەدا چاوانی درەخشان و ئاشنای راسو وەکو دوو بنە مۆمی کەم رووناکی کە لەبنی بیرێکدا عەکس بوو بێتەوە، لەبەر چاوی دەبریسکایەوە.

(وەرە بەرەوە بەسەزمان. تۆش وەکو بنیادەم گیرۆدەی شەهوەت و ئارەزوویت؟ ئەم کارو ئەتوارانە بۆ خەڵکانی شارستانی کە دەیانەویٚ توخم و تۆویان لە دنیادا بمێنیٚ و میراتییەکەیان بخۆن باشە" تۆ بێچووت بۆچییە؟ بێچووەکانی تۆ سبەینیٚ لە پەناو پاسارو کۆڵانان لەسەر زبڵدانان، هێشتا چاویان نەپشکوتوە کە منالآنی کوچەو کۆڵان پەت دەکەنە ملیان و بەدووی خۆیاندا رایان دەکێشن. من تۆم لەکویٚ پەیداکرد؟ خۆ بێچووەکانت ئەگەر گەورەش بن لەبەر دوکانی قەسابان و لەبەر قەسابخانەکاندا هێندەیان لەقە بەلاتەنگەدا دەکێشن کە خوێن هەڵێنن... بەڵام من، من کە هەمیشە خۆم لە هۆگر بوون و





دڵبەستەگی دەدزییەوە ئێستا دەبینم کە ئەوەی لێی دەترسام هاتە رێم. تۆش زۆرت مەرحەمەت لەگەڵ کردم کە تا ئێستا لەگەڵم ژیای. ئەگەر تۆ نەبووایەی کیٚ لەگەڵ مندا هەڵیدەکرد؟ پێدەچێت من نەفرەتم لێکرابیٚ. لەوەیە دایکم دۆعای لیٚ کردبم، کە بەمراد نەگەی. ئەگەر من بەختم هەبووایە سودابە-م بەو هەموو نازەنینییەوە لەدەست نەدەچوو.

ئەگەر من تالحم هەبووایە بۆچی لاقیان دەبڕیمەوە؟ ئەگەر من شانسم هەبووایە لەم دنیا پان و بەرینەدا دڵم تەنیا بەتۆ خۆش نەدەکرد کە تۆش سەر هەڵبگری و تاوی بەرت بدا لە سەرت.)

گریٚ خزەکەی بناگوێی راسو لەژێر قامکانی کەم هێزی ئەودا دەسووڕا و بەرز و نزم دەبووەوە و هەندیٚ جار شوێنەکەی گوم دەکرد. نهو راسۆ دوو هێندە لەبەر چاوی خۆشەویست بوو بوو.

خەیاڵی دووری راسو و تەنیایی ئایندەی ئازاری دەدا. بۆ ساتێك بیری لە خۆکوژی کردەوە" دەیبینی تەنانەت سەگێکیش بەوە ڕازی نییە کە لەگەڵ ویدا بژی.

لە بەردەم خۆیدا زۆر بچووك و سووك بوو بوو. لیٚ لەم بیرە ترسا و لەنکاودا بۆنی توندی ئەو کلۆرۆفۆرمەی کە لە نەخۆشخانەی (جی جی هۆسپیتاڵ)ی بۆمبای، کاتیٚ دەیانویست لاقی ببڕنەوە، دابوویان لە کەپووی بەسەرداهاتەوە. سەری گێژ بوو و گوشارو وێك هاتنەوەیەکی بە ئازاری لە خۆیدا هەست پێکرد.

چەند جارێکی یەك لەدوای یەك گوێی راسوی گوشی جێی

دەستی گۆڕی و لمۆزی گرت.

(دەمەوێ بزانم کە تۆ لە جیهانی حەیوانیەتی خۆتدا لەم ماوەیەدا بۆت دەرنەکەوتووە کە لەم دنیایەدا لەمن بەدبەختترو بێکەستر کەس نییە؟)

دەنگی نووزکانی پەیتاپەیتای چەند سەگێك وەکو ناڵەیەکی دوور و درێژ کە لەسەرمادا بێ، لە دەرێ ڕا هاتە گوێ. دەنگێکی پڕ ئارەزو و پاڕانەوە بوو کە لە دوورەوە لمۆزی راسوی لەدەستی سەید حەسەن خان دەرهێناو بەرەو دەرگاکەی وەرگێڕا. راسو بە جووڵەیەك کە سەید حەسەن خان تا ئەو ساتە وێنەی نەدیتبوو، بەرەو دەرگا غاریدا. دەنگی چڕنۆك گرتنی لە دەرگاکە وەکو دەنگی چەقۆیەك بوو کە بەسەر چینی شکاویدا بێنی، و موچوڕکی بە گیانی سەید حەسەن خان دا دێنا.

(راسو ! راسو !)

سەید حەسەن خان تێی خوڕی.

لێ راسۆ لە ئاستانەی دەرگاکەدا راکشابوو و لمۆزی بە درزی دەرگاکەوە نابوو و بۆنی دەکرد. رەنگە بۆ یەکەمجار فەرمانی ئەوی پشت گوێ خستبووبێ. سەید حەسەن خان لەخۆی تەریق بووەوە. وای هاتە بەرچاو کە میچی ژوورەکە بە سەریدا رووخاو قورساییەکی خنکێنەر کەوتە سەر سینگی.

(من نابێ ئەم حەیوانە ئەزییەت بدەم. ئەویش وەکو هەموو بنیادەمان هەوەس و ئارەزووی هەیە. ئەمیش خەریکە بەرە بەرە دەبێ بە بنیادەم... بەڵام چیدی بەکاری من نایەت. کاتێ لەوتاو





لەزەتی نێری چەشت و سکی بەرز بووەوە ئیدی ناتوانێ من مژوول و سەر گەرم بکات. بەڵام ئەمەش ئینساف نییە کە ئەم بەستەزمانە حەپسبکەم. تۆ خۆت مەگەر لە یادت چووە چ زەحمەتێکت لە پێناوی سودابەدا کێشاو چ دەردێکت خوارد؟ تا تۆ ماوی ئیدی دڵ بە کەس نەدەی تا چاوت کوێر بێ.)

ئەوشەوە نەخەوت و هەموو شەوەکەی بە وەنەوز و خەوە نوتکێی پچڕ پچڕ گەیاندە سپێدە و دەمەدەمی بەیانی بوو کە لە جێ هەستا. بڕیاری خۆی دابوو.

ئەم شەو هەستانەی بەلاوە نا ئاسایی و قورس بوو. دار شەقەکانی لەسەر تەختەکە هەڵگرت و بە کۆمەکی ئەوان راست بووەوە. ئەوجا فەروەکەشی لە پایینی دۆشەکەکەیەوە هەڵگرت و دای بە شانی دا ! پاشان گوشاری خستە سەر دارشەقەکان و هەستاو بەسینگی پێی راستی کەمێ لەولاترەوە لەسەر تەختەکەی هاتە خوارێ. راسو هەڵبەزو دابەزێکی کردو کەوتە کلکە سوتێ لەبەردەمیدا.

کە لە قاڵدرمەکانی عیمارەتەکە هاتە خوارێ و گەییە باخەکە دڵی لە سینگیدا لێی دەدا. ساڵانێك بوو کە وەکو ئەو شەوە خێراو بە ناچاری رێی نەکردبوو، ئەرکێکی بەو قورسییە ئەنجام نەدابوو. ساڵانێك بوو کە هەستی ئەرکی لە خۆیدا کوشتبوو، بەتەواوەتی لێی بێزار بوو. هەرشتێك بۆنی ئەرك و کاری لێهاتبووایە لێی هەڵدەهات و بە جۆرێ لێی دەرەوییەوە وەکو جن لە بیسمیلا.

لەسەر قاڵدرمەکان ڕۆنیشت و دارشەقەکانی لەتەنیشت خۆیەوە دانا. دڵی بەتوندی لێی دەدا، وەکو باڵندەیەکی کێوی کە هێشتا بەکەش و هەوای قەفەز ڕانەهاتبێ، لە ناوەوە بە دیواری پەراسووەکانیدا دەکەوت و دەنگی دەهۆڵێکی لێدەهات کە چەرمەکەی شێی وەرگرتبێ. گۆشەی لێوەکانی داچەکی بوو. هێشتا هەرهەمان ڕووگرژی هەمیشەیی لە سیمایدا قاڵبی گرتبوو.

بارانێکی وردو توند لە هەورێن کەوەیی پاییز دەباری. دەنگی سڕ ئامێزو یەکنەوای دڵۆپەی وردی باران کە بەر گەڵای ووشکی چنارو گەڵای چڕی سوژن ئاسای سەر سەوزی کاژ دەکەوت، ترسێکی مالیخولیایی سەیری لەدەرون و ناخی ئەودا بەرپاکرد بوو. دەنگی تەپەتەپی باڵ و قڕەقڕی هێواشی قەلان کە باران لە جێی خۆیان تەرەی کردبوو دەگەییەگوێ. لێ ئەو نەگوێی بە ساردی ئەو دڵۆپە بارانانە دەدا کە بەر سەرو ڕووی دەکەوت و نە گوێی بە دەنگی نا ئاشنای قەلەکان دەدا. هۆش و حەواسی تەنیا لە یەك شوێن بوو، هۆشی لە یەك شوێن و لای یەك شت بوو. تەنیا لای دەرکەی باخەکە بوو کە ڕوو بەڕووی ئەو لەژێر گەڵای لاولاودا وون بووبوو، و لەلای لورە و نوزکەی سەگەکانی پشت دەرگاکە بوو.

دەنگی لێدانی دڵی لەگەڵ دەنگی ڕێژنەی باران و فڕکە فڕکی باڵی قەلان و دەنگی شەوو نوزکە نوزکی سەگاندا ئاهەنگێکی نە سازی لە یادو یادەوەریدا بەرپاکرد بوو. لەم ماوەیەدا سەیری





کرد ڕاسو–ش لە لایەوە نەمابوو.

لەسەر قاڵدرمەکان هەستاو بەلەز ڕوەو دەرکەی باخەکە وەڕێ کەوت. بەسەر هەردوو دارشەقەکەیەوە بەرز دەبوەوە و تۆزێك بە حەواوە وەردەچەرخاو دەچووە پێشێ باڵا بەرزو چەماوە بوو. هەیکەلێکی تاریك تر لەشەو هاماجی تاری شەق دەکردو دەچووە پیشێ، یەکنەوا و بە ئازارەوە ڕێی دەکرد، دەنگی ووشکی چەوی ناو باغەکە لەژێر دارشەقەکانی دا خشەخشی دەکرد، قۆڵی فەروەکەی کە سەری دەستەکانی ڕیشاڵ ڕیشاڵ بووبوو و لە ئەستۆیەکی بڕیاگ دەچوو کە خوێنی لێ بچۆڕێ، بەم لاو بەولادا بە ئاسمانەوە تەکانی دەخوارد. لە دڵی خۆیدا بیری کردەوە:

(ئایا بە ڕاستی مرۆڤی نوقسان پتر لە مردووانەوە نزیك نییە تالە زندووان؟ من نیوەی ڕێگەی مردنم بڕیوە ونیوەکەی تری ماوە.)

ڕاسو لەسەر زەوی گڵینی باخەکە درێژ بووبوو و لمۆزی بەدرزی دەرگا گەورەکەی باخەکەوە نابوو و بۆنی دەکرد. دەنگی مڕە مڕو قروسکەو نوزکەی پچڕ پچڕی چەند سەگێکی دی لەو دیوو دەرگاکەوە دەهات. سەید حەسەن کە لە دەرگاکە نزیك کەوتەوە تا بیکاتەوە، ڕاسو هەستاو بازرەقەیەکی داو لەپشتەوە وەستا. بچوکترین نازو نەوازش نەکرا، بەڵام ئەویش هەموو هەست و هۆشی لای سەگەکانی ئەو دیو دەرگاکە بوو. وەکو گوربەیەك چاوەنۆڕی ڤەبوونی دەرگەی تەڵەی مشك بێ بەگوێی قوت و

سیمای سەرسام چاوی بڕی بووە دەرگای باخەکەو لێکدا لێکدا کلکی دەلەقاند. چاوەنۆڕ بوو دەرگاکە بکرێتەوە و ئەوەی کە تا ئەو کاتە نەیدەزانی چییە، ببینیٚ.

لیٚ دەرگاکە، درەنگتر لەوەی راسو بەتەمابوو، کرایەوە، چونکە قامکانی لاوازو بیٚ توانای سەید حەسەن خان فێری کردنەوەی نەبوو. نووزکەی سەگەکان لەم کاتەدا گۆڕابوو بە دانەچیڕیٚ ی تورەو مڕەمڕی ترسناک. بەربوو بوونە یەك و یەکیان دەگەوزاندو قەپاڵیان لێکدی دەگرت.

لەنکاودا گوشارێکی توند کە بۆ سەید حەسەن خان زۆر دژوار بوو کەوتە سەر دەرگاکە. چەند سەگێك پەلاماری دەرگا داخراوەکەیان دابوو. دەنگی قورسکانی بە ئازاری یەکێکیان کە ئازاری پیٚ گەیی بوو و دەنگی بەرە بەرە دوور دەکەوتەوە دەگەییە گویٚ. سەید حەسەن خان هەموو قورسایی بەدەنی دابوو بەسەر دەرگاکەدا و پاڵی پێوە دەنا. یەکێك لە دارشەقەکانی کەوتبووە عاردی. لەشی دەلەرزی و هەناسە بڕکیٚ ی پیٚ کەوتبوو.

بە هەولیٚ و تەقەللایەك کە لە ژیانیا لەو بابەتە تەقەللایەی نەدا بوو، بەیەك لاق و یەك دارشەق هاوسەنگی خۆی راگرتبوو و پاڵی بە دەرگاکەوە دەنا.

لە پڕ سەگەکانی ئەو دیو دەرگاکە بێدەنگ بوون. سەید حەسەن خان قەیریٚ وەستا و چونکە دەنگی ئەوان بڕا هەراسان بوو. وایزانی سەگەکان هەستیان بەو کردوبوو هەڵاتبوون. بۆیە





گوشاری خستە سەر دارشەقەکەی و خۆی پیٚ راگرت، بە ئەسپایی و بە پارێزەوە دەرگای تۆزیٚ کردەوە. هاماجی تاریکی کۆڵانەکە رژایە ناو چڕە تاریکییەکەی هاماجی باخەکە و تێکەڵ بوون. لەپڕ هەوەڵجار لمۆز و پاشان سەروکەللەی سەگێکی زەلام بە دوو چاوی بریقەداری بیٚ حەیاو مەغرور و نەترسەوە لە درزی دەرگاکەوە هاتە ژووریٚ و سەری کێشایە ناو باغەکە. سەید حەسەن خان دڵی رەق بوو" وەکو ئەوەی بیەویٚ بەورێك بخاتە داوەوە، خۆی لەپشت تاکێکی دەرگاکە قایم کردو تۆزیٚ لای دەرگاکەی کردەوە. سەگە نامۆکە بیٚ ئەوەی گویٚ بەو بدا گوێی قوت کردنەوەو بە تەکانێك خۆی گەیاندە راسو. هێشتا سەرو کەللەی سەگی دووەم لە درزی دەرگاکە نەهاتبووە ژووریٚ کە سەید حەسەن خان بە گورج و گوڵییەکی منداڵانەوە دەرگاکەی دا بەیەکاو کیلۆنی دا. ئەو تەنیا یەکێکی دەویست و ئەو یەکەشی خستبووە داوەوە.

دەنگی رێژنەی شەلاق ئاساو بەردەوامی دڵۆپەی باران بەسەر لق و پۆپی دارکاژەکان و گەڵای ووشکی چنارەوە وەکو دەنگی پەرەمێز پیاوی مەنگ دەکرد. سەید حەسەن خان تەواو بیٚ تاقەت بووبوو. دڵی بە شێوەیەکی نا ئاسایی و بە لەز لێی دەدا و هەستی بە ئازارێکی توند دەکرد. بەدەنی لە عارەقەدا هەڵکشابوو و دەسووتایەوە. بیٚ ویستی خۆی لەناو دەرگاکەدا دانیشت و پاڵی بە دەرگای باخەکەوەدا.

ئەم جەزرەبەیە بۆ ئەو زۆر قورس بوو و لەتەحەمول بەدەر بوو.

بەڵام لە ناخی دڵیدا ڕازی بوو. ئیدی چ مەسئولیەتێکی لەسەر نەبوو، کارو ئەرکی خۆی تا کۆتایی ئەنجام دابوو. لیٚ تەمبەڵی و سستی بەدەنی خۆی دەیڕەنجاند. لێدانی دڵ ئازاری دەدا، هەناسەی تا گەروی دەهات و لە هەمان شوێن دا ڕۆدەچوو و نەدەهاتەوە سەری. هەستی بە ترسێکی مەرگ ئامێز دەکرد. دیسان هەمان بۆنی کلۆرۆفۆرمی کە لە خەستەخانەی (جی جی هۆسپیتاڵ) بە کەپویانەوە کردبوو، بەسەریا هات. لەو شوێنەی کە دانیشتبوو بەردێکی نوك تیژی لەژێردا بوو و جێگەکەی نارەحەت تر کردبوو، لیٚ هەرچی هەوڵیدا جێگەکەی بگۆڕیٚ نەیتوانی. بەردە نوك تیژەکە هەر لەژێریدا بوو و ئازاری دەداو ئەو توانای جوڵانی نەبوو.

دنیا بەیانی دابوو، لیٚ باران بەهەمان توندی سپێدە دەباری. ئاسمان هەور بوو. ئێستا بریسك و هوڕی چەوی ناو. باخەکە لەبەر روناکی بەیاندا دەبینرا. سەری حەوزەکە وەکو مەنجەڵە ئاوی وەجۆش هاتگ قوڵە قوڵە هەڵدەبەزییەوەو دڵۆپە بارانەکانی قووت دەدا. قەلەکان کەوتبوونەفڕین و دەنگیان کراوەترو ناخۆشتر بوو بوو. دەنگی کشداری (حی علی خیر العمل)ێکی خەواڵوو و کز لە دوورەوە دەگەییە گویٚ.

سەید حەسەن خان لەپشت دەرگای باخەکەوە گرمۆڵە بوو بوو، بەدەنی لە باراندا تەڕ بوو بوو، سەری بەسەر سینگیدا شۆڕ بوو بووەوەو دەموچاوی نەدەبینرا. لەبەر دەمیاو لە دووری دوو شەقاوان، راسوی خۆڵاوی بە سیمای کوتەك خواردووی مایەی





بەزەییەوە، لەگەڵ سەگێکی بێگانەدا تابن نووسابوون و هیچ شەرمێکیان لە بوونی ئادەمیزادێکی گرمۆڵەی دوو شەقاوی خۆیان نەدەکرد.

پەراوێز:

ە عوروسی جۆرە پەنجەرەیەکە کە هەڵدەدرێتەوە.

سەرچاوە:

خیمە شب بازی چاپ پنجم 1354

صادق چوبك س89–س137

گۆڤاری نەوشەفەق 2005/2/23

# توشای

# باڵندە غەریبەکەی زاگرۆس

مەنسووری یاقوتی

لەنێو زنجیرە کێوەکانی زاگرۆس دا, لە جێیەکی دوور لە چاوی مرۆڤان, لە شوێنێکی بەرز و هەڵدێر و عاسێ, چاڵێك هەیە کە باڵندەیەکی غەریب بەنێوی "توشای" لەوێندەر دەژی.

توشای کلاوێکی ئاگرینی هەس و داغمەیەکی رەش بە گەردنییەوەیەو بە هەزار رەنگ دەدرەوشێتەوە. هەموو ساڵێك لە پایزدا, یەك جار, تەنیا یەك جار ئاوازێکی هێندە تاڵ و خەمگین





و سەیر دەخوێنێ کە کێوەکە لە هەزار لاوە شەق دەبات, درەختان لە خەمباریاندا گەڵاکانیان زەرد دەبێ, باڵندەکان, بەداخ و کەسەر و سوێوە بەرەو شوێنانی دی کۆچ دەکەن. و کەڵە کێوییان شاخی درێژیان بە سنگی کێوەکەدا دەکوتن تا بشکێ. توشای, لەو بەرزاییەدا, بەتەنێ دەژی و گۆشەگیرە. هەموو پایزێك, کاتێ هەورێکی چڵکنی توند لوتکەکان لەچاو ون دەکات و تا بناری چیایەکە دەخزێ, توشای لەناو جەرگەی تەم و مژەکەوە, لە هێلانەکەی دێتە دەرێ, بە کلاوی ئاگرین و داغمەی رەشی سەر گەردنی و درەوشانەوەی هەزار رەنگی چین لەسەر چینەوە. لەسەر دەوەنێك کە لە پاڵ هێلانەکەیدا رواوە دەنیشێتەوە, و کلکە درێژەکەی لەنێو تەمەکەدا ئاوێزان دەبێ و ئەو شتەی کە لە کۆنە قەڵایەکی هەرێمی تابوتان دا دیتوویەتی, یەك جار, تەنیا یەك جار دەیگێڕێتەوەو دەگری. پاشان دڵۆپە خوێنێکی درشت لە دەنووکی دەتکێ, ئەوسا دەچێتەوە نێو شکەفتەکەو لەهۆش خۆی دەچێت.

ئەو باڵندانەی کە گوێ لە حیکایەتی توشای دەگرن, خاڵێکی تۆخ لەسەر تەوێڵیان دەپشکوێ و ئاواز و نەغمەیان بۆ هەمیشە جۆرە غەمینییەك دەگرێتە خۆ.

باڵندەکان بە توشای دەڵێن:

– حیکایەتێکی دی بگێڕەوە, حیکایەتێکی دی!

توشای, خەمین و نائومێد دەڵێت:

– من هەر ئەم حیکایەتە دەزانم.

باڵندەکان دەڵێن:

– "حیکایەتی توشای" زۆر غەمگینە, پیرمان دەکات.

توشای دەڵێت:

– من تەنیا یەکجار بەنێو کەونە قەڵایەکدا گەڕام و لەوساوە تاکو ئێستا لەم چاڵەدا کونجی تەنیاییم گرتووەو هیچی تازەم نەدیتووەو نەبیستووە.

بەڵام کە پایز دیٚ و هەوری چڵکن و تەمتومان لوتکەو یاڵەکان لە چاو ون دەکات, باڵنەکان لە دەوری هێلانەکەی توشای گرددەبنەوەو توشای بە ئەوکی پڕ گریانەوە, هەڵدەکاتە ئاوازەکەی و بەمجۆرە حیکایەتەکەی دەگێڕێتەوە:

لە رۆژێکی پایزی وەکو ئەمڕۆدا, بەسەر "بورجی پیردا" دەگەڕام. شەکەت بووم. چووم لە قەراخ پەنجەرەیەکی نیوەکراوەدا نیشتمەوە. لە پشت پەنجەرەکەوە روانیمە ژوورەوە. توشای, ئەو کچۆڵەیەی کە من ناوەکەیم بە یادگاری هەڵگرتۆتەوە, لە بەردەم "قازی تیزاب" وەستابوو. روخسار و چارەی توشای وەکو گوڵی زۆزان جوان و سادەو بەدەماخ بوو. چاوە درشتەکانی لە تۆوایە دوو دڵۆپە شەونمی درشتن. قازی لە توشای پرسی:

–ئیعترف دەکەی کە چوویتە قەڵاکەوە؟

توشای بەدەنگێکی بتەوو سازگار ووتی:

– بەڵیٚ.





قازی نیگایەکی سەرکەوتووانەی راوێژکارەکەی و پاسەوانەکانی کرد و گوتی:

– بۆ ئەوەی کلیلی دەرگا داخراوەکەی بدۆزیتەوەو بیبەی؟!

من لە پشت پەنجەرەکەوە گوتم: توشای! توشای! بەدرۆ وەڵامی قازی بدەوە. نەکەویتە داوییەوە, بە ویژدانی ئاسوودەوە درۆی لەگەڵدا بکە. لیٚ توشای لە زمانی من حاڵی نەدەبوو. نیگایەکی منی کرد. بۆ ساتێك پرشنگ کەوتە چاوەکانی, بزەیەکی کرد. گەڕایەوەو لە وەڵامی قازیدا گوتی:

– بەڵیٚ.

قازی کە غەبغەبەکانی چین لەسەر چین لەگەڵ وڕگە زلەکەیدا دەلەرزی پرسی:

– دەتویست چی پیٚ بکەی؟ بڵیٚ کیژم, راستییەکەی بڵیٚ با رزگارت بیٚ.

من گوتم:

– توشای!... توشای! راستی نەڵێی, بەزەییت بەخۆتا بێتەوە

بەڵام توشای, لە زمانی من نەدەگەیی و راستی گوت:

– دەمویست نهێنی حەرفی قەدەغەی پیٚ بکەمەوە.

قازی, بە خۆشحاڵییەوە گوتی:

– بەدەمی خۆت ئیعترافت کرد, کاری تۆ تەواو. جا مادامێکی کیژێکی چاکی, بەڕاستی ناوی ئەو دۆستانەت بڵیٚ کە دەیانویست لەگەڵ تۆدا بێنە ناو قەڵاکە.

من گوتم:

– توشای! بڵێ من دۆستم نین... بەتەنیا هاتم... قەڵاتەوانەکان درۆ دەکەن, بەڵام لە پڕ روخساری توشای شین هەڵگەڕاو بە تووڕەیی و نەفرەتەوە تفێکی کردە چارەی (قازی تیزاب).

قازی بەقۆڵی کراسەکەی ڕووی خۆی سڕی و حوکمی دا:

– بیبەنە بن دیوارەکە!

پاسەوانەکان "توشای"یان بردە نێو حەوشی قەڵا. توشای قەیتانی پێڵاوەکانی بەست, سەرپۆشە گوڵدارەکەی چاك کرد. لە پڕ لەنێو حەوشە بەرینەکەی پیرە بورج و قەڵات و لەنێو ڕاڕەوە یەك لەنێو یەکەکاندا کەوتە غاردان. ڕایدەکرد و کۆڵەمستی رادەوەشاند و لەتۆوایە گێژاوەو بەدەوری خۆیدا دەسوڕێتەوە. وەکو دەریای هەڵچوو, شەپۆلی دەدا و دەنگێکی سەیر لە گەروویەوە دەردەهات. لە پشت پەنجەرە داخراوەکانی قەڵاتەوە, هەزاران چاوی نیگەران دەیانڕوانییە ئەو. هەزاران دڵ بۆ ئەو لێیاندەدا و هەزاران چاو بۆی دەگریان. سەرەنجام پاسەوانەکان دەستگیریان کرد. دەستیان لە پشتەوە بەست و بردیانە بن دیواری قەڵات. لەوێندەر لاقەکانیشیان بەست تا هەڵنەیەت. ئەوسا چۆکیان نایە سەر ئەرزی و بەرەو توشای دەستڕێژیان کرد. دڵی توشای تەقی و هەزار پارچە یاقووتی سووری لێڕژا. پاسەوانەکان غاریان دا کە یاقووتەکان خڕ بکەنەوە, کە دەستیان دەگەییە وردە یاقووتەکان دەسووتان و مووی لەشیان یەکپارچە سپی دەبوو و بەدەم هاوارەوە هەڵدەهاتن و شێت دەبوون.





توشای, چۆکی نایە سەر زەوی و دڵۆپە خوێنێکی درشت لە گەروی هاتە دەرێ, و بوو بە باڵندەیەك و لە شەقەی باڵی داو جارێك بەسەر بورجی پیردا سوڕایەوەو بۆ هەمیشە رووی کردە بێشەکان. من لە ناخی دڵەوە هاوارێکم کرد و لە گۆشەیەکدا کەوتم.

حیکایەتەکەی توشای کە دەگاتە ئێرە, باڵندەکان بەکۆمەڵ یان بەتەنیا, بەسەر زاگرۆس دا, دەست بە کۆچی خەمینی خۆیان دەکەن. "کەڵەکێویان" شاخیان بە تاوێرەکاندا دەکێشن و توشای, دڵۆپە خوێنێك لە گەرووی دەتکێ و لەسەر قوللەیەکی بەرز, لەنێو چاڵەکەیدا لەهۆش خۆی دەچێت.

سەرچاوە:

توشای

پرنده غریب زاگرس

منصور یاقوتی

چاپ اول: 1374

# کتێب

## مەنسووری یاقوتی

لە دەرسی مامۆستا کامکاردا چ قوتابییەك پێنەدەکەنی. باوێشکی تەمەڵی نەدەدا. چ کەسێك نەیدەڕوانییە دەرێ، خۆی بە تەماشاکردنی هەتاوی زەردی ئاسمانی شین، درەختی بەهێ و هەرمێوە خەریك نەدەکرد، لە دەرسی ئەودا چ قوتابییەك نەی دەڕوانییە ئەستێڵە گەورەکەی نێو حەوشی قوتابخانەکە.

لە دەرسی مامۆستا کامکاردا، چ کەسێك خەو نەیدەبردەوە. لاقی تەمەڵی لێ ڕانەدەکێشا، بە قەڵەمەکەی دەست و پلی خۆی نەدەنووسی. کەس بیرەوەری و یادگاری لەسەر ڕەحلەکەی هەڵنەدەکەند. تەنانەت (حوسێن)یش بەو هەموو لاسارییە و





بێعارییەی خۆیەوە ئاقڵ و ئاغر دادەنیشت و بەتاسەوە چاوی دەبڕییە زاری مامۆستا. گشت قوتابییەکان خۆشحاڵ و چالاك، کڕوکپ چاویان دەبڕییە مامۆستاکە بە نێو پۆلەکەدا دەهات و دەچوو، چیرۆکی کوڕە کەچەڵەی بۆ دەگێڕانەوە، لەگەڵ لێدانی زەنگی پشوودا، چیرۆکەکەی لە شوێنێکی ناسکدا دەبڕی و پاشماوەکەی بۆ سبەی دەهێشتەوە.

لە دەرسی ئەودا، بە تەواوی لە دنیای وشکی شیعرو داستان و ئەندازەو بیرکاری و شتە سەیرو سەمەرەکانی ناو کتێبی دەرس دوور دەکەوتنەوەو دەچوونە جیهانێکەوە کە ئادەمیزادی تێدا دەژیاو کاری مەزنیان ئەنجام دەدا: دەجەنگین، شکستیان دێنا، هەڵدەستانەوە. پشتی بەدکاریان بە عاردیدا دەدا. لەم دنیا تازەیەدا مرۆڤ هەوڵی دەدا بەسەر ناخۆشییەکانی ژیاندا سەر بکەوێ.

لە دەرسی ئەودا جیهانەکان ئاوێتەی یەکدی دەبوون، منداڵەکان ڕێگەیەکی ئاشکراتریان لەبەردەمی خۆیاندا دەبینی. هەموو، سەراپایان دەبوو بە گوێ و موویان لێ نەدەبزووت.. کوڕە کەچەڵە چۆن دێوەکە سەر دەبڕێو لە دەستی ڕزگار دەبێ، زۆر دەترسان کوڕە کەچەڵە دەرەقەتی دێوەکە نەیێ و بکەوێتە داوییەوە. چ کەسێك نەبوو لەو پۆلەدا لایەنگری دێوەکە بێ. دێوەکە بێ پشت و پشتیوان و بێگانە بوو. بە خەیاڵ سەدان جارمان دەکوشت و ئاگرمان تێ بەردەدا، قارەمانی چیرۆکەکە دەکەوتە تەنگانەوە. دەستی بەیەکدا دەدان، چارەی گرژ دەبوو،

بەرچاوی تاریك دەبوو، لەگەڵ ئێمەدا هەناسەی دەكێشاو داخی دەخوارد.

ئێمە لەماڵەوە، لە بازاڕو كوچان، لە گەڕەك و بانان هێندەمان سوكایەتی پێدەكرا. هێندە داركاری دەكراین. لە گیانی خۆمان بێزار دەبووین: ژیانمان هێندە ناخۆش و ناڕەحەت بوو هەر مەپرسە، لە دەرس و دەرس خوێندن وەك چۆن جنۆكان لە بیسمیللا هەڵدێن، بەو ئاوایە هەڵدەهاتین و خۆمان دەدزییەوە، پۆلی پێنجەمی سەرەتایی بووین، مامۆستا كامكار بە چیرۆكەكانی شادی دەكردین، دەی خستینە پێكەنین و بە دوی رووداوی یەك لەیەك سەیرتردا رایدەكێشاین.

سەرەتای هاوین بوو، هەتاو وەك پارچە ئاگرێك بە ناوەندی ئاسمانەوە دەبریسكایەوە، لەگەڵ شێرەی شەبەقدا بابە لە خەو هەڵیدەستاندم و دەیوت:—

—رابە..رابە. ئێرە قوتابخانە نییە. دەستی ماندوو لەسەر سكی تێرە. بە تەمەڵییەوە چەرچەرفەكەم لەسەر خۆم لادەبردو لە بن لێوانەوە دەم بۆڵاند:

— باشە بۆ منداڵی خەڵكی كاریش ناكەن و تێر دەخەون و دەخۆن؟

بابە دەیوت:

—هەقت بەسەر خەڵكیەوە نەبێ، ئەوانە هەروا هاتوون و ئادای كاركردنیان نەزانیوە. بەشیان هەر خەوتن و خواردنە.

لێوم دەكرۆشت. ددانم جیڕ دەكردەوە، بە ڕقەوە دەموت:





—ئا، هەروا هاتوون.. بەڵێ ئەوان بە جل و بەرگەوە هاتوونەتە دنیاوە.

دایكە لە ناو حەوشەوە هاواری دەكرد:

—قسە لە قسەی بابت مەكە، هەڕە هەمووی سەعاتێكە. خۆ ناچیتە پاچكاری.

بەناشتا یەكێك لە سەتڵە شیرەكانم هەڵدەگرت. بابەش سەتڵەكەی دی هەڵدەگرت. دوو بەدوو بەناو كۆڵانەكان دەكەوتین و گەڕەكی دەوڵەمەندان خۆبگرە واهاتین.

لە لای رۆژهەڵاتەوە، هێشتا تاك و تەرا ئەستێران بە ئاسمانەوە بوون. وەك چاوی جانەوەران دەدرەوشانەوە. كۆڵان و بازاڕەكان چۆڵ بوون، هەر كاو نا كاوێ رێبوارێكی ئاشنا تێدەپەڕی و ئاغزە جگەرەكەی فڕێ دەدا و پێیەكی پێدا دەنا. یەكێك لەو رێبوارانە پیاوێكی پیر بوو. ئەم پیاوە نەخۆشی سیلی بوو، بەردەوام دەكۆكی. بابە دەیوت: (داماوە هێندەی گەردو تۆز چووە بە گەرودا تووشی سیل بووە...)

یەكێكی دی نێوی عەلی موراد بوو. ئەمیان شاگرد نانەوا بوو. باریك و بنێسێكی چاو دەر پۆقیو بوو. چارەی گرژو مۆن، ئێسكی گۆناكانی زەق و زۆپ دەرپەڕی بوون. بابە دەیووت: (هێندە لەبەر ئاگری تەنوور وێستاوە هەموو گۆشتەكەی تواوەتەوە، هاكا پەكی كەوت.)

یەكێكی دی حەس حەس بوو. حەس حەسی گەڕەكی خۆمان نەبوو، لە گەڕەكی ئێمەدا كەس هیچی نییە تا بدزرێ. رەنگی

دەتوت زەعفەرانی زەردە. لە رەنگی ئەو دراوسێیەی ئێمە دەچوو کە لە ژێر خانە شێدارەکەدا دەژیا .

ئەو رێبوارانە هەر کە دەگەییینە ئاستی بابە سلاویان لێدەکردو بەدەم سوعبەتەوە دەیانوت:

– لالۆ ئەسەد پەرداخیّ لەو شیرەمان بۆ تێکە تا گورێکمان بێتەوە بەرو چاکتر کار بکەین.

بابە بەڕوو خۆشییەوە سلاوی دەسەندنەوە دەیوت:

–وەبان هەردوو چاوەکانم.. نۆشی گیانتان بیّ.

دەستێکیان بەسەری مندا دێنا، خوا حافیزیان دەکردو دەڕۆیشتن.

ئێمەش دەڕۆیشتین تا دەگەیشتینە گەڕەکەکانی سەرێی شار، ئەم گەڕەکانە کەم و زۆر لە گەڕەکی ئێمە نەدەچوون. بیرم لەو چیرۆکانە دەکردەوە کە مامۆستا کامکار بۆی دەگێڕاینەوە.

مامۆستا کامکار لە ئاخیر رۆژدا وتی:

– هاوین تەمەڵی مەکەن و بۆ خۆتان کتێب بخوێننەوە، ئەو چیرۆکانەی من بۆتانی دەگێڕمەوە هەموویانم لە کتێباندا خوێندۆتەوە. هەر چۆنێك بووە، رۆژی سەعاتێك بۆ کتێب خوێندنەوە دابنێن کتێب فێرتان دەکات چۆن بژین، چاو لەو کەسانە بکەن کە لە ناو چیرۆکەکان رەوشتیان بەرزە، لەگەڵ خەڵکی دا میهرەبان بن، لە کتێب خوێندنەوە غافڵ مەبن.

ئەورۆ لێبڕام هەر چۆنیّ بووەو بەهەر فڕوفێڵیّ بۆم سەر بگریّ بابم بێنمە رەداو کتێبێکم بۆ بکڕیّ. بابم یەکەم کەوچکە شیری





کردە چینی کابرایەکی سەر روتاوەی رەزا قورسەوە. هێشتا خەو بەری نەدابوو.

دوور کەویتنەوە، دوو قۆڵی هاوارمان دەکرد:

–وەرە بۆ شیر، شیری گەرم.

بیّ پێشەکی بە بابم گوت:

–کتێبێکم بۆ بکڕە.

بابە، سەتڵە شیرەکەی لەم دەستیەوە بۆ دەستەکەی تری گواستەوە.

بەبیّ مەیلی گوتی:

– لە ماڵەوە ئەمیر ئەرسەلان و حوسێن کوردو رۆستەمنامەو چل توتی هەن" بۆ خۆت بیانخوێنەوە.

لەو کاتەدا تا زارم گرتی هاوارم کرد.

.. وەرە بۆ شیر..

وتم:

– ئەوانەم خوێندونەتەوە.

بابە بە دەم هەنگاوی هەڕاوەوە وتی:

–مادامێکی ئەوانەت خوێندونەوە. ئیدی چ کتێبی دی نەماوە بیخوێنییەوە.

بە متمانەوە وتم:

– کتێبی دیش هەیە.

بابم لەبەر دەرکەی ماڵە موشتەریەکدا وێستا، لە زەنگی داو وتی:

– کتێب خوێندنەوە نان و ئاو پەیدا ناکات..
کابرایەکی ڕەقەڵەی عەینەك لە چاو بە خۆو قاپێکەوە هات. قاپەکەی پڕ کرد. پارەکەی دا لێکدا لێکدا سوپاسی بابەی دەکردو رایدەسپارد کە بۆ سبەینیٚ بیٚ شیری نەکات دەرکەکەی داخستەوە. بابە نیگایەکی کردم وتی:
– ئەم پیاوە موعەلیمە، هێندەی کتێب خوێندۆتەوە چاوی کز بوون، ئەمەش خێروبێری کتێب خوێندنەوە!
نەمدەزانی چۆن قەناعەت بە بابە بێنم کە کتێب خوێندنەوە باشە.
هەرچیم دەوت، سەرێکی بادەداو دەیوت:
– پێویستە کار بکەی کار، تەنیا کار دەتکا بە پیاوی ناو پیاوان، قاتی ناتەویٚ ببی بە مەلا، کتێب ئاوی چاو دەبا. ڕەنگت زەرد هەڵدەگەڕێنیٚ.
سەتڵەکان هێشتا شیریان تێدا مابوو. هێشتا نەمتوانی بوو قەناعەت بە بابە بێنم کە هەندیٚ پارەم بداتیٚ. وتم:
– ئەوسالٚ یەکەم دەبم.
کۆکەیەکی کرد، بینێکی دایێو وتی:
– بابزانم بیرێکی لیٚ دەکەمەوە.
(بیرێکی لیٚ دەکەمەوە..) یەعنی چ بیرێکی لیٚ دەکردەوە. زۆری لەسەر نەڕۆیشتم. بیری خۆم بە چیرۆکەکانی مامۆستا کامکارەوە خەریك کرد. کۆڵانەکە یەکپارچە هەراو هەنگامەی دایك و منداڵان بوو. بابە بە هەنگاوی هەڕاو بەرەو ماڵێك





دایدەکێشا. منیش بە گورگە لۆقە دوای کەوتبووم. بە کۆڵانێکی گەورەدا پێچمان کردەوە. کۆڵانەکە قیرتاوکرابوو. زبڵدانێکی گەورە لە سوچێکی کۆڵانەکەدا هەبوو. هەموو بەیانییەك لە گەڕانەوەدا سەرێکی ئەو زبڵدانەمان دەداو توێکڵە شوتی و کاڵەکمان خڕدەکردەوە. لە سەتڵەکانمان دەخست و دەمان بردەوە بۆ مانگاکانمان. هەندیٚ جاریش بە ڕێکەوت شڕە گۆڤارو ڕۆژنامەی جۆراوجۆرم دەدۆزییەوە. لەگەڵ خۆمم دەبردنەوە. بەتاسەوە پەڕە پیس و دڕاوەکانم هەڵدەدایەوەو دەم خوێندنەوە. ئەوەی کە لیێی تێدەگەیشتم بۆ منداڵانی گەڕەکم باس دەکرد.
ئەمڕۆش هەر بە بیانووی توێکڵە شوتی و کاڵەکەوە وەسەر پیرە زبڵدان کەوتم. هەزاران جۆرە بۆنی ناخۆش بە لوتما دەچوو. پیرە سەگێکی مردەلۆخ کە بۆ پارچە ئێسقان و مڵوموش کەوتبووە هەڵدڕینی زبڵدانەکە هەر کە چاوی پێم کەوت نیگایەکی تورەی کردم. شاپێکم خێواندە لاقەبرغەی و دوور کەوتەوە. دارێکم هەڵگرت و کەوتمە وەردەوەدانی زبڵدانەکە. بابە هەر جاریٚ توێکڵە کاڵەکێکی دۆزیبایەوە تێی رادەخوڕیم:
– ئەوە خەیاڵت لە کوێیە هەی لەقلەقی نەخۆش. ڕۆژیٚ دیٚ ئەم شڕە کاغەزانە لە خشتەت بەرن. دەڵێی بەدووی گەوهەرا دەگەڕێی. خێراکە بابڕۆیینەوە دەی.
تورەبووم و وتم:
–تۆ بڕۆ من دوایی دێمەوە.

بابە وتی:

– ئاخر دەبیٚ مانگاکانمان بەرینە دەریٚ. تا هەوایەك لێیان بدا و سرِی پێیان دەربچیٚ. زیندانیش پێویستی بە هەوا گۆرِینە. ئەگەر تا ئێوارە لە ژوورەوەبن دەگەنێن.

چ وەڵامێکم نەدایەوە. سەتڵە بەتاڵەکانی هەڵگرت و رۆیی لە شەقامەکە سوورِایەوە. بەدەم هەڵدرِینی زبڵدانەکەوە دوو کەوچکی جوانم دۆزییەوە.

لەخۆشیان هەڵم کردە گۆرانی وتنیٚ. تەماح گرتمی زیاتر کەوتمە هەڵدرِینی زبڵدانەکە. بەڵام بێهودە.. ئوتومبێلی شارەوانی بەگرِەگرِ هات زبڵەکانی بارکردو بردی. هەناسەیەکم هەڵکێشا. خۆزیام دەخواست کە بزانم زبڵەکە بۆ کویٚ دەبەن. کەوچکەکانم لەبەر بەلوعەی سەرجادەکە شوشت و بەغاردان بەرەو پردی (حاجی مەد تەق) چووم. بازارِی وردە فرۆشانی لیٚ بوو. لەویٚ هەموو شتیٚ هەبوو: کەوچك، تەزبیح، چەقۆ، بەردەستیٚ و.. کەوچکەکانم دایە پیرەمێردێك سەروسەکوت و سیمای لە تلیاکێش دەچوو قژی بژبووبووەوە. لە دڵی خۆمدا بە تەمای پارەیەکی باش بووم. وتم:

– ئەم کەوچکانە بە چەند دەکرِی؟

ئەگەر دوو تمەنم بداتیٚ، ئەوا سیٚ تمەنیش لە باوکم دەستێنم و کتێبێکی پیٚ دەکرِم، بەخۆم کتێبی چاکم نەدەناسین. کەسیش نەبوو بۆم هەڵبژێریٚ. ناچار دەبوایە خۆم هەڵی بژێرم و.. وێنەی سەر بەرگی کتێبەکان سەرنجیان رادەکێشام و..ئەوساکە





عەوداڵی کتێبی پرِ لە بەسەرهاتوو رووداوی سەیرو عەنتیکە بووم. قارەمانانی کتێب بەردەوام بە گژ یەکدا دەچوون. هەمیشە بەشیان سەرکەوتن بوو. گەر کتێبێکم خوێندبوایەوەو قارەمانەکەی مردبا یان بەزیبایە ئەوا لە حەژمەتاندا دەستم بە گریان دەکردو شەویٚ لە سوێیاندا نەدەخەوتم تا بەیانی دەتلامەوە. خۆزیام دەخواست کە نەمردباو خەنیمەکانی تاقوبرِبکردایە. ژیانم ناخۆش بوو.

هەموو رۆژەکانی وەك یەك بوون. کتێبی پرِ لە بەسەرهات وایان لێدەکردم لە خۆمەوە دوژمنایەتی تەمەڵی و ژیانی یەك چەشنە بکەم. هەر کەسێك دڵی شکاندبام ئەوا لەلام دەبوو بە دێوو باوە پیارەی ناو کتێبان و بە خەیاڵ شیرو تیرم لێی هەڵدەکێشاو مەگەر هەر خۆم بمزانیبا چیم بەسەر دێنا.

پیرەمێردەکە، ماوەیەك کەوچکەکانی ئەم دیو و ئەو دیو کردو بە ساردییەوە وتی:

– خۆ نەتدزیون؟

نیگایەکی بیٚ بەزەییانەی کردم. منیش بە هەمان ساردییەوە وتم:

–بابم دایمیٚ تا بیانفرۆشم و بە پارەکەیان جوتیٚ پێڵاو بکرِم.

پیرەمێردەکە پێکەنی. ددانە کرمۆڵەکانی بەدیار کەوتن:

– ها... ها

پێکەنینەکەی تەواو بوو. سەراپای بە نیگا دابێژتم و وتی:

– جا پارەی پەرداخیٚ. ماستاو دەکەن تا پێڵاوی پیٚ بکرِی!

سور هەڵگەڕام، وتم:

– ئەگەر ناتەوێن. بێنە با بیانبەمە جێیەکی دی.

ئەمجارەش کەوچکەکانی ئەم دیو و ئەو دیوکردنەوەو وتی:

–تمەنێکت دەدەمیٚ، لەوەی زیاتر ناهێنن، گەر قاییل نیت ماڵی خۆتن.

دەتوت سەتڵیٚ ئاوی ساردم پێداکرا. خەم دایگرتم و ، وتم:

– باشە بەڵام تمەنێك زۆر کەمە.

قوڵایی گیرفانەکانی گەڕا. تمەنێکی دەرهێناو وتی:

ئەگەر هی ترت هەن بۆم بێنە.

تمەنەکەم وەرگرت و لە دڵی خۆمدا وتم: (بریا قازانجەکەی ببیٚ بە ئاگرو بەربێتە گیانت، هەی بیٚ ئینسافی دەستبڕ!)

دەمزانی تمەنێك ئەو پەڕەکەی کتێبی کتك و مشکی پیٚ دیٚ، کە کتێبێکی خۆش بوو.

دەوروبەرم یەکپارچە خواردەمەنی بوو. چەند جارێك چەندو چونی دڵی خۆم کرد. زۆرم حەزەکرد بایی تمەنێك سێو بکڕم یان خۆ بگەیەنمە لای برایم و پەرداخیٚ شەربەت بکڕم و دڵی خۆمی پیٚ فێنك بکەمەوە.

بەڵام ژێوان بوومەوە. دەکریٚ سێو نەخۆی، بەڵام ناکریٚ کتێب نەخوێنیەوە تمەنەکە لە نێو دەستمدا ئارەقەی کردبوو. چوم بۆ بازاڕی جولەکان – چوار پێنج کۆنە کەیهانی منداڵانم لە دوکاندارێکی لوت درێژی چاو بە قوڵاچووی نەخۆشی پەککەوتە کڕی. گۆڤارەکانم لەبن باخەڵم نا، لە کەیفان حەجمانم






نەبوو. دوو پێم هەبوو. دوی دیشم قەرز کرد تا زووتر بگەمەوە ماڵ و لەگەڵ تورانی خوشکمدا بە تاسەوە دوا پەڕەیان بخوێنینەوە.

ژێدەر:

بڕوانە کۆمەڵە چیرۆکی کودکی من منصور یاقوتی

رامان 16

تشرینی یەکەم/ 1997



**جەلال ئال ئەحمەد**

1969–1923

# جیٚ پیٚ

## جەلال ئال ئەحمەد

دنیا تەزی بوو. چاوەڕێی پاس بووم. بەسەر بەفری سەر شەقامەکەدا دەهاتم و دەچوم. لە ژێر پاڵتۆکەمەوە هەڵدەلەرزیم. دوو ڕۆژ بوو بەفر دەباری. هەرگیز بەڕادەی ئەو ڕۆژە بریقەی بەفر ئازاری چاوی نەدابوم. هێشتا شەوقی بەفری ڕۆژ نیگای بەرنەدابووم. چاوم جارجار ڕێشکەوپێشکەی دەکرد. ئەو پۆلەی دەرسم تێدا گوتبۆوە سۆپای تێدابوو. گەرم بوو. بەڵام فایدەی چی؟ خۆ گەرماکە لەگەڵم نەدەهات. دیسان شەقامەکەو تۆف و





بەستەڵەک.. سەرماو چاوەڕوانی پاس. دەرسەکەم لە ڕۆژان زوتر تەواو کردبوو. شەکەت نەبووم، بەڵام سەرمام بوو. هەستم دەکرد ئێسکی شانەکانم لە ژێر پاڵتۆکەمەوە دەلەرزین. یەخەی پاڵتۆکەم هەڵدابۆوە. بە کەنار شۆستەکەدا دەهاتم و دەچووم. بەفر، هێشتا هەر دەباری. جار جاریش دەبوو بە تەرزە. دەنکە تەرزەکان وردو قورس بوون. کە پروشە بەفر لە درزیی یەخەمەوە دەخزیە سەر ملم، دڵم تێك هەڵدەهات. دوو پاس هاتن و تیٚ پەڕین. لە نێو تاریکییەکەوە دەمڕوانییە کلۆ بەفرەکان.

تایەی ئۆتۆمبیلان بەفری سەر شەقامەکەیانماڵی بوو. بەڵام هێشتا هەر بەفری پێوە مابوو. هەستم بە نەرمی بەفرەکەی ژێر پێم دەکرد کە دەپەستراییەوە ڕووناکی گڵۆپی شەقامەکە لێڵ بوو. کلۆ بەفرەکان دەتگوت داوی خەیاڵی سپین و بە چ شوێنێکی ئاسمانەوە بەندنین.

شەقامەکە چۆڵ بوو. یەك نەفەری دیش لەویٚ وەستابوو و چاوەڕێی پاس بوو. نیگای وێڵ و سەرگەردانم لەگەڵ کلۆ بەفراندا بەرەو ئەرزەکەدادەگەڕا.

لە ژێر روناکییە لێڵەکەدا وەستاوم. روانیمە بەفرە تازە باریوەکە. لە پڕ نیگام لە جیٚ پێیەك هەڵەنگوت! جیٚ پێیەکی پان و گەورەو تازەبوو. هێشتا بەفر بە تەواوی پڕی نەکردبۆوە. لەنکاو بیرێك یەخانگیرم بوو: یانی دەشێت؟ دەشێت ئەمەجیٚ پێی من بیٚ؟.. خۆزی جیٚ پێی من بایە!.. نەخێر بوو بە خولیام.

چەندم حەز دەکرد جێ پێم لەسەر زەمین مابێتەوە. چی وای نەمابوو گریۆ لەگەڵ خۆدا بکەم کە جێ پێی منە، بەڵام نەفەرێکی دیش لەوێندەر بوو. بەدەم چاوەڕوانی پاسەوە هاتوچۆی دەکرد. دیسان نیگام لە نێو داوە سپییەیە خەیاڵییەکاندا وێڵ بوو. بیرم دەکردەوە کە: یانی دەشێت؟.. یانی جێ پێی منیش لەسەر زەوی دەمینێتەوە؟.. خۆزی جێ پێی من بایە!

پڕوشە بەفر بەنێو هەڵمی هەناسەم دا دەهاتە خوارێ و بەرەبەرە جێ پێیەکەی لەمەڕ منی پڕ کردەوە.

خولیای جێ پێ دڵی هێنامە جۆش. دنیا سارد بوو. لە ژێر پاڵتۆکەمەوە هەڵدەلەرزیم. بەدەم چاوەڕوانی پاسەوە، بەفرو بەستەڵەکی سەر شەقامەکەم دەکوتایەوە.

لە پڕ وەرچەرخام و بە شوێنەکەی خۆمدا هەوراز بوومەوە. نیگام لە جێ پێیانی دی هەڵەنگوت. جێ پێیەکان روو لە من بوون. هێشتا بەفر پڕی نەکردبوونەوە. دیسان دڵم هاتەجۆش. نازانم هێشتا هەڵدەلەرزیم یانا، بەڵام دڵم تەواو گەرم ببوو. خولیاکە لە دڵم دا گەورە بوو. بە دەستەخۆم نەبوو نیگام لەسەر پێڵاوی کابرای هاوچاوەڕوانیم گیرسایەوە. جۆتێ نیوپوتی بریقەداری لە پێ دابوو بنەکەی گرنج گرنج بوو جێی پوتەکەی لەسەر بەفرەکە نەخش بوو و هێشتا بەفر پڕی نەکردبووەوە.

جێی پێیە پان و گەورەکە گرنچ گرنج نەبوو. ساف بوو،





پاژنەکەی بەرز بوو. جێی حەوت کونی چکۆڵە بە پاژنەکەیەوەبوو. بیرمە کە ئیدی دەلەرزیم. دیارترین جێ پێم دایە چاو و بە ئارامی لێی چوومە پێشێ. جێی پێی راست بوو. پێی راستم هەڵبڕی و لە تەنیشتییەوە دامنا. کە هەستم کرد جێ پێم لەسەر بەفرەکە نەخش بوو، ئەوجا بە ئەسپایی پێم لابرد: ئەها!.. یانی دەشێت؟..یانی لە گوینە!

بەڵام ئەو کەیفە خێرایەی وەنێو دڵ و دەرونم کەوت گەرمی نەدەکردمەوە، شانم لە ژێر پاڵتۆکەمەوە دەلەرزی.

هۆڕنی پاسێك وەئاگای هێنامەوە. لاکەوتم. تایەی پاسەکە رێك بەسەر جێ پێیەکاندا تێ پەڕی و دوو شەقاوێك هێوەتر وێستا. سەرکەوتم. هێشتا هەر هەڵدەلەرزیم. پاسەکە چۆڵ و ساردبوو. قامکی پێیەکانم لە نێو پێڵاوەکاندا رچی بوو. لە درزی پەنجەرەکەوە کزەیەکی سارد وەژوور دەکەوت. هەر جارەی کۆمەڵێك پڕوشە بەفری بەگەڵ خۆ دێناو بەر دەموچاوم دەکەوت. نیگام بڕی بووە پێشێ و هەر کە دەگەییە جامە بەفر گرتوەکە، ئەویش لە جێی خۆی دەی بەست و بە جامەکەوە دەچەسپی. لەفکرانراچووم یانی.. ئەمەلەسەر بەفر بوو! جێ پێی سەر بەفر ها! جێ پێی سەر بەفر چ دادێکم دەدا؟ ها! یانی دەشێت؟ بەم سەرمایە! بەم پێیە رچیوانەوەم؟ یانی لە گوینە؟ ئاخر چۆن دەبێ؟.. نێو پاسەکە ساردبوو. پتر هەڵدەلەرزیم. لەگەڵ هەر تاسەیەکدا جامەکان تەکانێکیان پێ دەکەوت و دەنگێکی قێزەوەریان لێوە دەهات. زنجیری تایەکان بەسەر

بەستەڵەکەکەدا دەسوڕایەوەو زڕەیان دەهات. شاگردی شوفێرەکە بەدەنگی بەرز قسەی دەکرد. ناوە ناوە سەری دەکێشایە دەریٚ و بانگی دەکرد.

لەچوار ریانەکەدا دابەزیم. کتێبەکەی بەرباخەڵم خەریك بوو دەکەوت. لاقیشم دەلەرزین و چی وای نەمابوو بەسەرا بکەوم. ددانم جیر کردەوە. یەخەی پاڵتۆکەم پتر هەڵکشا. کتێبەکەم قایم کردو خۆم گەیاندە سەر شۆستەکە. بەفری سەر شۆستەکە بەستبووی. دەمزانی جیٚ پێی منی لەسەر دەرناکەویٚ. شۆستەی کەنار چوار ریانەکە قەرەباڵغ بوو. خەڵکەکە هەموو بەلەز دەڕویٚشتن، هەموو دەستیان نابووە گیرفانیان. هەناسەیان وەکو هەناسەی ئەسپ هەڵمی دەکرد. هەموو چەتریان هەڵدابوو ، سەرمایان نەبوو. رووتەڵە و پیٚ خاوسان بەدەرەوە نەبوون، یا مردبوون و بیٚ ئەرك بەسەر خەڵکییەوە، وەبن بەفران کەوتبوون، یا خزی بوونە نێو ژێر زەمینان. کە دەم روانیە سەروچاوی ئەوانەی بەلامدا تێدەپەڕین، دەمبینی سور هەڵگەڕاوەو گەرمە لە تۆ وایە لە ژورێکی گەرم یا لە گەرماوەوە وەدەرکەوتوون. دەتگوت گەرماکەیان لەگەڵ خۆدا هێنابوو. هەموو گەرمایان بوو. دەستکێشیان لەدەست کردبوو. جیٚ پێیان لەسەر بەفری تازەباریوو بەدیار دەکەوت. یا بەدیار نەدەکەوت.. من ئەمەم مەبەست نەبوو بیرم لە جیٚ پێی خۆدەکردەوە. بیرم لە خۆم دەکردەوە. لە ژێر جلەکانمەوە هەڵدەلەرزیم و سەرکۆنەی خۆم دەکرد:ک دەبینی؟ دەبینی هەی قەل پیاو! هەموو شادو بە





کەیف و، گەرم و گوڕن.. تەمی هەناسەیان لە هەڵمی هەناسەی ئەسپ دەچیٚ، دەبینی؟ دەبینی چەند بێباك هەنگاو هەڵدێنن؟ بەڵیٚ؟ تۆ چ دەڵێی؟تۆ، خەریکە لەسەرما مردار دەبییەوە، رەق دەبییەوەو جیٚ پێشت لە چ شوێنان دیار نییە، نە لەسەر بەفر. نەلەسەر زەوی! بەڵیٚ جیٚ پێت لەسەر بەفریش بەدیار ناکەویٚ. تێدەگەی؟ تەنانەت لەسەر بەفریش!

روناکییەکی لێڵ لە جامخانەی دوکانی کەرەفرۆشەکەی سەر چوارڕیانەکەوە بەدی دەکرا.. رەچەرێی نێو بەفری سەر شۆستەکە دیاربوو. رەچەڕێیەکی تەسك بوو. بە تۆبزی جێی دوو رێبواری تێداوەبووە. رەچەڕێیەك کە لە ئاکامی هاتوچۆی رێبوارانەوە ڤەبوو بوو. جیٚ پێیان تێکەڵ و پێکەڵ بەسەری یەکدی دا کەوتبوون: پاژنەیەکی ناڵچەسواو، بنی کورت و باریکی پێڵاوێکی ژنانە، جێی چوار قامکی رووتی پێیەکی خاوس، گرنجی بنی پێڵاوێکی لاستیکی گەورەی پیاوانەکە بە دڵنیاییەوە لەجێی خۆیدا بەرجەستە ببوو. تەنانەت مارکەی کارخانەکەشی بە دیار کەوتبوو.

ئیدی هەموو جۆرە پێیەکی دی لەسەر رچەڕێیەکە بە پاڵ یەکەوەو بەسەر یەکدی دا نەقش ببوو. لە دڵی خۆدا گوتم: کدەبینی؟ دەبینی چ رووی داوە؟ جیٚ پێی چ کەسێك بە تەواوی نەماوەتەوە. جیٚ پێی کیٚ بەتەواوەتی دیارە تا هی تۆ دیار بیٚ؟ پێویست ناکا جیٚ پێی خەڵکی وەمێنیٚ.

جیٚ پێیان بۆ کردنەوەی رێگەیە. گرینگ ئەوەیە کە رێگە

بکرێتەوە. بەفرەکە بشکێ و رێگە ڤەبێ. کە رێگە ڤەبوو ئیدی جێ پێ بە کەڵکی چی دێ؟ جێ پێی تۆش هەر وایە.

گریمان جێ پێت وون بوو، لە بری ئەوە دەبێ بەبەشێك لە رێگەکە. گەر وونیش بێ لە نێو رێگەکەدا وون دەبێ. لە نێو رێگەیەکدا کە خەڵکی هاتووچۆی پێدا دەکەن.. ئەم بیرۆکەیە کەیفۆکەیەکی دەدامێ و خەیاڵی ئاسودە دەکردم.

بەڵام لەهەمان کاتدا کە ئەم کەیفۆکەیەم لەبەر خۆوە تاوتۆ دەکرد، هزرم شتێکی دی دەگوت. شوێنێکی دی هزرم تشتێکی دی دەگوت. لە گوینە هەر هەمان شوێن بێ... بەڵام ئەم تشتە رونترو بێدارتربوو. لێکدا لێکدا لە دەرکەی بیری دەدام! ها؟ لەبری ئەوە رێگە ڤەبووە! بەڵێ؟ جێ پێی تۆ بزر بێ.. تا رێگە ڤەبێ؟ ئەها؟ رێگە، رێگە بۆ کەسانێك دەڵێی تازە لە گەرماو وەدەرکەوتوون. هەناسەیان دەڵێی هەڵمی هەناسەی ئەسپن! بۆ ئەمانە؟ بۆ رێگە بکرێتەوە؟ بۆ هەموو خەڵکی مل بە بەفرەکەوە نەنێن؟ جێ پێڵاویان نییە؟ چی شەلن، گۆجن؟ کەواتە بۆ جێ پێی تۆ گوم ببێ..؟ ئیدی بە بیرۆکە دڵخۆشکەرەکەی خۆ پێدەکەنیم. پێکەنینێکی تاڵ و قێزەوەر. پێکەنینێك لە ژێر ددانەکانم دا پلیشاندمەوە، خۆ ئەگەر شیابا دەم خستە ژێر پێمەوە.

شۆستەکە تاریك بوو. بەرچەرێی نێو بەفرەکەدا رێم دەکرد. هێشتا لە ژێر پیرە پاڵتۆدا هەڵدەلەرزیم و خۆم سەرکۆنە دەکردو قەشمەریم بە کەیفەکەرانەکەی خۆ دەکرد. کە چوومە





کۆڵانەکەوەو گڵۆپەکان شەوقدارتربوون، سەیرم کرد کلۆ بەفرەکان درشت ترو فشەڵ تربوون، دەتگوت تۆپەڵە لۆکەیەو بەدەمکەوانی هەلاجانەوە دێتە خوارێ و سووك لە عاردی دا دەگێرسێتەوە. جەستەی بەفر گرتووی پشیلەیەکی رەش لەبن عامودی کارەباکە کەوتبوو. دڵم داخورپا: پشیلەکەی خۆم نەبێ..؟

چوومە پێشی، ویستم بەنوکی پێڵاوەکانم بیجوڵێنم. بە بەفرەکەوە قەرەسابوو و نەجوڵا. پشیلەکەی خۆم بوو. هەمان پشیلە رەشە تەمەڵە رەزا قورسەکەی خۆم بوو، ئەو پشیلەیە بوو کە هەر هێندەی لەدەست دەهات لە راڕەوە تاریکەکەدا بە بن دەست و پێیاندا هەڵێ. لە دەرگای دانەخراوی ژوورەکانەوە بە دزییەوە سەرێك بکێشێ.

ئەو پشیلە نەوسنەبوو کە سەرەتا زۆر کۆشام ببم بە هاوڕێی، بەڵام نەم توانی. بۆیە هەمیشە لەوە دەترسام رۆژێ لە راڕەوە تاریکەکەدا وەبن دەستم و پێم بکەوێ و هەناسەی لەبەر ببڕم. دڵم گیرا. خەمێکی نادیار دڵی گوشیم. دەمویست هەموو گرێکانی دڵم بکەمەوەو داخی خۆم بەسەر ئەو تاوانەدا هەڵڕێژم: ئاخر بۆ چویتە دەرێ؟ بۆ؟ نەخاسمە بەوتۆف و سەهۆڵبەندانە. بەم بەفرە بێ ئامانە، خەڵکەکە خەریکە رەق دەبنەوە. ئاخر بۆ چوویتە دەرێ؟.. هەر بەو دەقەوە کەلە ژێر پاڵتۆکەمەوە هەڵدەلەرزیم، بە پلە تاریکەکاندا سەرکەوتم. کلیلی ژوورەکە لە نێو دەستم دا دەتگوت پارچەیە سەهۆڵە.

دڵم تەنگ بوو. خۆم سەرکۆنە دەکرد. لەوە دەترسام نەبا جیٚ پیٚم نەمیٚنیٚتەوە.. لەسەر زەوی نەقش نەبیٚ..

بڕوانە: کۆمەڵە چیرۆکی : زن زیادی چاپی یەکەم ساڵی 1952.

ئاڵای ئازادی (84)

1992/8/8



**سادقی هیدایەت**

1951–1902

# لالە

## سادقی هیدایەت

لە بەیانی زووەوە گەواڵە هەوران دەهاتن و دەچوون. بایەکی ساردی ناخۆشی دەهات. ژێر درەختەکان پڕبوون لە گەڵای وەریو. گەڵا زەردەکان ناوە ناوە لە درەختەکان دەوەرین و بەدەم نەرمە سەماوە دەکەوتنە عاردی، پۆلە قەلەرەشێك بە قاڕەقاڕ بەرەو شوێنێکی نادیار دەڕۆیی. خانووی دێهاتەکان لە دوورەوە وەکو قاوغە شخارتەی لەسەر یەك هەڵچنراو، بە پەنجەرەی رەش هەڵگەڕاو و بەبیٚ دەرگا وا دەهاتنە بەرچاو کە موەقەت دروست کرابن.

خوداداد، بەڕدێن و سمێڵی بۆزەوە، گورج و گۆڵ و دڵ ورياو





زیتەڵە، هەنگاوی مکومی دەناو هەستی دەکرد هێزو گوڕێکی تازە دەڕژێتە دەمارەکانییەوە. بە رواڵەت چاوی لە جادە شێدارەکەی باوەشی پێدەشتەکەی بەردەمی بوو. بایەکە گەشکەی بە پێستی لەشی دەدا. وای دەهاتە بەرچاو کە درەختەکان دەرەقسن. قەلەرەشەکان مژدەی شادییان بۆ دەهێناو هەموو تەبیعەت لەبەرچاوی جوان و رەنگین و رووخۆش بوو. بوخچەیەکی موقەلەمی لەبن هەنگڵی نابوو، بە خۆیەوەی چەسپاندبوو، چاوەکانی دەبریسکانەوە، هەر هەنگاوێکی دەنا، بەلەکە سفتەکانی لە ژێر دەلنگی پانتۆڵە رەشە دەڵبەکەیەوە بەدیار دەکەوتن.

جلەکانی شینی ئاسمانی بوو، کڵاوێکی لبادی ئامال زەردی لەسەر بوو، خوداداد، پیاوێکی شەست ساڵان بوو، پیاوێکی بە هەیکەل و ئێسقان ئەستوور بوو، باڵا بەرزو چاوگەش بوو، کونجی قەناعەتی گرتبوو و، نزیکەی بیست ساڵێك بوو خەڵکی دەماوەند نەیان دیبوو. خوداداد لەلای کانی عەلا لەسەر رێگەی (مازندەران) کوخێکی لەبەردو گڵ بۆخۆی دروست کردبوو، بیست ساڵێك بوو بە تاقی تەنیا دەژیا. بە دەستە زبرولپرەکانی خۆی زەوی دەکێلا، ئاوی دەدا، دای دەچاندو دەرەوی دەکرد" هەمان کار کە باب و باپیرانی دەیانکرد.

جێی هەشتا (ربە) تۆوی بە میرات پیٚ بڕابوو، کە لە نەهاتە ساڵێك دا نیوەی پتری فرۆشتبوو، نووکە بە بەروبوومی ئەو پارچە زەوییە بچوکەی کە بۆی ماوبووەوە، ژیانێکی خۆشی

دەقەتاند.

ئەوەی کە ببووە مایەی سەرسامی هەمووان ئەمە بوو کە خوداداد لەو (2-3) ساڵەی ئاخیردا، لە گوندەکان و بەزۆری لە باژێری دەماوەندا دەبینرا کە پارچەی ژنانە، قەندو چاو وردە شتی دەکڕی. زۆر کەسیش لە کێوەکانی دەوروبەری ئاوە گەرم و جابن و گیلیلاردا، لەگەڵ کچۆڵەیەکی قەرەجدا دیتبوویان، چوار ساڵێك لەوەوپێش، لە شەوێکی ساردو تۆف دا، وەختێ خوداداد فوی لە چراکەی کردو چووە نێو جێگاوە، گوێی لە دەنگێکی غەریب بوو: ناڵەو فریادی پچرپچڕ کە هیچ مەعلوم نەبوو دەنگی گیاندارە یان ئادەمیزاد.

دەنگەکە بەرەبەرە نزیك دەبۆوە. لە پڕ لە دەرگەی کوختەکەی ئەویان دا. (خوداداد) کە نە لە گورگ و نە لە دێو دەترسا، هەستا، دانیشت، هەستی کرد تنۆکە ئارەقێکی سارد بە گازەرای پشتی دا چۆڕایەوە.

هەرچەندە پرسی کێی؟ چت دەویٚ؟ چ کەسێك وەڵامی نەدایەوە، کە چووەوە نێو جێگاو چاوی چووە خەو دووبارە لە دەرکەیان دایەوە، بەدەستی لەرزۆك چراکەی هەڵکرد، ئەو سیکارتە زلەی کە بۆ چڵ و چێو شکاندن بە دیوارەکەیەوە هەڵواسی بوو، هەڵگرت و بە گورجی دەرگاکەی کردەوە. دیقەتی دا کچۆڵەیەکی قەرەجی سوور پۆش لەبەر دەرگادا وەستاوەو فرمێسك بەسەر گۆناکانییەوە مەییوەو دەلەرزیٚ. هێندەی دی سەرسام بوو، خوداداد سیکارتەکەی توڕدایە سوچێکی ژوورەکەو دەستی





کچۆڵەکەی گرت و بردییە ژوورەوە. هاڵاوی ئاگرەکە کچۆڵەکەی گەرم کردەوە، پاشان خوداداد بە جلە کۆنی خۆی جێگایەکی بۆ دروست کرد.

سبەی بەیانی، هەر پرسیارێکی لێکرد، بیٚ ئەنجام بوو، دەتوت کچۆڵەکە سوێنی خواردووە چ شتێك دەربارەی خۆی نەڵیٚ و نەدرکێنیٚ. بۆیە خوداداد ناوی لالیٚ یان لالوی لێنا، ئەم ناوە بەرە بەرە بوو بە لالە. ئەوەی غەریب بوو ئەوەبوو کە وەختەکە وەختی گەرمیان و کوێستانی قەرەجان نەبوو، خوداداد، نەیدەزانی ئەم کچۆڵەیە لە کوێوە هاتبوو. لە کوختەکەی وەدەرکەوت و شوێن پێی کچۆڵەکەی هەڵگرت، بەڵام شوێن پێیەکانی لەسەر گەڵاوەریوەکان وون دەبوو، لە ئاشەوانەکەی (کانی عەلا)ی پرسی، ئەویش هیچی لێنەدەزانی، ئەنجام لێبڕا کچۆڵەکە لای خۆی راگریٚ و ئاگاداری بکا تا کەسوکارو خاوەنی پەیدا دەبن.

لالە، کچۆڵەیەکی (10-12) ساڵەی گەنم رەنگ بوو، دەموچاوی ناسك و چاوەکانی گەش و لەبەر دڵان بوو، خاڵیان لەسەر دەست و تەختی هەنیەی کوتا بوو. لە ماوەی ئەو چوار ساڵەدا کە لە نك خوداداد مایەوە، خوداداد پرسیاری کەسوکاری لالەی لە هەموو قەرەجەکان کرد، لیٚ هیچ یەکێك لە قەرەجەکان نەیان ناسی. خودادادیش وای لێهات حەزی نەکرد لالە لە دەست بدا! وەکو رۆڵەیەکی خۆی گلی دایەوەو بەرەبەرە خۆشەویستییەکی تایبەتی دەرهەق پەیدا کرد. خۆشەویستی

باب و جگەرگۆشە نا، بەڵکو هی ژن و مێردان.

هەر کە وەسوەسەی ئەشق لە کەللەی دا، پەردەیەکی کرد بە ناوبڕەی ژوورەکە تا شوێنی نوستنیان لێکدی جودا بێ. ئەوەی لە هەموو شت خراتربوو، ئەوەبوو کە لالە بە (خوداداد)ی دەوت بابەو هەر جارێ بە بابە گازی کردبا ئیدی حاڵی خراپ دەبوو، رۆژێ خودادا دەگەڕایەوە ماڵێ، سەیری کرد دوو مریشکی سەربەکلاو لەبەردەم کوختەکەیدا چینە دەکەن.

هەرچەندە خوداداد ئامۆژگاری لالەی دەکرد کە دزی کارێکی دزێوەو لە ئاگری دۆزەخدا دەسوتێی، بزەیەکی لاسارانە دەکەوتە سەرلێوی و هەر جارەی بە هەنجەتێك خۆی لەم چەشنە گفتوگۆیە دەرباز دەکرد.

لالە زۆری کەیف بە گەشت و گەڕان دەهات. خۆ ئەگەر (2-3) رۆژێك باران بووایە بە ناچاری لە کوختەکەدا مابووایەوە ئیدی دڵتەنگ و غەمین دەبوو، لێ لە رۆژانی خۆشیاندا یان لەگەڵ (خوداداد)یان بە تەنێ دەچووە گەشت و گەڕان.

زۆربەی کات بە تەنێ دەڕۆیی و هەر ئەمەش گومانی لای خوداداد چێدەکرد.

چونکە (2-3) جاران عەباسی شوانی لەگەڵ لالەدا دیتبوو، و عەباسی بە رەقیبی خۆی دەزانی. تەنانەت رۆژێك دیتبووی کە عەباس توتڕکی دەچنی و دەیکردە دەمی لالەوە، هەر بۆ شەوەکەی کەوتبووە سەرکۆنەکردنی لالە، کە نابێ لەگەڵ پیاوی غەریبەدا قسان بکات. فرمێسك لەچاوی لالەدا قەتیس مان و





دڵی دێهاتیانەی خوداداد پڕبوو. دایکی عەباس دووجاران هاتبووە خوازبێنی لالە بۆ کوڕەکەی، لێ خوداداد جوابی دابووەوە کە گوایە لالە هێشتا منداڵە. لەبەر خۆیەوە وای بیردەکردەوە کە ئەم عەباسە تەمەڵ و تەوەزەلە دەبێ بە میرات گری ئەوو هەرچی سەروەت و سامانێك کە لە ماوەی پەنجا ساڵدا پێکەوەی ناوە دەبێ بەهی ئەو. ئەوجا رۆحی باب و باپیرانی چ بەو دەڵێن! لە بری میراتگر، زەلامێکی بێ سەروبەری هەڵبژاردووە کە ناتوانێ زەوییەکە خزمەت بکاو دای بچێنێ. ئەمە جگە لەوەی کچێك کە بەخۆی داڵدەی داوە، نانی داوەتێ، جلکی بۆ کڕیوە، زەحمەتی لەگەڵ کێشاوە گەورەی کردووە“ عەینی وەکو درەختێکی میوەی دەهاتە بەرچاو کە خۆی پەروەردەی کردبێ و هێنابێتە بەروزەلامێکی بێگانەی حەفتا میللەتی بەرەکەی بخوا، چما ناتوانێ لالە بۆ خۆی بخوازێ؟ بۆ نە؟ لێ هەستی دەکرد کە مەسەلەکە بەم سادەییەش نییە، رەزامەندی کیژەکەش مەرجە. ئەمە جگە لەوەی هەرچەند کیژە بە بابەی گاز دەکرد، هێندەی دی نائومێد دەبوو، زۆرجار کە شەوانە کچەکە خەوی لێدەکەوت. خوداداد چراکەی هەڵدەبڕی و قەدەرێکی تەواو بە دیارییەوە دەوەستاو سەیری دەموچاو، سینگ، مەمك و بازوەکانی دەکرد، پاشان وەکو شێت وە دەردەکەوت و دەیدایە کێو و بەندەنان و زۆر درەنگ دەگەڕایەوە، ژیانی لە نێوان ترس و هیوادا دەهات و دەچوو، ترس رێی نەدەدا ئەشقی خۆی بۆ دەربڕێ. ئەگەر لالە

بیوتبایە:نەو تۆ پییری ئیدی چ چارێکی نەدەما جگە لە خۆکوژی. تاوێرە بەردێکی گەورە لە نزیکی کوختەکەی خوداداد بوو، لالە بەزۆری لەسەر ئەو تاوێرە دادەنیشت و بە لەکە سفت و سۆڵە روتەکانی پێوە دەچەسپاند و بە سەعات بەو دەقەوە دەمایەوەو جار جارە لەبن لێوانەوە سترانێکی غەمینی دەوتەوە. لێ هەر کە یەکێك لێی نزیك دەبووەوە کوتوپڕ کڕ دەبوو، خوداداد بەڕێکەوت ئەم سترانەی لێ ژنەوتبوو، زۆری حەز دەکرد جارێکی دیکەش گوێی لێ بێ.

ئەوڕۆ سبیانێ، وەختێ خوداداد دەیویست بچێتە بازێڕی دەماوەند، لالە لەسەر هەمان تاوێر دانیشتبوو، لێ لە هەموو رۆژێك شادو بە دەماخ تر بوو، بە پێچەوانەی جارانەوە نەیویست دوی خوداداد بکەوێ و بچێ بۆ شاری. خوداداد پێی وت: لەچکێکی سورت بۆ دەکڕم بزە منداڵانەو بێگەردەکەی ئۆخەی خستە دڵ و دەروونی خودادادەوە. هەر کە گەییە بازاڕە چکۆلەکەی دەماوەند بەر لە هەموو شتێك خۆی بە دوکانێکی بەزازیدا کردو لەچکێکی تەخت سووری گوڵ کەسك و زەردی کڕی. پاشان قەندوچای کڕی، هەر هەمووی لە بوخچە موقەلەمەکەی ناو بەلەز رێی گەڕانەوەی بۆ کوختەکەی گرتەبەر.

بۆ خودادادی قاڵبووی رێگاوبان، هەرچەند نێوان شارو کوختەکەی دوو قۆناغە رێیان دەبوو، زۆر کەم دەهاتە بەرچاو، هەرچەندە پیرو کەنەفت بوو بوو، بەڵام تازە ژیانی جۆرە مانایەکی وەرگرتبوو، بەدەم رێوەو لەبەر خۆیەوە بیری





دەکردەوە: ئەم لەچکە هەر بۆ ئەوە جوانە لالە بەشانیا بدات و لچکەکانی لە ژێر مەمکەکانییەوە گرێ بدات. پاشان وەك بڵێی شەرمی بە خۆی بێ، بەخۆی دەوت: دەبێ شانازی بە جوانی ئەوەوە بکەم. چونکە من لە بری بابی ئەوم و دەبێ مێردێکی چاکی بۆ بدۆزمەوە! ، بەڵام هەرچەندە عەباسی شوانی بیردەکەوتەوە کە لالەی خۆش دەوێ، خوێنی دەهاتە کوڵ و جۆش.

بە هەورازو نشێواندا، بە قەراغ چۆم و دۆڵانداو بەقەد پاڵ و هەڵەتاندا تێدەپەڕی. لە رێگادا کەسی نەدەدی، هەستی بە چ شتێك نەدەکرد، تەنانەت ماندووبوونی رێگاش کاری لێنەدەکرد. زۆربەی کات، وەختێ رێی دەکەوتە گوندەکانی دەوروبەر، دەیڕوانییە ئاسمان تابزانێ داخۆ باران دەبارێ یان نا. دەیڕوانییە زەوی و مەزرایان تا چاو بە حاسڵاتی خەڵکیدا بگێڕێ.

پرسیاری نرخی جۆ، گەنم، لۆبیا، قەیسی، سێو، گێلاس، زەردەلو و شتی دی دەکرد، بەڵام نهۆ هەموو هۆش و گۆشی لەنك لالە بوو، بەروبومی ئەمساڵی زەوییەکەی چاك نەبوو، بۆیە ناچار بوو هەندێك لە پاشەکەوتەکەی خۆی خەرج بکات. بەڵام هەر هەموو ئەوە بەلای ئەوەوە تاڵێك لە قژی لالەی نەدەهێنا.

بەدەم ئەم بیرانەوە بە کەنار درەختەکاندا رەت بوو، چووە سەر ئەو جادەیەی کە کوختەکەی ئەو کەوتبووە سەر زۆرگەکەی بەرانبەری.

کوختەکەی لە دوورەوە دەتوت دوو قاوغە شخارتەی شکاوی پێکەوە چەسپێنراوە.

پێی هەڵگرت، بوخچەکەی پتر بە خۆیەوە نوساند، بەلەز ڕێگەی دەبڕی، لە هەورازێکی دی ڕەت بوو، پێچێکی کردەوەو لەبەردەم کوختەکەی خۆیەوە سەری دەرهێنا، بەڵام لالە لەوێندەر نەبوو، نەلەسەر تاوێرەکە بوو نەلە ژوورەوە بوو.

هاتە بەر دەرگا، دەستی خستە ئەم لاو ئەولای دەمی، تا زاری گرتی هاواری کرد: لالە....لالە...! و کەس وەڵامی نەدایەوە.

چووە دەرێ و تا دەمی گرتی گازی کرد: لالە..لالو...لالو...

بانگەکەی دەنگی دایەوە: کـلالە... لالو...لالو ترس و واهیمەیەکی سامناکی لێ نیشت. غاریدایە سەر تاوێرەکە، ڕوانییە بەردەم کوختەکەی و هەموو ئەو دەوروبەرە. چ ئاسەوارێکی جل سۆری نەدی. گەڕایەوە.

وە ژوور کەوت، سندوقەکەی لالەی کردەوە، سەیری کرد ئەو جلکە تازانەی ئەمساڵ بۆی کڕی بوو. نەمابوون، خەریك بوو شێت ببێ. سەری لەو مەسەلەیە دەرنەدەکرد دیسان وەدەرکەوت، لەسەر کانی عەلا توشی ئاخوندی گوند بوو، کڵاوێکی شڕۆڵەی لەسەر بوو، بە پانتۆڵێکی ڕەش و کەوایەکی سێ چاکییەوە لەبن درەختێك دا دانیشتبوو، سەبیلی دەکێشا. هێندە بە ڕقەوە ڕوانییە خوداداد زاتی نەکرد چ پرسیارێکی لێبکا. کەمێك لەولاترەوە ژنێکی چارشێو سوری بێجامە ڕەشی پرچ هۆنراوەی بینی کە منداڵەکەی لە کۆڵ کردبوو. ئەویش چ





هەواڵێکی لالەی پێ نەبوو. خوداداد بە ناچاری گەڕایەوە.

تاریکی شەو، هەموو لایەکی گرتەوە، لالە نەهاتەوە، خوداداد چ خەون گەلێکی ناخۆشی دی، نا، هەر خەو نەچووە چاوی، کابوس، بوو، لەگەڵ بچوکترین دەنگا ڕادەبوو، بەخەیاڵی خۆی لالە هاتۆتەوە. زێدەتر لە دە جاران هەستا. پەردەکەی لادەدا، بە لەپەکوتێ جێگە ساردو سڕەکەی لالەی سەح دەکردەوە، دەلەرزی و دەکەت. ئاخۆ بە تۆبزی ڕەدویان خستوە؟ داخۆ هەڵیان خەڵەتاندوە یان بەخۆی ڕۆییوە؟

سبەی بەیانی، دنیا ساف و سارد بوو. خوداداد لەچکە سۆرەکەی لەگەڵ خۆدا هەڵگرت و چووە سۆراغ و تاقیبی لالە. لە ڕێگەدا هەموو خەڵکی وەك دێو و ئەژدیها دەهاتنە بەر چاوی. کێوانی شینباو و بۆر کە بەفر تا نیوەیان هاتبوو ترسیان دەخستە دڵییەوە، بۆنی پونگەی جۆگایەك هەناسەی سوار دەکرد. کە لە ڕێگەدا تووشی دوو کەسی دێهاتی بوو، بە شپرزەییەوە لێی پرسین: ئەرێ لالەتان نەدیتوە؟

هەوەڵجار وەیان زانی دین بووە، لێیان پرسی: کێ؟

کیژە قەرەجێك

یەکێکیان وتی: دوو ڕۆژە تاقمە قەرەجێك هاتوون و لە موجح دا هەڵیان داوە، دیارە مەبەستت ئەوانە! خوداداد ملی ڕێگەی موجحی گرت، ئەمجارەیان بە هەنگاوی هەڕاو و خێراوە نزیك بووەوە، سەیری کرد شینە زەلامێك لە کەنار جۆگەیەکدا خەوتبوو، تۆزێك لەولاترەوە ژنە قەرەجێك ساواری لە بێژنگ

دەدا. ژنەکە سلاوی کردو وتی: کفالٚ دەگرینەوە. میروە مارانەمان هەیە، هیٚلەك، بیٚژنگ، گویٚزو...

خوداداد، شیٚت ئاسا گوتی: کلالە، لالوت نەدیوە، نازانی لە کویٚیە؟

فالٚ دەگرینەوە، پیٚت دەلیٚین.

دەی بلیٚ، پارەکە دەدەم.

هەقەکەی بدە تا پیٚت بلیٚم.

خوداداد، شەکەت بوو، دەستی بە بەرکیدا کرد، قرانیٚکی دایە ژنە قەرەجەکە. ژنەکە دەستی گرت. روانییە دەموچاوی و وتی: عەلی پشت و پەناتە. کابرا تۆ خەمیٚکت لە دلدایە، چونکە شتیٚکت لیٚ گوم بووە، کە چوار سالی رەبەق زەحمەتت پیٚوە کیٚشاوە، نە جگەرگۆشەتەو نەلە جگەر گۆشەی خۆت کەمترت خۆش دەویٚ.

خوداداد، بە چاوانی فرمیٚسکاوییەوە دەیروانییە ژنە قەرەجەکە، لە بن لیٚوانییەوە وتی: راستە. راستە.

بەلام بە خۆرایی خۆت خەفەتخان مەکە، چونکە ئەو کیژە لیٚتەوە نزیکەو لەم ناوەیە. ساغ و سەلامەتە، ئەویش تۆی خۆش گەرەکە. بەلام بە چ دەچیٚ، چارەنووس کاری خۆی کردووە!

چۆن، چۆن؟ تو خوایەکەت قسان بکە.

خۆت خەفەتخان مەکە، ئەو بەختەوەرە دەرکی ژوورەکەت بە بەتاکی جیٚ هیٚشتووەو شەیتان وەژوورەکەوتوەو هەلی





خەلەتاندووە.

نیٚوی عەباس نییە!

نەو

تۆ کیٚی؟ چۆن دەزانی! توبی خوا راستییەکەم پیٚ بلیٚ، چیت دەویٚ دەتدەمیٚ.

دەستی بە بەرکیدا کردو قرانیٚکی دی دەرهیٚنا و نایە مستی قەرەجەکە. بەلام لەوکاتەدا سەیری کرد، پەردەی رەشمالەکەی تەنیشتەوە لادراو لالە وەدەرکەوت، هەمان ئەو جلکە سۆرە تازەیەی کە بۆی کری بوو، لەبەریدابوو، سیٚوە لاسوورەیەکی بەدەستەوەبوو.

بەسەری قۆلی کراسەکەی دەیسری و قەپی لیٚ دەدا.

ئەوجا بە نەرمە پیٚکەنینەوە روی کردە ژنە فالچییەکەو وتی: دایکە ئەمە بابە خوداداده. و بەدەست ئیشارەتی بۆ لای ئەو کرد.

خوداداد، لە سەرسامیدا دەمی داچەقی بوو. لیٚکدا لیٚکدا دەیروانییە لالەو دایکی. تانوکە لالەی بەو شادی و بە دەماخییە نەدیبوو. دەستی بە بوخچەکەیدا کرد، لەچکە سۆرەکەی دەرهیٚناو لەبەردەم لالەدا دایناو وتی: ککە چومە شار ئەمەم بۆ تۆ کری.

لالو، بە دەنگی بەرز پیٚکەنی. لەچکەکەی بەشانیاداو لە ژیٚر مەمکەکانییەوە گریٚی دا. ئەوجا بەغار خۆی گەیاندە بەر رەشمالەکە.

دەستی پیاوێکی گەنجی گرت و رای کێشایە دەرێ. ئاماژەی بۆ لای خوداداد کردو شتێکی بەو پیاوە وت. پاشان بە هەمان شێوەی تایبەتی خۆی. لەبن لێوانەوە کەوتە گۆرانی و بە بەلەکە سفت و سۆڵەکانییەوە دەستی کردە گەردنی ئەو پیاوە و بەبن دار بییەکاندا رەت بوون و دوور کەوتنەوە.

خوداداد لە خەفەت و شادیدا دەگریا. بە لەقەلەق رێ و رێ گەڕایەوە.

خۆی بە کوختەکەیدا کرد، دەرکەکەی لەسەر خۆی داخست و ئیدی هیچ کەس نەیدی.





## گێژاو

### سادقی هیدایەت

هەمایون لەبن لێوانەوە بەخۆی دەگوت: ئایا راستە؟... دەشێت؟ بەو لاوییە، لەوێدا لە شا عبدالعظیمدا لە نێوان هەزاران مردووی دیکەدا، لە ژێر خاکی ساردو شێدارا خەوت بێ.. کفن لەبەدەنی چەسپی بێ! ئیدی نە هەوەڵی بەهار دەبینێ و نەئاخیری پایزو نە رۆژانی کپ و خەمگینی وەکو ئەمڕۆ.. ئایا رۆشنایی چاوەکانی و ئاوازی دەنگی بەیەکجاری دامرکانەوە!.. ئەوی کە هەمیشە دەم بە پێکەنین و قسە قوت و زار شیرین بوو..

دنیا هەور بوو، تەنکە بوخارێك نیشتبووە سەر شووشەی پەنجەرەکەو لە پشت تەنکە بوخارەکەوە سەربانە

جەمەلۆنییەکەی ماڵە هاوسێکە دیاربوو کە تەنکە بەفرێکی نیشتبووە سەر. کڵو بەفرەکان بەردەوام و بە ئەسپایی دەهاتنە خوارێ و دەکەوتنە سەر گوێسەبانەی سەربانە جەمەلۆنییەکە. دوکەڵێکی ڕەش لە دووکەڵ کێشی سەربانەکەوە دەهاتە دەرێ و لە ئاسمانی لێڵ و تاریکدا لوولی دەخواردو بەرەبەرە ون دەبوو.

هەمایون و ژنە جەحێڵەکەی و هومای کچۆڵەیان لە ژوورەوەو لەبەر سۆپا دانیشتبوون، بەڵام بە پێچەوانەی جارانەوە کە ڕۆژانی هەینی پێکەنین و شادی لەم ژوورە دەباری، ئەو ڕۆژە کە هەموویان خەمبارو مات و بێدەنگ بوون، تەنانەت کیژە بچووکەکەشیان کە هەمیشە مایەی شادی و گەرمی ماڵەکە بوو.

ئەوڕۆ بووکە گەچینە سەروچاو شکاوەکەی لە تەنیشت خۆیەوە دانابوو، مات و بێدەنگ دەیڕوانییە دەرێ دەتگوت ئەویش پەی بەوە بردبوو لەشتێکیان کەمەو ئەویش مامە بارام گیان بوو کە وەکو جاری جاران نەهاتبوو، هەروەها هەستی دەکرد کە خەمباری و لێو بە باری باب و داکی سەبارەت بەوە: جلی ڕەش، چاوانی سوور هەڵگەڕاوی بێ خەو، دووکەڵی لە هەوادا لوول خواردووی جگەرە، هەموو بەڵگەی دروستی بیرکردنەوەکەی ئەو بوون.

هەمایون چاوی بڕی بووە ئاگری سۆپاکە، بەڵام بیری لە شوێنێکی دیکە بوو، بێ اختیار کەوتبووە یادی ڕۆژانی قوتابخانە، ئەو سەروبەندەی کە وەکو ئەوڕۆکە بستێك بەفر دەکەوت، کاتێ زەنگی پشوودان لێی دەدا ئەو و بارام بەر لە





هەمووان، گەمەی ئەو دەمانەیان هەمیشە یەك جۆر بوو: تۆپەڵە بەفرێکیان بەسەر ئەرزەکەدا گل دەکردەوە تا دەبوو بە تۆپەڵێکی گەورە، ئەوجا منداڵەکان دەبوون بە دوو دەستە، تۆپەڵە بەفرە گەورەکەیان دەکرد بە سەنگەرو ئیدی شەڕە تۆپەڵ دەستی پێدەکرد. بێ ئەوەی هەست بە سەرما بکەن بە دەستی ڕچیوی سوور هەڵگەڕاوەوە تۆپەڵە بەفریان دەهاوێشتە یەکدی، ڕۆژێ کە لە گەرمەی ئەو یاریەدا بوون، ئەو چنگێ بەفری ئاوداری هەڵگرت و لە نێو دەستیا گوشی و سرەواندیە بارام و هەنیەی بریندار کرد، بەڕێوەبەر هات و حەیزەرانێکی قایمی بەنێو لەپی ئەودا کێشا، ڕەنگە سەرەتای دۆستایەتی ئەو و بارام بگەڕێتەوە بۆ ئەو دەمە، تا ئەم ئاخرو ئۆخرەش هەر جارێ کە چاوی بە شوێن زامەکەی سەر هەنیەی ئەو دەکەوت، ئازاری حەیزەرانەکەی بیردەکەوتەوە. لە ماوەی ئەم هەژدە ساڵەدا هێند ڕۆح و فیکریان لێك نزیك ببۆوە نەك هەر تەنیا بیرو هەستی زۆر نهێنی خۆیان لای یەکدی دەدەرکاند، بەڵکو زۆر بیروبۆچوونی نهێنی یەکدییان بێ چ قسەکردنێك دەخوێندەوە.

بیرو سەلیقەو ڕەوشتیان زۆر لێکدییەوە نزیك بوو. تا نووکە کەمترین ناکۆکی یا دردۆنگیان نەکەوتبووە نێوان، تاکو پێرێ بەیانی کە هەمایون لە دایەرە بوو تەلەفۆنیان بۆ کرد کە بارامی میرزا خۆی کوشتووە. هەمایون دەست بەجێ گالیسکەیەکی گرت و بەتاو خۆی گەیاندە وێندەر، بە ئەسپایی ئەو پارچە سپیە خوێن مژیوەی سەر دەموچاوی لابرد، برژانگی خوێناوی،

مێشکی پڕژاوی  سەر سەرینەکە، پەڵە خوێنی سەر قالیچەکە. شین و شەپۆری خزمەکانی چەشنی هەورە تریشقە کاریان تێکرد، ئەوجا تا بولێڵی ئێوارێ بە خاکیان سپارد بە دیار جەنازەکەوە مایەوە، ناردی چەپکێ گوڵیان هێنا، خستییە سەر گۆڕەکەی ئەو و پاش دوا ماڵاوایی بە دڵی پڕەوە بۆ ماڵ گەڕایەوە، بەڵام لەو رۆژەوە تا نووکە ئۆقرەی لەبەر بڕابوو. خەو نەچووبووە چاوانی و لاجانگەکانی داوی سپیان تێکەوتبوو. پاکەتێك جگەرەی لەبەردەمدا بوو و لێکدا لێکدا جگەرەی لێ دەکێشا.

یەکەمین جاربوو کە هەمایون بە قووڵی بیری لە مەرگ دەکردەوە، بەڵام بیری بە هیچ کوێدا نەدەگەیی، چ بیروباوەڕێك قەناعەتی پێ نەدەهێنا.

تەواو کاس و مەنگ ببووو، نەیدەزانی تەگبیری چییە، هەندێ جار تووشی جۆرە حاڵەتێکی شێتی دەبوو، هەر چییەکی دەکردو دەکۆشا نەیدەتوانی فەرامۆشی بکا، دۆستایەتیان لە قوتابخانەوە دەستی پێکردبوو، ژیانیان تا رادەیەکی زۆر ئاوێتەی یەکدی ببوو. ببوون بە شەریکی غەم و شادی یەکدی، هەر کاتێ دەگەڕایەوەو تەماشای وێنەکەی بارامی دەکرد. هەموو یادگارەکانی لەلا زیندوو دەبوونەوەو ئەوی دەبینی: سمێڵە زەردەکەی، چاوە رەش و لێك بڵاوەکانی، دەمە چکۆڵەکەی، چەناگەی باریکی، قاقای پێکەنینەکەی لەبەرچاوی بوون، باوەڕی نەدەکرد کە مردبێ، مردنێك بەو ناگەهانییە...!





بارام چ زەحمەتێکی بۆ ئەو نەکێشابوو، لە ماوەی ئەو سێ ساڵەدا بە ماموریەت رۆیی بوو و بارام سەرپەرشتی ماڵەکەی بۆ دەکرد. وەکو بە دری ژنی دەگێڕێتەوە نەیهێشت عەزرت لە دڵیان بمێنێ.

هەمایۆن نووکە هەستی بەبار قورسی ژیان دەکردو داخی بۆ رۆژانی رابردوو دەخوارد کە چۆن یەکماڵی لەم ژوورەدا لە دەوری یەکدی خڕدەبوونەوە. یاری نەردیان دەکردو چەندین سەعاتیان بەشادییەوە دەقەتاند بێ وەی هەست بە تێپەڕبوونی کاتەکە بکەن.

بەڵام ئەوەی لە هەموو شتێك پتر ئازاری دەدا ئەم بیرە بوو: وێڕای ئەوەی ئەوەندە هۆگری یەکدی بوون و چ شتێکیان لە یەکدی نەدەشاردەوە، چۆن بوو بارام ئەوی لەم بڕیاری خۆکوژییە ئاگادار نەکردەوە؟ عیللەتی چی بوو؟ شێت ببوو یا نهێنییەکی خانەوادەیی لە ئارادابووە؟ لێکدا لێکدا ئەو پرسیارەی لە خۆ دەکرد. ئەنجام وەك بڵێی بیری لەسەر شتێك گیرسایەوە. پەنای بردە بەر بەدری ژنی و لێی پرسی:

ـ تۆ چ مەزندەیەك دەکەی نازانم بارام بۆ ئەو کارەی کرد؟

بەدری کە بە ڕواڵەت خەریکی دروومان بوو و بەسەر دەرزی و تەقەڵادان نوشتابۆوە، سەری هەڵبڕی و وەکو ئەوەی چاوەنۆڕی ئەم پرسیارە نەبووبێ بەبێ مەیلییەوە گوتی:

من چ بزانم، چی بە تۆ نەگوتبوو؟

نە.. بۆیە پرسیارم کرد.. منیش لەمە سەرسامم. وەختێ لە

سەفەرەکەم گەڕامەوە هەستم کرد گۆڕاوە، بەڵام هیچی بە من نەگوت، پێم وابوو لە کاروباری دایەرە وەڕزە... چونکە کاری دایەرە ڕۆحی دەژاکاند. چەندین جار ئەمەی لا درکاندبووم... بەڵام خۆ ئەو چ شتێکی لەمن نەدەشاردەوە.

خوا عافوی بکا! چەند زیتەڵ و بە دەماخ و قسە خۆش و سوعبەت چی بوو.. ئەم کارە لەو نەدەوەشایەوە.

نەو، بە ڕواڵەت وای دەنواند: هەندێ جار زۆر دەگۆڕا . زۆر... بەتایبەتی ئەو کاتانەی بە تەنێ بووایە.. ڕۆژێ خۆم بە ژوورەکەیدا کرد نەم ناسییەوە. سەری خستبووە نێو هەردوو دەستی و بیری دەکردەوە هەر کە چاوی بەمن کەوت ڕاچڵەکی، بۆ وەی شتەکە لەمن وەشێری پێکەنی و دەستی بە هەمان شۆخیان کرد. تەمسیلی چاکی دەکرد!

ڕەنگە شتێك بووبێ و دڵی نەهاتبێ بە تۆی بڵێ و ملاحەزەی کردبی نەبا پێی غەمگین ببی. ئاخر هەرچییەك بێ تۆ ژن و منداڵت هەن، دەبێ لە بیری ژیاندا بی. بەڵام ئەو...

بە مەعناوە سەری لەقاند. وەك ئەوەی خۆکوژی ئەو چ بایەخێکی نەبێ، . بێدەنگی باڵی بەسەرا کێشانەوە، بەڵام هەمایون هەستی کرد قسەکانی ژنەکەی ساختەن،هەمان ژن کە هەشت ساڵ لەمەوبەر دەی پەرست، چونکە بیری یەکجار ناسکی سەبارەت بە عەشق هەبوو! بەڵام لەم ساتەدا وەکو ئەوەی پەردەیەك لەبەرچاوی لاچووبێ، ئەم خەم ساردییەی ژنەکەی بەرانبەر بە یادگارەکانی بارام بێزاری کرد. لە ژنەکەی





بێزاربوو چونکە نووکە ببوو بە پولەکی و هەموو هۆش و گوشی لەلای ژیان و ماڵی دنیا بو و نەیدەوست ڕێ بە خەم و خەفەت بدا.

هەموو بەڵگەشی ئەمە بوو کە بارام ژن و منداڵی نەبوون! چ بیرێکی قیزەوەرە، چونکە ئەو خۆی لەم لەزەتە گشتییە مەحرووم کردووە، مردنەکەشی جێی داخ نییە، ئایا بایەخی منداڵەکەی ئەو لە هاوڕێکەی زیاترە؟ هەرگیز! ئایا بارام شایانی داخ نەبوو؟ ئایا لە دنیادا کەسی وەکو ئەو دەبێتەوە؟..

ئەو بمرێ و ئەم سید خانمە خڵەفاوە نەوەد ساڵەیە، کە ئەوڕۆکە بە نێو بەفرو سەرمادا لە پاچنارەوە بە دارەتەقێ هاتبوو و سۆراخی ماڵی بارامی دەکرد تا بڕوا حەڵوای مردووان بخوا. بژی. ئەمە کاری خوایە لە ڕوانینی ژنەکەیەوە ئاساییەو بەدری ژنی ئەویش ڕۆژێك دێ وەکو ئەم سید خانمە دەردەچێ، هەر لە ئێستاوە بێ مکیاج زۆر گۆڕاوە. چاوەکانی و دەنگی گۆڕاون. کە بەیانی زوو ئەم دەچێ بۆ دایەرە ئەو هێشتا لە غورابی خەودایە، ژێر چاوانی چرچ بوون و ناسکی جارانیان نەماوە، بێگومان ژنەکەشی هەمان هەستی بەرانبەر بەو هەیە، کێ دەزانێ؟ ئایا ئەویش نەگۆڕاوە؟ ئایا هەمان هەمایونە میهرەبان و دڵسۆزو قۆزەکەی جارانە؟ ئایا ژنەکەی هەڵنەخەڵەتاندووە؟ باشە بۆ ئەم بیرانەی لا دروست ببوون؟ ئایا ئەنجامی بێ خەوی بوو یا زادەی یادی پڕ داخی دۆستەکەی؟

لەم کاتەدا دەرگا کرایەوە، کە نیزەکێکی عەبا بەسەر کاغەزکی

مۆرکراوی هێنا، دایە دەستی هەمایون و ڕۆیی.

هەمایون خەتە پچڕپچڕەکەی بارامی لەسەر زەرفی کاغەزەکە ناسییەوە. بە پەلە زەرفەکەی هەڵپچڕی، کاغەزەکەی لیٚ دەرهێناو دەستی بەخوێندنەوە کرد:

نووکە سەعات و نیوێکی شەو تێپەڕیوە. 13ی مانگی مهر 932، من بارام میرزای ئەرژن پور بە حوسن و ڕەزای خۆم هەموو سامانی خۆم بە هوما خانمی مانگ ئاسا بەخشی

بارام ارژن پور.

هەمایون بە سەرسامی جارێکی دی نامەکەی خوێندەوە. ئەبلەق و واق وڕما و کاغەزەکەی لە دەست کەوت. بەدری کە لە ژێرەوە چاوی لێی بوو، پرسی: <کاغەزی کیٚ بوو؟

بارام

چی نووسیوە؟

دەزانی چ سامانێکی هەیە، بە هومای بەخشیوە...

چەند پیاوێکی چاکە:

دەربڕینی ئەم سەرسامییە پڕ لوتفە. هەمایۆنی پتر لە ژنەکەی وەڕز کرد، بەڵام بیٚ ئختیار نیگای لەسەر وێنەکەی بارام گیرسایەوە. پاشان گەڕایەوەو ڕوانییە هوما. لە پڕ شتێکی بەبیرا تێپەڕی کە ئازای گیانی لەرزاند. وەك بڵێی پەردەیەکی دیکە لەبەرچاوی لاچوو: هومای کیژی بیٚ کەم و زیاد وەکو بارام بوو، نەبەمی کردبوونە بە دایکی، چاوی شتاقیان ڕەش نەبوو، دەم بچکۆڵە، چەناگەباریك، ڕێك هەموو کەسمی





دەموچاوی وەکو بارام بوو. هەمایون هەنووکە پەی بەوە برد کە بۆچی بارام ئەوەندە هومای خۆشویستووەو نووکەش لە پاش مەرگی سامانەکەی بەو بەخشیوە! ئایا ئەو هەموو خۆشەویستییەی ئەم منداڵە زادەی پێوەندی نهێنی بارام و ژنەکەی ئەم بووە؟ لەگەڵ هاوڕێیەکی گیانی بەگیانی خۆیدا؟ ژنەکەی ساڵەها دەستی لەگەڵیا تێکەڵ بووە بیٚ وەی ئەو بزانیٚ و لە هەموو ئەو ماوەیەدا هەڵی خەڵەتاندووە. پێی ڕابواردووەو نووکەش ئەم وەسیت نامەیە. ئەم جنێوی پاش مەرگەی بۆ ناردووە. نا نەیدەتوانی هەموو ئەو شتانە ئاسایی وەربگریٚ، ئەم بیرانە وەکو بروسکە بە مێشکی دا ڕەت دەبوو، سەری کەوتە ژان، گۆناکانی خاوبوونەوە، نیگایەکی شەڕانی بڕییە بەدری و گوتی:

تۆ چ دەڵێی، ها، بارام بۆ ئەم کارەی کردووە، چما خوشك و برای نەبوون؟

چونکە دوور لە ئێستا ئەم منداڵەی زۆر خۆش دەویست، وەختیٚ تۆ لەبەندەری گەز بووی، هوما سیرۆژەی گرت، دە شەو و ڕۆژ ئەم پیاوە بە دیار ئەم منداڵەوە وەستا، خوا عافوی بکا!

هەمایۆن بە توڕەیی گوتی: <نەخێر بەم سادەییەش نییە. چۆن؟ خۆ هەموو کەسێك وەکو تۆ بیٚ ڕەحم نین کە سیٚ ساڵان ژن و منداڵەکەت بەجیٚ بێڵیی و بڕۆی، وەختیٚ کە گەڕایتەوەش دەست لە گونان شۆڕتر، جووتە گۆرەوییەکیشت بۆ نەهێناوم. دیاری دەست خاترگرتن و قەدرزانییە، کە خاتری منداڵەکەی

تۆی ویستووە یانی خاتری تۆی ویستووە دەنا عاشقی هوما نەببوو. ئەدی بەخۆت نەتدەبینی ئەم منداڵەی لە هەردووك چاوی پتر خۆش دەویست...

نا، راستیم پێ ناڵێی

دەتەوێ چ بڵێم؟ تێ ناگەم.

خۆت گێل دەکەی..

یانی چی؟ .. یەکێکی دی خۆی کوشتووە، یەکێکی دی سامان و سەروەتی خۆی بەخشییوە، من دەبێ حیساب و کیتاب بکەم؟

ئەوەندە دەزانم کە دەبێ تۆش بزانی!

دەزانی چییە، من سەر لە قسەی بە توێکڵ دەرناکەم، برۆ خۆت معایەنە بکە، بیرت بلاوە، چیت لە من گەرەکە؟

لات وایە من نازانم؟

کە دەزانی بۆ لە من دەپرسیت؟

بەسە. بەسە. تا ئێستا پێت رابواردووم!

پاشان وەسیەتنامەکەی بارامی هەڵگرتەوە. گرمۆڵەی کردو هاوێشتییە سۆپاکەوە، گڕی گرت و بوو بە خۆڵەمێش.

بەدری ئەو پارچە وەنەوشەییەی کە بەدەستییەوە بوو. توڕداو هەستاو گوتی:

باشە وا لە من چووی بە قینا، بە منداڵەکەی خۆتیشی رەوا نابینی؟





هەمایۆن هەستا، پشتی بە مێزەکەوە داو بە تەوسەوە گوتی:

منداڵی من.. منداڵی من. ئەدی بۆ لە بارام دەچێ؟

ئانیشکی دا بەو چوارچێوەیەدا کە وێنەکەی بارامی تێدا بوو، و کەوتە سەر زەوی. منداڵەکە تا ئێستا خیشی کردبوو، کەوتە گریان. بەدری بەڕەنگی بزرکاو و سەدای پڕ لە هەڕەشەوە گوتی:ک مەبەستت چییە؟ دەتەوێ چ بڵێیدەمەوێ بڵێم هەشت ساڵە هەڵت خەڵەتاندووم، پێت رابواردووم، هەشت ساڵە تفی سەرەو ژوور بوویت نەك ژن..؟

لەگەڵ منتە..؟ لەگەڵ کچەکەمتە؟

هەمایۆن بە پێکەنینێکی توڕەوە چوارچێوەی وێنەکەی نیشان داو بە هەناسە بڕکێوە گوتی:

بەڵێ: کچی تۆ.. کچی تۆ.. کاکە ببینە. دەمەوێ بڵێم نووکە چاوم هەڵهات. بۆم دەرکەوت کە بۆچی سامانەکەی پێ بەخشیوە. بابێکی میهرەبان بووە، بەڵام تۆ بە قەولی خۆت هەشت ساڵەکە...

کە لە ماڵی تۆدا بووم. کە هەموو جۆرە رەنجێکم کێشاوە. کە بە کوێرەوەری کردمیت بە ماڵ، کەسێ ساڵان لێرە نەبووی پارێزگاری ماڵەکەتم کرد، پاشانیش هەواڵیان بۆ هێنام کە لەبەندەری گەز عاشقی ژنۆکەیەکی بێ سەروبەری روسی بوو بووی. نووکەش ئەمە پاداشتی چاکەکەمە، چ هەنجەتێکت بە دەستەوە نییەو دەڵێی منداڵەکەم لە بارام دەچێ. بەڵام من چیدی ئامادەنیم.. یەك دەقیقەی دی لەم ماڵە بەند نابم. وەرە

گیانە.. وەرە بڕۆین.

هوما بە ڕەنگی هەڵبزڕکاوو ترسەوە دەیڕوانییە ئەم کێشمانە کێشە سەیرو بێ وێنەیەی نێوان بابی و داکی. بەدەم گریانەوە تەنورەکەی دایکی گرت و هەردووکیان بەرەو دەرگا چوون. بەدری لەبەر دەرگاکەوە دەستەیەك کلیلی لە بەرکی دەرهێناو بە توندی توڕی هەڵدان و لەبەر پێی هەمایوندا کەوتەوە.

دەنگی گریانی هوماو دەنگی پێ لە داڵانەکە دوورکەوتنەوە. دوای دە دەقیقەیەك دەنگی پێچکەی عارەبانەیەك هات کە وانی بەنێو بەفرو سەرمادا برد. هەمایۆن مات و مەنگ لە جێی خۆی وەستابوو. دەترسا سەر هەڵبڕێ. نەیدەویست باوەڕ بەوە بکا کە ئەم ڕووداوانە ڕاستن. لە خۆی دەپرسی: ڕەنگە دین بووبێ یا خەونێکی ترسناك دەبینێ، بەڵام ئەوەی کە بەلایەوە ڕوون و ئاشکرابوو ئەمە بوو کە لەمەوپاش نەیدەتوانی لەم ماڵەدا بژی و هەڵبکا، ئیدی نەیدەتوانی هومای کچی کە ئەوەندەی خۆش دەویست بدینێ. نەیدەتوانی چیدی ماچی بکاو بیلاوێنێ، یادگاری ڕابوردووی هاوڕێکەی لەکەدار بوو بوو. لە هەمووی خراتر ئەوەبوو ژنەکەی هەشت ساڵان بە پەنامەکی دەستی لەگەڵ یەکانە دۆستیا تێکەڵ کردبوو، ژیانی خێزانداری لەکەدارکردبوو، هەموو ئەمانەش بەدزی ئەوەوە، بێ ئەوەی پێ بزانێ! هەر هەموویان ئەکتەری لێهاتوو بوون، تەنیا ئەو خەڵەتاوەو پێیان ڕابواردووە. لە هەموو ژیانی بێزاربوو، بەرانبەر هەموو شتێك و گشت کەسێ دڵ کرمێ بوو. هەستی بە





تەنیایی و نامۆییەکی گەورە کرد. چ چارێکی نەبوو جگە لەوەی خۆی نەقل بکا بۆ شارێکی دوور یا یەکێك لە بەندەرەکانی باشوورو باقی ژیانی لەوێندەر بقەتێنی یا خۆی بکوژێت، بچێ بۆ شوێنی کەس نەبینێ، گوێی لە دەنگی کەس نەبێ، لە چاڵێکا ڕابکشێت و ئیدی هەڵنەسێتەوە. چونکە بۆ یەکەمجار هەستی کرد گێژاوێکی ترسناك لە نێوان ئەو و هەموو ئەو کەسانەی دەوروبەریا هەبووەو تا نووکە پەی پێ نەبردبوو.

جگەرەیەکی داگیرساندو بە ژوورەکەدا کەوتە هاتووچۆ، دیسان پشتی بەمێزەکەوە دا، کلۆ بەفرەکان لە پشت شووشەی پەنجەرەکەوە بە ئەسپایی و بەردەوام وەك ئەوەی لەسەر نەزمی مۆسیقایەکی سیحراوی سەما بکەن دەهاتنە خوارێ و دەنیشتنە سەر گۆیسەبانەکە. بێ ئختیار یادی ئەو ڕۆژە خۆشانەی بیرکەوتەوە کە لەگەڵ دایك و بابیا دەچوونەوە بۆ گوندەکەی خۆیان لە عێراق.

بە ڕۆژەوە بە تاقی تەنێ لەسەر سەوزە گیای ژێر درەختەکاندا دەنووست، لەو شوێنەدا کە شێر عەلی سەبیلەکەی تێدەکردو لەسەر جەنجەڕەکە دادەنیشت و کچەکەی کە عەبایەکی سووری هەبوو بۆ ماوەی چەندین سەعات لەوێ ڕا چاوەنۆڕی بابی دەکرد. باڵتەی جەنجەرەکە بە جیڕە جیڕ سواڵەی زێڕینی گەنمی قرچەشکێن دەکرد. نووکە وەزع و حاڵی ئەو ڕێك وەکو ئەو گایانە وابوو، نووکە دەیزانی ئەم ئاژەڵانە هەستیان بەچی دەکرد. ئەویش بە درێژایی ژیانی بەچاوی بەستراوەوە بە

دەوری خۆیدا خولابووەوە، وەکو بارگیری دەوری ناعور، وەکو ئەو گایانەی کە خەرمانیان گێرە دەکرد ئەو هەموو سەعاتانەی هێنایەوە یادی خۆی کە لە ژوورە بچوکەکەی گومرگدا دانیشتبوو و هەمان ئەو کاغەزانەی رەش دەکردەوە، هەندیٚ جار دەیڕوانییە هاوکارەکەی و باوێشکی دەدا، دووبارە دەستی دەدایەوە قەڵەم و هەمان ئەو نیمرانەی لە ریزی خۆیدا دەنووسین، بەراوردی دەکردن، کۆی دەکردنەوە، دەفتەرەکانی ژێرو ژوور دەکرد، بەڵام ئەوساکە تاقە دڵخۆشییەکی هەبوو، هەرچەندە دەیزانی کە چاوەکانی، بیری، لاوی و هێزو توانای بەرە بەرە دەتوێنەوە، بەڵام کە شەوان دەگەڕایەوەو بارام، کچەکەو ژنەکەی بەرو خۆشییەوە دەبینی هەموو هیلاکی لەشی دەردەچوو، بەڵام نووکە لەوانیش، لە هەرسێکیان وەڕەز بوو، هەر ئەوان بوون کە ئەویان گەیاندبووە ئەم رۆژە، وەك بڵێی لە پڕ بڕیارێکیدا، خۆی گەیاندە مێزی نووسینەکەی، چەکمەجەی مێزەکەی راکێشا، حەوت تیرە بچووکەکەی کە هەمیشە لە سەفەراندا پێی بوو، دەرهێنا، جەربانەی فیشەکەکان لە جێی خۆبوون و تەماشایەکی نێو لوولە ساردو رەشەکەی کردو بە ئەسپایی لەسەر لاجانگی خۆی راگرت، بەڵام دەموچاوی لە خوێنا خلتانی بارامی بیرکەوتەوە. ئەنجام دەمانچەکەی نایە گیرفانی.

هەستایەوە سەر پیٚ و لە دالانەکەدا پالتۆکەی لەبەرکرد، پێڵاوە لاستیکەکانی لەپێکرد، چەترەکەشی هەڵگرت و لە مالٚ





وەدەرکەوت. کوچەکە چۆڵ بوو. کلۆ بەفر بە ئەسپایی دەهاتە خواریٚ. بیٚ وەی بزانیٚ کێوە دەچیٚ، کەوتە ریٚ، تەنیا ئەوەی دەویست لە ماڵەکەی خۆی، لەم هەموو رووداوە سامناکە هەڵیٚ و دوور بکەوێتەوە.

لە شەقامێکی ساردو سپی و خەمناکەوە سەری دەرهێنا، جیٚ پێچکەی گالیسکان لەسەر بەفرەکە نەخش ببوو. هەمایۆن بە ئەسپایی هەنگاوی هەراوی دەنا، ترومبێلێك تیژ تێپەڕ بە تەنیشتیا رەت بوو و بەفروقوڕو چڵپاوی شەقامەکەی بەسەرو روویا پرژاند، وەستا، سەیرێکی جلەکانی کرد، لە قوڕو چڵپاودا هەڵکشابوون، ئەمەی پێناخۆش نەبوو، بگرە بەلایەوە جۆرە دڵنەواییەکی رۆحیش بوو، لە رێگادا تووشی کوڕیژگەیەکی شقارتە فرۆش بوو، گازی کرد. شقارتەیەکی کڕی، بەڵام کە دیقەتی روخساری کوڕیژگەکەی دا سەیری کرد چاوەکانی رەش، لێوی تەنگ و قژی زەردبوو. بارامی بیرکەوتەوە، تەزوویەکی پێداهات و ملی رێگای گرت. لە پڕ لەبەر جامخانەی موغازەیەکا وەستا. چووە بەرەوە، هەنیەی بە شووشە ساردەکەیەوە چەسپاند. خەریك بوو کڵاوەکەی بەربێتەوە، ئەسباب وازی دنیا لە نێو جامخانەکەدا رێز کرابوون.

بەسەری قۆڵی کەوتە سڕینەوەی بوخاری سەر شووشەی جامخانەکە، بەڵام ئەم کارە بێهودەبوو، بووکۆکەیەکی گەورەی دەموچاو سووری چاوشین–ی دەم بە بزە لەبەر دەمیا بوو،

قەیرێ بە ماتی تێی روانی، لەبەر خۆوە بیری کردەوە ئەگەر ئەم بووکۆکەیە هی هوما بایە چەندی پێ خۆشحاڵ دەبوو.

موغازەچییەکە دەرگاکەی کردەوە، هەمایۆن کەوتەوەڕێ، بەیەك–دوو کۆڵانی دیدا تێپەڕی. لە ڕێگادا مامر فرۆشێکی بینی کە لە پاڵ سەبەتەکەیا دانیشتبوو سێ مامرو کەڵەشێرێك کە لاقیان پێکەوە بەسترابوون، لەسەر سەبەتەکە دانرابوون، لاقە سوورەکانیان لەسەرمانا دەلەرزین. لە تەنیشتییەوە پەڵە خوێنی سوور رژابووە سەر بەفرەکە، نەختێ لەولاترەوە کوڕیژگەیەکی کەچەڵی قۆڵ و بازوو لە کراسی دڕاوەوە دەرهاتوو لەبن بانیژەی ماڵێکا دانیشتبوو.

هەموو ئەمانە سەرنجیان راکێشا، بەڵام نەیدەزانی لە کوێیەو بۆ کوێ دەچێ، هەستی بە بارینی بەفرەکە نەدەکرد، چەترەکەی هەر بە دادراوەیی بەدەستەوە بوو.

خۆی بە کۆڵانێکی چۆلی دیدا کرد، لەسەر سەکۆی بەر ماڵێکدا رونیشت. بەفر توندتر ببوو، چەترەکەی هەڵدا، شەکەتی تینی بۆ هێنابوو، سەری قورس ببوو. چاوەکانی بە ئەسپایی وێك هاتنەوە.

دەنگی رێبوارێك وە ئاگای هێنایەوە، هەستا، دنیا تاریك ببوو. هەموو شتەکانی ئەو رۆژەی وەبیر خۆی هێنانەوە. کوڕە کەچەڵە شرۆڵەکە، لاقی سووری مامرەکانی سەر سەبەتەکە کە لەسەری هەڵدەلەرزین، ئەو پەڵە خوێنانەی رژابوونە سەر بەفرەکە. هەستی کرد کەمۆکەکی برسییە. کێکێکی لە دوکانێکی شرینی





فرۆشدا کڕی، بەڕێوە دەیخواردو وەکو تارماییەك بێ ئختیار بە کۆڵانەکەدا دەسووڕایەوە.

کە خۆی بە ماڵێدا کرد، سەعات دووی سەر لە بەیانی بوو. وەکو مەیت خۆی دەنێو کورسییەکە خزاند. پاش سەعاتێك لە سەرما خەبەری بۆوە، هەر بەجلەکانییەوە چووە نێو جێگای نووستنەوە، لێفەکەی راکێشایە سەرخۆی، خەونی بینی، لە خەویا هەمان کوریژگەی شقارتە فرۆش جلێکی رەشی لەبەرکردبوو و لە پشت مێزێکەوە کە بووکۆکەیەکی گەورەی لەسەر بوو دانیشتبوو. بووکەکە چاوشین، لێو بە خەندە سێ کەس دەستەو نەزەر لە بەردەمیا وەستابوون، هومای کیژی ئەو بە مومێکەوە وەژوور کەوت. دوای ئەو پیاوێك وەژوور کەوت، دەموچاوە سپییەکەی بەڕووپۆشێکی سپی خوێناوی داپۆشرابوو، چووە پێشەوە دەستی کوڕە شقارتە فرۆشەکە و هومای گرت. کە ویستی لەسقەری دەرکەی بچێتە دەرێ دوو دەست کە رووی حەوت تیرکیان کردبووە ئەو لە پشت پەردەوە دەرکەوتن. هەمایون بە ترس و ژانە سەرێکی ناخۆشەوە لەخەو راپەڕی.

دوو هەفتەی ژیانی وی بەو تەرحە تێپەڕین، بە رۆژەوە دەچووە دایەرەو شەوانی درەنگ بۆ خەو دەگەڕایەوە ماڵێ. هەندێ عەسران بەخۆیشی نەیدەزانی چۆن ڕێی دەکەوتە گوزەرێکی نزیکی قوتابخانەیەکی کچانە کە هومای کچی لەوێندەر بوو.

کە زەنگی پشوو لێی دەدا، لەپێچێکاو لە پەنای دیواری

قوتابخانەکەدا خۆی مات دەدا، دەترسا لەوەی کە مەشهەدی عەلیی نۆکەری ماڵی خەزوری بیدینیٚ، چاوی بەیەك بەیەکی منداڵەکاندا دەگێڕا، بەڵام هومای کچی نەدەبینی.

موافەقەتی نەقڵەکەی هاتەوەو دایەرەی گومرکی کرماشانی بۆ دیاریکرا.

هەمایون رۆژێك بەر لە رۆژیشتن هەموو کاروبارێکی خۆی رێکخست. چووە گەراج، ترومبێلەکەی بینی، بلیتی سەفەری بڕی، بەڵام لەبەر ئەوەی جانتاکانی نەبەستبوون و خاوەن گەراجەکەش پێی داگرت کە ئەو ئێوارەیە فریاناکەویٚ، سەفەرەکەی لە بری هەمان ئێوارە دواخست بۆ سبەی بەیانی.

کە وەژوور کەوت یەکسەر چوو بۆ ئەو ژوورەی کە مێزی نووسینەکەی خۆی تێدابوو. ژوورەکە شێواو و پێکادراو، خۆڵەمێشێکی سارد لەبەر سۆپاکەدا رژابوو. پارچەیەکی وەنەوشەیی ئاوریشمچن و ئەو زەرفەی هەڵگرت کە وەسێتنامەکەی بارامی تێدابوو، لەسەر مێزەکە دانرابوون. زەرفەکەی هەڵگرت و دڕاندی، بەڵام پارچە کاغەزێکی نووسراوی تێدا دیت کە ئەو رۆژە لەبەر پەلەکردن بەرچاوی نەکەوتبوو. پاش ئەوەی پارچە کاغەزەکانی لەسەر مێزەکە خستنەوە پاڵ یەك، ئەمەی خوێندەوە:

**بێگومان پاش مەرگم ئەم کاغەزەمت دەگاتیٚ. دەزانم سەرت لەم بڕیارە کوت و پڕەی من سووڕ دەمێنیٚ، چونکە چ کارێکم بەبیٚ راوێژی تۆ نەدەکرد، بەڵام بۆ ئەوەی چ رازو مەرامێك لە**





**نێوانماندا نەبیٚ دان بەوەدا دەنێم کە من بەدری ژنتم خۆش دەویست. چوار دانە ساڵ بوو لەگەڵ خۆدا دەجەنگیم، ئاقیبەت زاڵ بووم و بۆ ئەوەی خیانەتم لە تۆ نەکردبیٚ دێوە سەرشێتەکەی ناخی خۆم کوشت. شتێکی ناچیز پێشکەش بە هوما خانم دەکەم هیوادارم قەبووڵ بکریٚ!**

**دڵسۆزتان بارام.**

هەمایۆن قەیریٚ بە ماتی و مەنگی روانییە ژوورەکە. نووکە خاترجەم بوو کە هوما منداڵی خۆیەتی. ئایا دەیتوانی بیٚ ئەوەی هوما بدینیٚ بڕوا؟ کاغەزەکەی دووبارەو سیٚ بارە خوێندەوەو. لە بەرکی ناو لە ماڵ وەدەرکەوت. لە رێگا بیٚ دوو دڵی خۆی بە موغازەی ئەسباب وازی فرۆشەکەدا کرد. بووکۆکە گەورە دەموچاو سوورە چاو شینەکەی کڕی و بەرەو ماڵی خەزووری کەوتە ریٚ. کە گەییە وێندەر لە دەرکەی دا: کە مەشهەدی عەلی نۆکەریان هەمایۆنی بینی بە چاوی گریاناوییەوە گوتی:

قوربان، چ قوڕێکم بەسەرا کرا؟ هوما خانم!

چی لێهاتووە

قوربان تۆ نازانی هوما خانم لە دووی تۆ چەند بیٚ قەراری دەکرد. هەموو رۆژیٚ بەخۆم دەمبرد بۆ قوتابخانە. رۆژی یەك شەممە بوو. یانی ئەوە پێنج رۆژە کە عەسرەکەی لە قوتابخانە هەڵات، گوتبوی دەچم بۆ کن بابەگیان. ئێمە زۆر شپرزەبووین. چما محمد پێی نەگوتییت؟ تەلەفۆنمان کرد بۆ مەرکەز، من دوو

جاران هاتم بۆ ماڵتان.

ئەوە چ دەڵێی؟ چی بووە؟

هیچ قوربان، درەنگە شەوانێ بوو کە بۆیان هاوردینەوە، ڕێی وێڵ کردبوو. لەسەرما نەخۆش کەوت. تا گیانی سپارد هەر تۆی گاز دەکرد. دوێنێ بردمان بۆ شا عبدالعظیم لە پاڵ قەبرەکەی بارام میرزاوە ناشتمان.

هەمایۆن بە سەرسامی و حەپەساوی دەیڕوانییە مەشهەدی عەلی، لەم دەمەدا بووکۆکەکەی لێ بەربووەوە. پاشان وەکو دینان یەخەی پاڵتۆکەی هەڵدایەوەو بە پەلە بەرەو گەراج ڕۆیی.

چونکە لە بەستنی جانتاکانی ببۆوە دەیتوانی بە ترومبێلی عەسر تا زووترە لەوێ بڕوا.



**بزورگی عەلەوی**

1996-1903

# کورته مێژوویەکی ژوورەکەم

## بزورگی عەلەوی

باش بوو، ئاقیبەت خۆم لەو گەڕەکە پیسە رزگار کرد، ئیدی ناچار نیم هەموو شەویٚ هەر باینجان بخۆم، لە دەستی دادەکان، باجی و فاتمە سوڵتان رزگار بووم، ئیدی کەس ناوێریٚ بەیانیان، لەو دەمەدا کە من نووستووم، بە خشەخش پشت دەرگاکەم گسك بدات و تەپ و تۆزی دنیا بە ژوورەکەم دا بکات. زەوقم بیگریٚ گرامافۆنەکەم کۆك دەکەم و بە دڵی خۆم گویٚ لە





مۆسیقا دەگرم. ئیدی ئەوە بەسەرچوو تا ساڵیٚ بەسەر مەرگی میمکە خریٚ دا تێنەپەڕیٚ، مۆسیقا لە ژوورەکەی من لێنەدریٚ. ئەگەر قیامەتیش رابیٚ دەتوانم گویٚ لە مۆسیقا بگرم.

ئیدی ئەوە بەسەر چوو هەر کاتیٚ شیو دانرا، ئەز پابەندی ئەم فەرموودەیە بم: (کاکە تەشریف بێننە بەرەوە). لە سەرووی شار، لە ماڵە ئەرمەنییەکدا دوو ژوورم بە کریٚ گرتووە، کتێبەکانم بە دڵی خۆم داناون، مێزێك و چەند کورسییەکم هەن، پەردەی ژوورەکەم موقەلەمە، قاڵی جوانم لەژێردا نییە. ئەم گلیمەم پیٚ خۆشترە، گلیمەکەم نوێیە، قالی و مافورەکانی ماڵی خۆمان هی دوو سەد ساڵێك لەمەوبەرە. ئەم گلیمەم بە دڵی خۆم کڕیوە، دڵنیام چ کەسێکی نەخۆشی لەسەر نەمردووە.

ژوورێکم هی کار کردنەو ئەوی دیش هی نووستنمە. هەموو هاوەڵەکانم بەغیلیم پیٚ دەبەن. ئەمڕۆ یەکێکیان لێرە بوو، دڵی بە ژوورەکەم دا چوو، گوتی:

–دەزانی لە دەستی پوورە پیرەکەم و دایکم بیٚ تاقەت بووم، ئەم ماڵە ژووری چۆڵیان نییە؟

گوتم:

– با، ئەو ژوورەی تەنیشت من چۆڵە، بەڵام نازانم داخۆ بەکرێیٚ دەدەن یان نا؟

تا ئێستا نەم دیوە دەرکەی ئەم ژوورە بکرێتەوە. ئەمڕۆ لە خاوەن ماڵەکە، لە خاهاکوپیان دەپرسم و شەویٚ کە یەکدی دەبینین جوابت لیٚ دەگێڕمەوە.

– خاها کوپیان، هاوڕێیەکم هەیە حەزی لەم گەڕەکەیە، دەتوانی ژوورێکی بەکرێ بدەیتێ؟

– نە، ژوورم نییە.

– چۆن؟ ئەدی ئەم ژوورەی تەنیشت من خاڵی نییە؟!

– با، بەڵام بەکرێی نادەم.

– زۆرم لا سەیرە! خۆ کە ئارداشسی کوڕیشت دێتەوە نایبینم بچێتە ئەم ژوورەوە.

– نەهەقت نییە، ئەم ژوورە هی ئارشاویری کوڕە گەورەم بوو، لەوساوە کە ئەو مردووە، ئیدی بە کرێم نەداوە" دڵم نایەت، ژوورێکی چاکیشە، حەزەکەی بیدینی؟!

خاهاکوپیان هەستا، دوای کەوتم، خاهاکوپیان نزیکەی چل و پێنج ساڵێك دەبوو، بە سیمای دا دیارە کە وەختی خۆی جوان بووە، بەڵام ئێستا تەواو تێك چووە، لە دایك بووی ئێرانە، سەردەمی جاحێڵی لە رووسیا گوزەراندووە. رووسییەکی چاك دەزانێت، لەمن باشتری دەزانێت، بیست و پێنج ساڵە، واتا لە وەتەی شوی کردووە لە ئێران دەژی، فارسییەکی چاکیش دەزانێت، بەڵام شێوەی قسەکردنەکەی مۆرکی زگماکی زمانی خۆی پێوە دیارە. بە روسی قسان لەگەڵ من دا دەکات، خاهاکوپیان، ژنێکی زرینگ و وریایە، هەژدە ساڵە، واتا لەوەتەی مێردەکەی مردووە، هەر خۆی سەرپەرشتی ژیان و گوزەرانی هەردوو کوڕەکەی ئاشاویرو ئارداشسی کردووە. خستوونییە بەر خوێندن و زمانی روسی فێرکردوون. بە





قسەکانیان دیارە کە ئاشاویری کوڕە گەورەی، ئێستا مردووە– لا خۆشەویست تر بووە. بەقسەکانی خاهاکوپیان چوو بووەوە سەربابی، لەگەڵ بابی داسێوێك بوون و کرابوون بەدوو لەتەوە، وێنەکەیم لە ژوورەکەدا بینی، دەم و چاوی گۆشتن بوو، پێ دەچێت کوڕێکی زەوقلی و هەوەسباز بووبێت، لە رووی رووخسارو شێوەو لەش و لارو تەنانەت رەوشتیشەوە وەکو بابی وا بووە.

خاهاکوپیان، کلیلەکەی هێنا دەرکی ژوورەکەی وەکرد. وە ژوورەکەت ئەزیش بەدوی دا وەژوور کەتم. گەلێ کاغەزو کتێبی بەرگ تێنەگیراو لەسەر مێزێکی کەنار پەنجەرەکە هەڵچنرا بوو، کەرەستەی جزوبەندو بەرگ تێگرتن لەو ناوە پەرت و بڵاوبوو. گەردو تۆزی لێ نیشتبوو. قەنەفەیەك لەم لاوە بوو کە قاڵیچەیەکی بەسەردا راخرابوو، سۆپایەکی بچووکیش بەرانبەر بە مێزەکە دانرا بوو، هەر چەند دیوارەکان تۆزاوی بوون، بەڵام ژوورەکە خۆش و دڵگیر بوو، جگە لەو شتانە چ شتێکی دی لە ژووریّ نەبوون کە مایەی سەرنج بن. خاهاکوپیان هێشتا هەر لە نزیکی دەرگاکە وێستابوو، هاتە پێشتریّ، قامکی بۆ دیوارەکە راکێشاو گوتی:

– بڕوانە ئەو پەڵانە، ئەوە جێ پەنجەی خوێنینی کوڕەکەمە، هێشتا دڵم نایەت پاکیان بکەمەوە، هەمو ساڵێك لە رۆژی لە دایك بوونی دا چەپکێ گوڵ لەسەر مێزەکەی و لە تەنیشت وێنەکەیەوە دادەنێم، ئیدی بۆ خۆی لێرەدا وشك دەبێتەوەو

کەس دەستی لێ نادات.

دەستەسڕەکەی لە بەرکی دەرهێناو دەستی بەگریان کرد، هێندە بەکوڵ دەگریا، منیش دڵم هاتە کوڵ و جۆش یەکسەر هەستم کرد هۆی زوو پیربوونی ئەم ژنە پەیوەستە بەم مەسەلەیەوە، باسکیم گرت، هێنامە ژوورەکەی خۆم و کەوتمە دڵدانەوەی:

– خانم، پیاو راست بڕوا، من نەمزانیوە کە تۆ ئەم هەموو خەم و خەفەتەت بەسەر هاتووە، ئارداشس، چەند جارەك هاتۆتە لام، بەڵام باسی ئەوەی بۆ نەکردووم، چما کوڕەکەت خۆ کوژی کردووە؟!

خاهاکوپیان، لە تەنیشت سۆپاکەوەو لەسەر کورسییەکەی من ڕۆنیشت و گوتی:

– نەو، خۆ کوژی نەکردووە، من ژنم و هەرچۆنێ بێ بە گریان سوکناییەك بە دڵی خۆم دەدەم، بەڵام ئارداشس، مەگەر هەر خوا بزانێت چ خەم و کەسەرێکی لە دڵ دایە، ویژدانی ئاسوودە نییە، تا ئێستاش وا هەست دەکات مردنی ئاشاویر لە کەم تەرخەمی ئەو بووە.

کە چۆنیەتی مردنی ئاشاویرم لە خاهاکوپیان پرسی، بەم جۆرەی بۆ گێڕامەوە:

– هەر چییەك بوو لەم ژوورەی تۆدا روویدا، ئەم ژوورەی تۆ بەسەرهاتێکی هەیە، نزیکەی چوار ساڵیك لەمەوبەر ژن و مێردێك هاتن و ئەم دوو ژوورەیان لێ بەکرێ گرتم، پیاوەکە ئەڵمانی و ژنەکە روسی بوو. تۆ لە پەهلەوی دا ژیاوی؟ وەختی





خۆی جێی ئەم سەیرانگەیەی ئێستا هوتێل بوو، هی کابرایەکی رووس بوو، ئەم ژنە کیژی ئەو خاوەن هوتێلە بوو، نازانم چۆنیان بە خانووەکەی من زانی بوو.... چونکە خۆیان رووسییان دەزانی، حەزیان دەکرد ببنە کرێچی ماڵێکی روسی زان.

رۆژێك ئاوا دەمەو عەسرانێك بوو، ئێمە لە ماڵەوە دانیشتبووین، خات شوڵتس هاتە ژوورەوە، ژنێکی گەنج بوو، باڵا بەرز، چاوڕەش و قژ زەرد بوو، زۆر قۆز نەبوو، بەڵام ئێسکی سووك بوو، دەچووە دڵەوە، هەمیشە لەسەر کەیف و بە دەماخ بوو، پێی گوتم کە مێردەکەم لە پەهلەوی ئەندازیار بووە، ماوەیەکی زۆر لەوێ کاری کرد، پێش چەند رۆژێك لەسەر تەلارێکەوە شێلمانێك لەبن پێی دەترازێ و بەردەبێتەوە، لەوساوە ئاوی چاوی داهاتووەو چاوی نابینێت. جا ئێستا هێناومە تا لە تاران چارەی بکەین، ئەو بەو جۆرە باسی کوێربوونی مێردەکەی بۆ گێڕامەوە، بەڵام پاشان شتی ترم لە خەڵکی دەربارەی بیست، بەهەر حاڵ بە تەواوی بۆم ساغ نەبووەوەو، منیش گوتم مردو لەوەی پاکتر ناشۆردرێ، ژن و مێردێ لەم ژوورەدا بن بۆ منیش باشترە" ئاوەدانییە، چوزانم ئەم ژن و مێردە دەبنە بەڵای گیانی من، وەختێ خات شوڵتس ویستی بڕوا دنیا تاری بووبوو، ئاشاویر لە ژوورەکەی خۆی دا خەریکی کارکردن بوو، بانگم کردو گوتم: خانم بەرێ بکە، ڕۆڵە، نەوەك لە قاڵدرمەکان بەربێتەوە.

ئاشاویر هاتەوە، هێشتا دوو پلە سەرکەوتبوو، گوتی: دایکە ئەم ژنە کێ بوو؟ گوتم: ئەم ژنە ئەڵمانییە، ناوی خات شولتس–ە ئەم دوو ژوورەم بە کرێ داوەتێ، هەر خۆی و مێردەکەیەتی.

بۆ رۆژی دوایی مسیۆشۆڵتس و خانمەکەی وەژوور کەوتن. ئەم دوو ژوورەم پێ نیشان دان، خۆیان هیچیان پێ نەبوو، کەلوپەل و پێویستی نێوماڵم دانێ، ژوورەکەم رازاندبووەوە، لە ئێستا چاکتر بوو، مسیۆ شۆڵتس کوێر بوو، بەڵام کوێرێکی تایبەتی بوو، بردبوویانە لای زۆربەی دکتۆرە ناودارەکان، هەموویان هەر یەك قسەیان کردبوو، گوایە چ عەیبێك لە چاویا نابینن، هەرچییە بێت دەمارە... مەگەر دکتۆری پسپۆری شارە گەورەکانی وەك: پاریس، بەرلین، ڤیەننا دەرەقەتی بێن...

کە خات هاکوپیان گوتی دکتۆران وایان بە چاك زانیوە مسیۆشۆلتس ببرێتە لای دکتۆری شارەزای شارانی وەك پاریس، بەرلین و ڤیەننا، بۆم بەدیار کەوت کە کوێر بوونەکەی هۆی تایبەتی هەبووە، نەك ئەوەی خات هاکوپیان گێڕایەوە، ویستم قسەی خەڵکانی دی لەم بارەیەوە لێ بپرسم: بەڵام خات هاکوپیان قسەی دەکردو نیگەران بوو.

رۆژ بەڕۆژ چاوی ئەم کابرایە خراتر دەبوو، لەو دواییەدا هەر هیچی نەدەبینی، هەمیشە دەیگوت و دەیگوتەوە: ئەگەر لە ئەڵمانیا بوایەم بەم دەردە موبتەلا نەدەبووم، بەڵام دکتۆرەکان ئەوەشیان گوتبوو کە رەنگە رۆژێ لە پڕو هەر لە خۆیەوە چاك ببێتەوە، پاش ماوەیەکی زۆر پارەیان تەواو بوو، باڵیۆزخانەی





ئەڵمان یارمەتی دەدان. بەڵام بەمە نەدەژیان، ژنەکە دەست رەنگین بوو، چنین و رستن و نیگاری دەزانی. بەهۆی کابرایەکی دەسەڵات دارەوە کە لە پەهلەوی یەکیان ناسی بوو، چووبووە ماڵە دەوڵەمەندان و کیژەکانیانی فێری چنین و دوورمان و قاڵی چنین دەکرد. ئیدی بەمە ژیانیان دەقەتاند.

مێردەکەی زۆربەی کات هەر بەتەنێ بوو، دایمە لەبەر پەنجەرەکەیان گەر هەتاو با لەبەر هەیوانەکە رۆدەنیشت لە فکران رادەچوو. مەگەر هەر خوا بزانێت بیری لە چ دەکردەوە؟ تا ئەو رۆژەی کارەساتەکە قەوما زۆرم دڵ پێی دەسووتا، بەقەد کوڕەکەم خۆشم دەویست.

ئاخر زۆر زەحمەتە مرۆڤ چاوی هەبێت و لە پڕ کوێر بێت و دنیای رووناکی لێ ببێت بە تاریکە شەو، ئەو داماوە لە بەیانییەوە تا ئێوارێ لەم شوێنەدا ڕۆدەنیشت و لە فکران رادەچوو، زۆر بەهۆش بوو، هەندێ جار گەر یەکێك هاتبا ژورەوە قسەی لەگەڵ دەکرد، کە ئاراداشس پاش نیوەڕوان لە مەکتەب دەهاتەوە دەچووە کنی و کتێبی بۆ دەخوێندەوە.

زۆری حەز لە نووسینەکانی دۆستوفسکی بوو، ئەو کتێبە ئەڵمانیانەی کە کرابوون بە روسی دەیکڕین و ئارداشس و جارجاریش ژنەکەی بۆیان دەخوێندەوە، زۆری ژنەکەی خۆش دەویست، ژن و مێردێکی تەباو دڵسۆز بوون، زۆر چاکم لەبیرە وەختێ قژە زەردەکەی مسیۆشۆڵتس هەندێ جار لەسەر نان خواردن بەسەر هەنیەی دا بەردەبووەوە، بەخۆی نەیدەبینی،

ژنەکەی هێندە بە دڵ و گیان قژەکەی بۆ لا دەبرد هەر مەپرسە! مسیۆشوڵتس دەستی ژنەکەی ماچ دەکرد، خاشولتس هێندە بە نەوازشەوە سەیری مێردەکەی دەکرد، لەوەبوو مێردەکەی بەو نابیناییە هەستی پێ بکات.

مسیۆشوڵتس، لە رادەبەدەر ژنەکەی خۆش دەویست. قەت رازی نەدەبوو وەکو کوێر بە دیار ئەوەوە دانیشێت. زۆر جار زۆری لە ژنەکەی دەکرد کە بەخۆڕایی لە ماڵەوە دامەنیشە، بچۆ بۆ سینەما، بچۆ بۆ سەماخانەو سەما بکە، بڕۆ بە تەنیا لێرە دامەنیشە.

وێڕای ئەمەش زۆری غیرەت لێ دەکرد، ئەگەر ڕۆژێ ماتەڵ بوایەو لە سەعات هەشت درەنگتری پێ بچوایە، ئۆقرەی لێ هەڵدەگیرا، بە کوێرە کوێر خۆی دەگەیاندە بەر هەیوانەکە، لەسەر قاڵدرمەکان دەوێستاو چاوە نابیناکانی دەبڕییە، تاریکییەکە، لەجێی خۆیەوە تەکانی دەدا، هەر کەسێك بەلای دا رەتبایە لێی دەپرسی: ژنەکەمت نەدیوە؟ جارێکی دی بە کوێرە کوێر خۆی دەگەیاندەوە ژوورێ، ئیدی حەجمانی لێ دەبڕا، تا ژنەکەی دەهاتەوە نەدەهێوری، خات شوڵتس هەندێ جار لەگەڵ ئاشاویر یان ئارداشسی کوڕم دا بۆ سینەما دەچوو.

خات شوڵتس نەیدەویست بە تەنێ بۆ سەماخانە بچێت، دەیگوت: مادامێکی تۆم لەگەڵ نیت، ناچم بۆ سەماخانە، حەزیش ناکەم لەگەڵ کەسی دیدا بچم.

سەری ساڵی 1931 بوو، ئێمە هەموو خڕ بووبووینەوەو بەپێی





دەستووری باوی ئەڵمانی جەژنمان سازدابوو، درەختی جەژنمان رازانبووەوە. هەر لەم شوێنەدا کە ئێستا مێزەکەی تۆی لێ دانراوە، لەسەر مێزێکی چکۆڵە دامان نابوو، کتێبێکی ئەڵمانیم پێشکەش بە مسیۆشوڵتس کردبوو، کتێبەکە کرابوو بە روسی، هەموو جەژنانەمان بۆ یەکدی کڕی بوو، دیاری هەر کەسەو لەسەر مێزێك دانرابوو، گۆرانیمان گوت، شەرابمان خواردەوە، لە ئاخرو ئۆخری شەودا هەموو خەوتین.

دەمەو بەیانی بوو، دنیا هێشتا تاریك بوو، سەرم هەڵبڕی لە ژوورەکەی مسیۆ شوڵتسەوە دەنگە دەنگ دەهات: کاچا، کاچا، کاچا، ناوی ژنەکەی بوو، بە ترسەوە خۆم گەیاندە ڕاڕەوەکە، سەیرم کرد کوڕەکانم و، خات شوڵتس لە ڕاڕەوەکەدان. هەر کە من دەرگای ژوورەکەمم کردەوە، سەیرم کرد خات شوڵتس دەچووە ژووری مێردەکەیەوە، وام هات بە خەیاڵ دا کە مسیۆشوڵتس حاڵی لێهاتووە. دوا بەدوای خات شوڵتس چوومە ژوورەوە، کە مسیۆشوڵتس گوێی لە دەنگی من بوو، گوتی: خانم من ئێستا چاوم هەیە، ئەستێرەکانی ئاسمانم بینی.

پاشان لە ژنەکەی پرسی: ئەوە تۆ لە کوێ بوویت؟

من چاوەڕێی وەڵامی خات شوڵتسم نەکرد، لە ژوورەکە هاتمە دەرێ، سەیرم کرد هەردوو کوڕەکەم بە جلی خەوەوە، لە تەنیشت یەکەوە وێستاون، هەردووکیان رەنگیان زەرد هەڵگەڕابوو، ئارداشس بە براکەی دەگوت: باشە چ ئیشێکی لە

ژوورەکەی تۆ هەبوو؟

خاهاکوپیان هەناسەیەکی هەڵکێشاو و گوتی: هەر بەڵایەك بەسەر مرۆڤ دا دێت لە سۆنگەی ژنانی خراپەوەیە.

من تەنیا ئەوەندەم گوت: سەیرە!

مسیۆ شوڵتس بۆ سبەی کوێر بووەوە، بردیانە لای دکتۆری باڵیۆزخانەی ئەڵمانیا، گوتبووی: بەڵیٚ ئێمە گوتبوومان چاوی چ عەیبێکی نییە، تەنیا دەمارەو هیچی تر، لەوەیە رۆژیٚ هەر لە خۆیەوە چاك ببێتەوە، لە ئەڵمانیادا بە ئاسانی چارەی دەکەن.

ئەو رۆژە، کاتی فراڤین، لەسەر نان خواردن بووین، شتێکی سەیر لە ماڵی ئێمەدا رووی دا، ئارداشس، نیگەران بوو، قسەی لەگەڵ کەس نەدەکرد، ئاشاویر نەهات بەلای نان خواردنەوە، بیانووی ئەوەبوو کە چەند کتێبێکیان بۆ هێناوم، دەبێت تا عەسر جزوبەندیان بکەم و بیاندەمەوە بە خاوەنیان، مسیۆ شوڵتس حاڵی خراپ بوو.

نەیدەویست نان بخوات، خات شوڵتس وەکو جاران بە دڵسۆزیەوە قژی لەسەر هەنیەی لانەدەبرد، خاولییەکەی دایە دەستی خۆی تا خۆی دەم و پلی بسرِیٚ، جاران خات شوڵتس ئەم کارەی دەکرد، تەنیا منی بێچارە بیٚ گوناح بووم، ئیدی دایك وایە، وا هەست دەکەین دایك لە هەموو کەس نزیکترین لە منداڵەکانمانەوە، کەچی وانییە، دایك لە هەموو کەس بە منداڵەکەی نامۆترە، منداڵ هەزاران شت بە هاورِێکانیان دەڵێن و تاقە شتیٚ لەو هەزاران شتە بە دایکیان ناڵێن، نە ئاشاویرو نە





ئارداشس شتاقیان هیچیان بە من نەگوت، ئەو رۆژە، پاش نیوەرِۆ زۆرم لەگەڵ ئارداشس دا هەوڵ دا کە کتێب بۆ مسیۆ شوڵتس بخوێنێتەوە، کەچی دەیگوت: بۆ ژنەکەی شەوێك بە دیارییەوە نامێنێت و سەرگەرمی ناکات؟ نە هەقیشی نەبوو، نزیکەی ساڵیٚ بوو خات شوڵتس مێردەکەی تەواو پشت گویٚ خستبوو.

راستە دەی ژیاند، بەڵام.. ئەو مێردە بەستەزمانەی جاری وا هەبوو سیٚ رۆژی تەواو لەبەر تەمەڵی لەجیٚ دا دەمایەوەو بە دەگمەن لە ژوور وەدەر دەکەوت.

ژنەکەش نە شەونخونی بەدیارییەوە دەکردو نەدەستی دەگرت تا دەرو ژووری پیٚ بکات. کەچی زۆر جار بەدوو سەعات و سیٚ سەعات لە ژوورەکەی ئاشاویری کورِم دادەنیشت و قسەی لەگەڵ دەکردو تەماشای کارەکانی دەکرد، جارێك ئاشاویر نەخۆش کەوت، چەند رۆژێك لەجیٚ دا کەوت، تای دەهاتیٚ...

خات شوڵتس بە بست لێی دوور نەدەکەوتەوە، هەمیشە بەدیارییەوە بوو، چێشتەکەی بە دەمییەوە دەکرد، ئەم دیوو ئەو دیوی دەکرد، جارێکیان لەگەڵ من دا بەشەرِ هات کە تۆ بەتەنگ کورِەکەتەوە نایەیت، زۆرم لەبەر گران بوو، پێم گوت: ببوورە، هەرگیز تۆ لە دایك دڵسۆزتر نابیت.

لەگەڵ ئەمەشدا قەت زاتم نەدەکرد گومانی خراپە لەم ژنە بکەم، دەنا نەمدەهێشت تاقە رۆژێکی دی لەم ماڵەدا بمێنێت.

لەو شەوە بەدواوە ئیدی ئارداشس نەچوو بە ماڵی

مسیۆشوڵتس دا، لەگەڵ ئەمەش دا چ ناخۆشی و دڕدۆنگییەك نەکەوتە نێوان ژن و مێردەوە، دەزانی بە قسەی ئەڵمانییەکان خۆیان هەوای ماڵەکەمان گۆڕابوو، بۆنی تەقینەوەی لێ دەهات، حالّی هەی؟! گەیشتمە کوێ؟! ئا، چ شتێ لە ئارادا نەبوو، هەموو قسەیان لەگەڵ یەکدی دا دەکرد، کەس لە کەس زیز نەبوو، بە ڕۆژەوە دەچووم ژوورەکەی مسیۆ شوڵتسم کۆ دەکردەوە، بەزۆری ئا لێرەدا دانیشتبوو، چونکە دنیا سارد بوو سوپاکەش لێرەدا بوو– خات هاکوپیان بەدەست ئامାژەیەکی کرد– بە رواڵەت هەموو شتێ ئاسایی و ئارام بوو، بەلاّم هەورە تریشقەیەکی نادیار، ژێراو ژێر هەڕەشەی دەکرد، هەستم دەکرد شتێك روو دەدات، ئەو هەورە تریشقەیە درەنگ یا زوو دەتەقێتەوە.

هەفتەیەك بەسەر ئەو شەوەدا تێبەڕی، رۆژگار تێپەڕین تا شەوی سەری ساڵی 1932هات، ئەگەر بیرت بێت، شەوی سەری ساڵی 1932 زۆر تەزی بوو، ئێمە لەو ژوورەوەی کە بەڕۆژ نانی لێ دەخۆین هاتینە ئێرە، چونکە ئێرە بچووکترو ئەمین تر بوو، بۆ ئەوەی ئەم جووتە برایەو ئەم ژن و مێردە لەم حاڵە دەرباز بکەم و زیانەکە لەمن نەکەوێ، هەستام لە گیرفانی خۆم جەژنێکی کۆکم بۆ سازدان، بۆ شەوێ قازێکم لێ نا، دەزانی ئەڵمانەکان چۆن قاز لێ دەنێن؟! بەبێ رۆن قازە لە مەنجەڵ دەنێن، وازی لێ دێنن تا لە رۆنەکەی خۆی دا سوور دەبێتەوە، هەرچەندە ئەوان ئەم قازە لە ساڵڕۆژی لە دایکبوونی





مەسیح دا دەخۆن، بەلاّم بۆ ئێمە چ فەرقێکی نەدەکرد، گرینگ ئەوەبوو خواردنێکی چاك و پوختە بێتە سەر خوانەکە، شەرابی چاکم ئامادە کردبوو، بیرەی ئەڵمانیم کڕی بوو، ئیدی ئەوەی لە توانادا بوو ئامادەم کردبوو، وەك: پرتەقاڵ، لالەنگی، گوێز، فستق و بادەم، منداڵەکان جلکی رەشیان لەبەربوو، هەروەها مسیۆ شوڵتسش، ژنەکەی دەستێ جلکی سپی جوانی لەبەر کردبوو، بەڕاستی ئەو شەوە زۆر جوان بووبوو، بەکرەی گەرامافۆنم لە خوارزاکەم وەرگرتبوو، ئیدی هەموو شتێکی شادی بەخشم ئامادە کردبوو، هەموو شتێ، بەلاّم دەزانی تاقە شتێك کە بۆ کۆڕی بەزم و شادی دۆستان زۆر پێویستە تەنیا دڵپاکییە.. دڵی دوور لە بوغزو قینە.. ئەمەم بۆ ئامادە نەکرا، هەر چم کردو کۆشا کۆڕەکەمان هەر ساردو سڕبوو، شەرابمان خواردەوە، خات شوڵتس رۆمانێکی روسی خوێندەوە، بە کۆمەڵ گۆرانیمان گوت، قەوانمان لێ دا، مسیۆ شوڵتس کەمێ مەست بوو، هەموو پێکەنین، بەلام هەورە تریشقە نادیارەکە هەڕەشەی لێ دەکردین، ئەو رۆژو شەوە هەستم بەمە دەکرد، بەلاّم لێم عەیان بووایە نەمدەهێشت شتی وا رووبدات، سەعات بوو بە نۆ، تۆ بەخۆت دەزانی و بەحوکمی ئەوەی لە هەندەران ژیاوی دەزانی کە سەعات نۆ بۆ سەری ساڵ هێشتا هەر ئێوارەیە، بەلاّم هەموو ماندوو بوو بوون.

لەپڕ مسیۆ شۆڵتس لە ژنەکەی پرسی:

–کاچا، هیلاك بوون؟

– نه، هیلاك نەبووم، بەڵام چ بکەم؟

– کاچا، هەستە بڕۆ سەما بکە، بڕۆ بۆ.. بڕۆ بۆ..

– ئەوە تۆ عەقڵت لە کوێیە، بەتەنێ بڕۆم لەوێ چ بکەم؟

مسیۆ شوڵتس هەر بەو دەقەوە کە لەسەر کورسییەکە دانیشتبوو، وبێ ئەوەی کەمترین گۆڕان بە سیمایەوە دەربکەوێت، گوتی:

– جاکێ دەڵێت بەتەنێ بڕۆی، من تکا لە کاکە ئاشاویر دەکەم کە لەگەڵت بێت، هەڵبەتە کاکە ئاشاویر، قسەکەم ناشکێنێت.

ئارداشس لە پڕ هەستاو لە ژوورەکە وەدەرکەوت، بەر لەوەی کاچا چ قسەیەك بکات، ئاشاویر گوتی:

– من ئامادەم خانم. . ئەگەر مەیلت لێیە.. ئەوا قسەی مسیۆ شوڵتس ناشکێنم.

بێ ئەوەی چاوەڕێی جوابی مسیۆ شوڵتس یان کاچا بکات، پێکەکەی یەکبین هەڵ دا، هەستاو گوتی:

– من دەچم خۆم دەگۆڕم.

کاچاش هەستا، مێردەکەی ماچ کرد، پاڵتۆ ڕەشەکەی لەبەر کرد، شاڵێکی دا بەسەری خۆی داو ڕۆیی.

من و مسیۆ شوڵتس بەتەنێ لە ژوورەوە ماینەوە، گوتم:

– مسیۆ شوڵتس، حەزت لێیە تاوێ کتێبت بۆ بخوێنمەوە؟

– زۆریش حەز دەکەم، ئەم کتێبەی ئارتوشنتیلرم تازە کڕیوە، چیرۆکێکی تێدایە بەنێوی ژنی دانایەك بە ئەرك نەبێت ئەو چیرۆکەم بۆ بخوێنەوە.





دەستم بە خوێندنەوە کرد، لەنیوەی چیرۆکەکەدا بوو کە ئارداشس هاتەوە ژوورێ و لەسەر کورسییەك دانیشت، نزیکەی سەعات (دە)بوو، بەچاو ئیشارەتم کردێ کە ئەویش تۆزێکی بۆ بخوێنێتەوە، بەڵام ئارەزووی خوێندنەوەی نەبوو، جا پێم وایە جێی خۆیەتی باسی نێوەڕۆکی ئەم چیرۆکەشت بۆ بگێڕمەوە، چونکە پێم وایە بۆ تێگەیشتنی مەبەستەکە پێویستە، مسیۆ شوڵتس لە خۆڕاو کوێرانە ئەم کتێبەی نەکڕی بوو، بە تایبەتی لەو دەمەدا، بۆیە حەزی دەکرد بۆی بخوێنمەوە: پیاوێك پاش حەوت ساڵان دۆستەکەی دەبینێت، ئەمە ژنی پرۆفیسۆرێکی دانابووە، ئەم پیاوەش لە ماڵی ئەو پرۆفیسۆرەدا ژووری بەکرێ گرتووەو شاگردی ئەو بووە، حەوت ساڵ لەوەوبەر ڕۆژێ کە ئەم پیاوە لەگەڵ دۆستەکەی دا، واتا لەگەڵ ژنی پرۆفیسۆرکەدا خەریکی ئەشقبازی بووە، ژنە لەبەر دەمیا راکشاوەو سەری لە باوەشی ئەودا بووە، پرۆفیسۆرەکە لەپڕ دەرکەی ژوورەکە دەکاتەوەو بەو حاڵەوە دەیان بینێت، دەرگاکە دادەخاتەوەو دەگەڕێتەوە، کابرا لە شەرمەزاری دا چونکە ئەوەی لەگەڵ ژنی مامۆستاکەی دا کردووە دەم و دەست جانتاکەی هەڵدەگرێت و ئەو ماڵە بەجێ دێڵێت، ئەوڕۆ پاش حەوت ساڵ دەیەوێ گوێی لە دۆستەکەی بێ تا بزانێت پاش ئەو کەتنە چی ڕووی داوە، بەڵام چ شتێ ڕووی نەدابوو، چونکە ژنی پرۆفیسۆرەکە لەو حاڵەدا ئاگای لەوە نەبوو بوو کە مێردەکەی بەو حاڵەوە دیویەتی، پرۆفیسۆرەکەش بەدرێژایی ئەو حەوت ساڵە کەم و

زۆر بەڕویدانەدابووەوە.

من چیرۆکەکەم خوێندەوە تا گەیشتمە ئەم رستانە: بەڵام ئەو هەرگیز ئەمەی بەژنەکەی نەگوتبوو، ژنەش نەیدەزانی مێردەکەی بەو حاڵەوە دیتبووی، مردەکەشی بە ئەسپایی و بیٚ ئەوەی بهێڵێت پێی بحەسێت گەڕابووەوە.. پاش چەند سەعاتیٚ دێتەوە ماڵ و چ شتیٚ بە ژنەکەی ناڵێت.

کە گەیشتمە ئێرە، مسیۆشوڵتس لە پڕ تووڕە بوو و گوتی:

– نە، ئەمە مەحاڵە، بەسە چیتر مەخوێنەوە.

سەرم سوڕما، گوتم:

– چ شتیٚ مەحاڵە؟!

– چۆن دەشێت، پیاوێك حەوت ساڵی تەواو کەچکرداری ژنەکەی بدینێت و خۆی لیٚ گێل بکات، چیدی مەیخوێنەوە، وازبێنە با دڵم ئاسودە بێت، ئەمەم بە هەل زانی و هەستام، لەکاتی خوێندنەوەی چیرۆکەکەدا گوێم لە دەنگی پیٚ بوو، بە ئارداشسم گوت:

– تۆ لێرە بە، ئەگەر مسیۆ شوڵتس ویستی، پاشماوەی چیرۆکەکەی بۆ تەواو بکە، یا چیرۆکێکی دی بۆ بخوێنەوە، من دەچم کەمیٚ شەراب ئامادە دەکەم.

ئیدی ئارداشس و مسیۆ شوڵتس چییان کردبوو، باش نازانم، بەڵام پاشان بۆم دەرکەوت، دیار بوو کاتیٚ خات شوڵتس و ئاشاویر چووبوونە دەریٚ، ئارداشس تاقیبی کردبوون و دیتبوونی کە بۆ سەماخانە نەچووبوون، دووجار بەرەو ماڵ





هاتبوونەوە.

ئارداشس بەر لەوان دێتە ماڵەوەو لە هەیوانەکەدا خۆی لیٚ گرتبوون. کە هاتبوونەوە ماڵیٚ ئەوجا ئارداشس دڵی ئاسوودە بوو بوو، ئیدی هاتبووەوە سەریٚ و بەتەما بوو بوو ئاشاویرو خات شوڵتس–ش بێنەوە سەریٚ، بەڵام وان چووبوونە ژوورەکەی ئاشاویر.

ئیدی پیٚ دەچوو ئارداشس بە مسیۆ شوڵتسی گوتبێت کە ئەوان لە ژوورەوەن، من لە موبەقەکەدا سەرقاڵی تاوتوکردنی شەراب بووم، ئەڵمانەکان، بەتایبەتی لە شەوی سەری ساڵدا زۆریان حەز لەم شەرابەیە، شەرابی سوور، کەمیٚ شەکرو دارچین و مێخەکی تێکەڵ دەکەن، دەی کوڵێنن و پاشان دەیخۆنەوە، من سەرقاڵ بووم، لەپڕ دەنگی مسیۆشۆڵتس بەرز بووەوە، دەرگاکانی بەیەکا دان و بە پڕ تاو هاتە دەریٚ، هەوەڵجار چووە ژوورەکەی خۆی، بەڵام بیٚ ئەوەی دەست بە دیوارەوە بگرێت، رای دەکرد، من ئاگام لە هیچ نییە، لەپڕ دەنگێکی سامناکم بەر گویٚ کەوت، شوڵتس سیٚ گوللەی لە ژوورەکەی ئاشاویری کورم دا تەقاندبوو، کە بەپەلە وەژوور کەوتم، سەیرم کرد کوڕەکەم و خات شوڵتس لە عاردەکەدا کەوتوون.

چاوی مسیۆ شوڵتس دەیبینی، کە چاوی بەم کەوت، دەستی بە چاوییەوە گرت تا ئەم حاڵە نەبینێت.

شەویٚ کە ویستم بچم بۆ لای هاوڕێکانم، تەمەشایەکی

ژوورەکەم کرد، هەمان دوو چەپکە گوڵە وشکەوە بووەکە لەوێندەر بوون.

هاوڕێکەم هات و پرسی داخۆ ژوورەکەم بۆ بەکریٚ گرتووە یان نا؟ گوتم:

– ژووری بەتاڵی نییە، هەر یەك ژووری هەیە، ئەویش بەکریٚ نادات.

ژێدەر:

کۆمەڵە چیرۆکی چمدان

برایەتی: 1998/5/22 ژمارە (77)





## حەمە کەریم عارف

- کەرکووکییە و لە ساڵی 1951دا لەدایك بووە.
- لە ساڵی 1975 کۆلیژی ئەدەبیاتی بەغدای تەواو کردووە.
- یەکەم بەرهەمی شیعرێکە بەناوی (هەڵبەستێکی هەتیو کەوتوو) کە لە ژمارە (170) رۆژنامەی هاوکاری ساڵی 1973 بڵاوبووەتەوە.1973/6/8
- لە ساڵی 1976ەوە بە بەردەوامی نووسین و بەرهەمی ئەدەبی بڵاو دەکاتەوە.
- سەرنووسەر یان بەڕێوەبەری نووسین یان سکرتێری نووسین یان ئەندامی دەستەی نووسەرانی ئەم گۆڤار و بڵاوکراوانە بووە: گۆڤاری گزنگی نووسەرانی کەرکووك, نووسەری کوردستان, کەلتوور, نووسەری کورد, گوڵانی عەرەبی, ئاڵای ئازادی تا ژمارە 222, گۆڤاری نەوشەفەق.
- جگە لە ناوی خۆی, بە تایبەتی لە گۆڤاری گزنگی نووسەرانی کەرکووك, نووسەری کوردستان, کەلتوور, رۆژنامەی ئاڵای ئازادی تا ژ: 222 بەناوی گۆڤەند, زنار, سیپان, پاکزاد, محەمەدی حاجی, سیروان عەلی, دیدار هەمەوەندی, هێژا, ح. ع هامون زێباری، بازەوان عەبدولکەریم بەرهەمی بڵاو کردۆتەوە.
- جگە لە پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی قوتابیانی کوردستان ئیدی ئەندامی هیچ حیزب و رێکخراوێکی سیاسی نەبووە, لە ساڵی 1974 – 1975دا پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوول بووە, لە هەشتاکاندا بۆ ماوەی نۆ ساڵ, بیٚ وابەستەگی حیزبی, پێشمەرگە بووە و وەکو بەشدارییەکی مەیدانی و ویژدانی لە خەباتی رەوای نەتەوەی کوردا شانازی پێوە دەکات و منەت بەسەر کەسدا ناکات, چونکە باوەڕی وایە کە رۆڵەی میللەتی مەزڵوم مەحکومە بە پێشمەرگایەتی.
- لە هەشتاکانەوە تا ئێستا راستەوخۆ سەرپەرشتی و سەرۆکایەتی لقی کەرکووکی یەکێتیی نووسەرانی کوردی کردووە.
- زۆر بەرهەم و کتێبی چاپ و بڵاو کردۆتەوە, لیٚ زۆربەی هەرە زۆریان, بە تایبەتی ئەوانەی لە چیادا چاپ بوون بە نوسخەی هێندە کەم بڵاو بوونەتەوە, لە نرخی نەبوو دان و هەر ئەوەندەیە کە لە فەوتان رزگار بوون. هەندێك لە وانە:

1- تیرۆژ, کۆ چیرۆك, چاپی یەکەم 1979

2- کۆچی سوور, رۆمان, چاپی یەکەم 1988

3- بەیداخ, چیرۆك, 1988

4- داوەتی کۆچەرییان, کۆ چیرۆك چاپی دووەم 2005

5- لە خۆ بێگانە بوون, کۆمەڵە چیرۆك, چاپی یەکەم (1999) دەزگای گوڵان

6- کوچ سرخ, کۆ چیرۆك, بە فارسی, وەرگێڕان چاپی یەکەم 1987 شاخ

7- نینا, رۆمان, سابت رەحمان, دوو چاپ, شاخ, شار 2002

8- نامۆ, رۆمان, ئەلبیر کامۆ, دوو چاپ, شاخ, شار 2003 دەزگای ئاراس

9- رێبەر, رۆمان, مەهدی حسین, یەك چاپ (شاخ)

10- شکست, رۆمان, ئەلکساندەر فەدایەف, چاپی شاخ (راه کارگر)

11 – هاومالەکان, رۆمان, ئەحمەد مەحمود, دوو چاپ, شاخ, شار 2000 گوڵان

12- بێناسنامەکان, رۆمان, عەزیز نەسین, 3 چاپ شاخ, شار 2003

13- قوربانی, رۆمان, هیرب میدۆ, چاپی یەکەم 2004 دەزگای شەفەق

14- دووره ولات, رۆمان ع. ڤاسموف, چاپی یەکەم2000 دەزگای گوڵان

15- ئازادی یا مەرگ, رۆمان, کازانتزاکیس, چاپی یەکەم 2003 کتێبخانەی سۆران

16- چیرۆکەکانی سەمەدی بیهرەنگی, دوو چاپ, شاخ, شار 2004 کتێبخانەی سۆران هەولێر

17- ئامانجی ئەدەبیات. م. گۆرکی, چاپی شاخ 1985

18- دلێریی خۆراگرتن, ئەشرەڤ دەهڤانی, چاپی شاخ

19- مەسەلەی کورد لە عێراقدا, عزیز شەریف، چاپی یەکەم 2005

20- مێژووی رەگ و رەچەڵەکی کورد, ئیحسان نوری پاشا, یەك چاپ

21- خەباتی چەکداری هەم تاکتیکە هەم ستراتیژ, مەسعودی ئەحمەد زادە, چاپی شاخ

22- کورد گەلی لە خشتەبراوی غەدر لێکراو, د. کوینتەر دیشنەر, چاپی شێیەم 2004 دەزگای ئاراس

23- لە مەهابادی خوێناوییەوە بۆ کەنارێن ئاراس, نەجەف قولی پسییان، چاپی یەکەم 2006

24- گوزارشتی مۆسیقا, د. فۆاد زەکەریا. چاپی یەکەم (یانەی قەڵەم) 2006

25- دەربارەی شیعر و شاعیری, رەزا بەراهەنی.

26- ڤنسنت ڤان گوگ, شانۆنامە, باول ئایز لەر

27- بە دوعا شاعیرەکان, شانۆنامە, جەلیل قەیسی (گزنگ ژ:12)

28- جولەکەکەی ماڵتا, شانۆنامە, مالرۆ.

29- دادپەروەران, شانۆنامە, ئەلبیر کامۆ.

30-بەد حاڵی بوون, شانۆنامە, ئەلبیر کامۆ.





31- چاو بە چاو, شانۆنامە, گەوهەر مراد (غوڵام حسەینی ساعیدی)

32- ریچاردی سێیەم, شانۆنامە, شەکسپیر.

33- گەمەی پاشا و وەزیر, شانۆنامە, عەبدوڵڵائەلبوسێری.

34- کورد لە ئەنسکلۆپیدیای ئیسلام دا, چاپی یەکەم 1998 وەزارەتی رۆشنبیری.

35- هونەر و ژیانی کۆمەڵایەتی, پلیخانۆڤ, چاپی یەکەم 2005 دەزگای موکریانی

36- پێکهاتەی بەدەنی و چارەنووسی ئافرەت, ئیڤلین رييد. چاپی یەکەم 2006

37- لێکدانەوەیەك لە مەڕ نامۆ, لویس ریی.

38- مندالە دارینە, چیرۆکی درێژ بۆ مندالان.

39- فاشیزم چیی؟ کۆمەڵە چیرۆك بۆ مندالان, یەلماز گونای

40- شوانە بچکۆلەکە, چیرۆکێکی درێژی چینی یە بۆ مندالان

41- زارۆکستان (چوار شانۆنامە بۆ منالان)

42- لە گەنجینەی حیکایەتی تورکمانییەوە.

43- کۆمەڵێك ئەفسانەی جیهانی (23 ئەفسانە)

44- زندە خەون, کۆمەڵە چیرۆکی چیخوف, چاپی یەکەم (2001) دەزگای موکریانی

45- ئەفسانەێن گریکی و رۆمانی, چاپی یەکەم (2004) کتێبخانەی سۆران, هەولێر

46- جیٚ پیٚ, کۆمەڵێك چیرۆکی فارسی چیرۆکنووسان:(سادقی هیدایەت, جەلال ئال ئەحمەد, بوزرگی عەلەوی, سادقی چوبەك, مەنسوری یاقوتی) چاپی یەکەم 2006

47- چیرۆکستان, کۆمەڵێك دەق و رەخنە, چاپی یەکەم 2005 نووسەرانی کەرکووك

48- چۆنیەتی فێر بوونی زمانی فارسی, چاپی یەکەم (2000) حەمە کەریم عارف

49- گۆڤەند و زنار (فەرهەنگی فارسی – کوردی) حەمە کەریم عارف 2005

50- پەلکە رەنگینە, حەمە کەریم عارف, چاپی یەکەم (2004) وەزارەتی رۆشنبیری

51- کۆمەڵێك چیرۆکی بێگانە

52- چزیشفسکی, فەیلەسوف و زانای گەورەی میللەتی روس

53- چایکۆ فسکی, ژیان و بەرهەمی.

54- ئیدگار ئالین پۆ, ژیان و بەرهەمی.

55- جاك لەندەن, ژیان و بەرهەمی

56- گوگول, نووسەری ریالیست

57- یەڵماز گونای, ژیان و بەرهەمی

58- سادقی هیدایەت, ژیان و بەرهەمی

59- خافرو غ لە شیعر دەدویٚ, ژیان و بەرهەمی

60- رێبازە هونەرییەکانی جیهان

61- ریالیزم و دژه ریالیزم له ئەدەبیات دا, چاپی یەکەم (2004) دەزگای سپیرێز

62- راگەیاندن لە پەراوێزی دەسەڵاتدا ( بە شەریکی) چاپی یەکەم (2001) دەزگای گوڵان

63- راگەیاندن لە نێوان حەقیقەت بێژی و عەوام خەڵەتێنی دا, حەمە کەریم عارف چاپی یەکەم 2005

64- دیدار و دەق و رەخنە. چاپی یەکەم 2005

65- دیداری چیرۆکڤانی. چاپی یەکەم 2005

66- قوتابخانە ئەدەبییەکان, رەزا سەید حسەینی.

67- ناودارانی ئەدەب, حەمە کەریم عارف

68- مەرگی نەسەر و چەند باسێکی دی, حەمە کەریم عارف. چاپی یەکەم 2005

69- کورد لە سەدەی نۆزدە و بیست دا, کریس کۆچرا, چاپی یەکەم 2003 کتێبخانەی سۆران

* لە راپەڕینەوە تا نهوو چالاکانە بەشداری بزاڤی ئەدەبی و رۆشنبیریی کوردی دەکات و بەرهەمی هەمە جۆر (نووسین و ئامادە کردن و وەرگێڕان) بڵاو دەکاتەوە..

* ئەو بەرهەمانە و زۆری دیکەی ئامادەن بۆ چاپ و چاپکردنەوە و هەر کەس و گروپ و لایەن و دەزگایەك تەماحی بڵاو کردنەوەی هەبن, ئامادەیە بە خۆڕایی پێشکەشیان بکات





# پێڕست


پیاوێك لەقەفەزدا............................ 5

توشای باڵندە غەریبەکە...................... 41

کتێب........................................47

جیٚ پیٚ........................................ 61

لاله......................................... 73

گێژاو........................................86

کورتە مێژوویەکی وورەکەم..................109